
کتێبی گیرفان

119

شاکر نابولسی



# سوڵتان

ڕێبەری ڕامیاری بۆ پاراستنی دەسەڵاتداری

وەرگێڕانی: هەڵکەوت عەبدوڵڵا

# سوڵتان

## ڕێبەری ڕامیاری بۆ پاراستنی دەسەڵاتداری

ناوی کتێب: سوڵتان (ڕێبەری ڕامیاری بۆ پاراستنی دەسەڵاتداری)
وەرگێڕانی: هەڵکەوت عەبدوڵڵا
بابەت: چەند دەقێک
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: خودی وەرگێڕ
دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخ: ١٠٠٠ دینار
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی یەکەم: ساڵی ٢٠١٢
کوردستان _ سلێمانی
www.serdem.net

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەگشتییەکان
ژمارە (١٥١٩) ی ساڵی ٢٠١٢ پێدراوە

**مافی لە چاپدانەوەی**
**بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە**

## سەرچاوە:

شاكر النابلسي، السلطان: دليل السياسة لحفظ الرئاسة، الموءسسة العربية للدراسات والنشر بيروت ٢٠٠٠.

شاكر نابولسی

# سوڵتان

## ڕێبەری ڕامیاری بۆ پاراستنی دەسەڵاتداری

له عەرەبییەوە
هەڵکەوت عەبدوڵڵا

سلێمانی ٢٠١٢

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**
**کتێبی گیرفانی ژمارە (١١٩)**

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
**ئازاد بەرزنجی**

## پێزانین

سوپاسی هاوڕێی ئازیزم (مامۆستا دانا ئەحمەد) دەکەم کە بۆ وەرگێڕانی هەندیک لە ڕستەکانی کتێبەکە هاوکاریی کردم و ماندووبوو لەگەڵمدا.

پێشکەشە بەیادی

زانا و مێژووناس و بیریاری سیاسیی عیراقی

ئەبی حەسەن ماوردی

(٩٧٤ - ١٠٥٨)

خاوەنی کتێبی

«ئامۆژگاریی پاشاکان و یاساکانی وەزارەت و سیاسەتی فەرمانڕەوایی‌و بڕیارە سوڵتانیەکان».

## وەبیرهێنانەوە

هەندێک زانا و بیریاری سیاسی لە ڕابردووی کولتووری عەرەبدا، وەک ئیبن موقەفەع، ئیبن عەبد ڕەبە، ماوردی، مرادی و ئەوانیتر، هەروەها نیقۆلا ماکیافیلی لە کولتووری خۆرئاوادا، لەسەر ئەوە ڕاهاتبوون ئامۆژگارییە ناسکەکان و ڕاوێژکارییە ڕێکوپێک و تێڕوانینە پەسەندکراوەکانیان لەبارەی سیاسەت و فەرمانڕەواییەوە بۆ خەلیفە، پاشا، میر، وەزیر و والیەکان بنووسن، هەتاکو ئەو کاتەی بە پێویستیان زانی بۆ هەنگاونان سوودیان لێ وەربگرن.

ئامانجی زۆربەی ئەوانە نزیکبوونەوەبوو لە سوڵتانەکان، بەمەبەستی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی، خەڵات، دیاری و وڵاخەکان، ئەگەرچی زۆر لەوە دڵنیابوون هیچ سوڵتانێک ئەوە ناخوێنێتەوە کە ئەوان دەینووسن، هیچ میرێکیش سەیری ئەوە ناکات کە ئەوان تۆماریدەکەن.

بەڵام ئێمە لێرەدا و لە «سوڵتان»دا، سوڵتانەکانی

ئەم سەردەمە، کۆششی ڕوانینە مێژوو و هەڵهێنجانی دانــایـی و پـەنـدەکـان و ڕێزکردنــی ئامۆژگـاری و قسەکانیان لەکۆڵ ئێمە کردۆتەوە، وایان لێ کردووین ئەوە نەنووسین کە پێویسـتە پێڕەویبکرێت، بەڵکـو ئەوە بنووسین کە لەواقیعدا پیادەدەکرێت. بۆیە ئەو تێڕوانینانەی دەربارەی سیاسەت و سەرۆکایەتیکردن لە «سوڵتان»دا هاتوون، تەنیا تۆمارکردن و سەلماندنی ئەوەیە کە لەئارادایە و ڕوودەدات و کارییپێدەکرێت و بەدیدەکرێت.

هەروەها ئەوەی لێرەدا کردوومانە، تۆمارکردنی هەندێک لەو ئامۆژگاریانەیە لە ڕاوێژکار و پلاندانەرو دانــا و زانــا نزیکەکانەوە بیستومانە، کە بەنهێنی و شـاراوە بـــە ســولْتانیان وتـــوە و خستنەڕوویەتی بەئاشکرا و لە ڕووناکیدا بۆ ئێوە، بەو هیوایەی پێی ئاشنابن و سودیان لێ وەربگرن.

زانا و نووســـەرەکانی سـیاسـەت و حوکمڕانی لە ڕابردوودا دەیانویست لەو ئامۆژگاری و ڕێنماییانەدا نموونـــەیی بـــن، کــە لــە ئەزموونـــەکانی مێژووی ڕابردووەوە هەڵێناهێنجابـــوون و هەمیشـەش بـــەو پەندە نموونەیی و بەڵگــە خەیاڵیانە دەیانڕازاندنەوە کە هیچ پەیوەندییـــەکیـان بـــە واقیعی دەســـەڵاتەوە نەبوو. ئەمەش دەبـووە مایـــەی بێزاریی سـولْتان و پشتتێکردنیان و ڕقبوونەوە لێیان.

بەڵام ئێمـــە لـــە «ســولْتان»دا، پـــاش ئەوەی بۆمان سەلماوە کە سولْتانەکان مێژوو ناخوێننەوە

بەڵكو دروستیدەكەن، هەوڵمانداوە لە هەموو ئەوانە دووربكەوینەوە. بۆیە لێرەدا ژیری و داناییە ئەوە بنووسین و بسەلمێنین كە ئەوان دەیكەن، هەتاكو بۆخۆیان ئەوە ببینن كە دەینووسین. ئێمە لێرەدا و لە «سوڵتان»دا ئەوەمان كردوەو ئەمە كتێبێك نییە بۆ ئێستا، بەڵكو بۆ خۆی خودی ئێستایە.

كەواتە جگە لە سەرچڵی هیچ شتێك لە «سوڵتان»دا نوێ نییە.. مەبەست سەرچڵییەتی لە وتنی ئەو حەقیقەتەی لەئارادایە و باسكردنی ئەو ڕووداوانەی لەگەڕدان.

لەوانەیە ئەمجۆرە چارەسەرە دوادەرمان بێت.!

**شاكر نابولسی**

ساڵی ٢٠٠٠

(١)

# دەربارەی دەستوور

**گەورەم، ئێوە خودی دەستوورن.**

لە دیستلەوە بۆ ئەسکەندەری یەکەم تزاری ڕووسیا.

□ گەورەم، هەندێک مادده هەن لە دەستووردا -ئەگەر هەبێت- پێویستە بیانپارێزن و سووربن لەسەر ئەوەی لە دەستووری هەمیشەییدا هەبن. دیارترینیان ئەوەیە، کە دەبێت سوڵتان خاوەن مافێکی خواوەندانەی ڕەها بێت و سەری دەوڵەت بێت و لە هەر کار و بەرپرسیارێتییەک پارێزراوبێت.

لەوانەیە مورتەزەلە (١) گاڵتەیان بەم ماددەیەی دەستوور بێت و بڵێن: چۆن سوڵتان سەرۆکی دەوڵەت دەبێت و پارێزراودەبێت لە سەرەنجامی هەر کار و بەرپرسیارێتییەک، لەکاتێکدا لە دەوڵەتە دیموکراتیەکاندا سوڵتان بەرامبەر بە هەر بچووک و گەورەیەک بەرپرسیارە و لەسەریان لێی دەپرسرێتەوە، چونکە هیچ دەسەڵاتێک بەبێ بەرپرسیارێتی بوونی نییە.

لەوانەیە مورتەزەلە وتەکەی پێغەمبەر (د.خ) بهێننەوە یادتان، کە دەڵێت: **«هەریەکێکتان شوانێکەو هەریەکێکتان بەرپرسیارە بەرامبەر بە ڕەعیەتەکەی»**. هەروەها دەشێت دەربارەی بەرپرسیارێتی سوڵتان

قسەکەی عومەری کوڕی خەتاب وەبیر ئێوە بهێننەوە، کە دەڵێت: «**بەخوا ئەگەر بزنەمێیەک لە پێچوپەناکانی عیراقدا ونبوو، ئەوا عومەر لەبەردەمی خوادا لێی بەرپرسیارە**». ئەوانە و چەندین وتەی تر.

بەرپەرچدانەوەی ئێوە بۆ هەموو ئەوانە گەورەم ئەوەیە، ئێمە ئێستا هەلومەرجی مێژوویی خۆمان هەیە، کە لە هی پیاوچاکانی پێشوو ناچێت. چونکە سەرقاڵییەکانی سوڵتان ئێستا لەوەی ڕۆژگاری پیاوچاکانی پێشوو زیاترە و چیتر سوڵتان بایەخ بەو بزنەمێیە نادات کە لە پێچوپەنا و دۆڵەکانی عیراقدا ونبووە. هەروەها گەورەم ئەو دیموکراسییە خۆرئاواییەی ئەوان باسیدەکەن، دیموکراسییەکی هاوردەیە و هیچ پەیوەندییەکی بە ئێمە و کەلەپورەکەمانەوە نییە، ئێمەش دژی هەر بیرۆکەو تیۆرێکی هاوردەین.

 گەورەم پێویستە ماددەیەکی گرنگ لە دەستووردا هەبێت، ئەویش ئەوەیە کە هیچ یاسایەکی بڕیارلێدراو لەلایەن ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان یان ئەنجومەنە پەیوەندیدارەکانەوە، بەبێ فەرمان و واژۆ و ڕەزامەندیی سوڵتان بەکارنابێت. چونکە هیچ یاسایەک بەبێ ویستی ئێوە جێبەجێ نابێت. لێرەوە ئەو ئەنجومەنانە ئەوە بەهێند وەردەگرن و پێش بڕیاردان لەسەر ئەو یاسایانە گەرمی و قوڵیی ئاو تاقیدەکەنەوە، کە دەشێت دەستکاری فەرمانڕەوایی، یان خاوەنەکەی، یاخود میراتگرە چاوەڕوانکراوەکانی بکات، تەنانەت

ئەگەر ئەو یاسایانە لە بەرژەوەندیی نیشتمانیشدا بن. بەوپێیەی سوڵتان لەسەروو نیشتمانەوەیە و دروشمی پایەبەرزی هەمیشە بەرزکراوە بریتییە لە (**خوا، سوڵتان و نیشتمان**)، سەرەنجام هەر یاسایەک دژی بەرژەوەندیی فەرمانڕەوایی و خاوەنەکەی بێت، دژی نیشتمانیشە. لەبەرئەوەی فەرمانڕەوایی نیشتمانە، نیشتمانیش خاوەنی فەرمانڕەواییە و فەرمانڕەوایی و نیشتمان وەک جەستە و ڕۆح وەهان و لێک نابنەوە.

□ گەورەم پێویستە لە دەستووردا ئەوە هاتبێت، هەرگیز نابێت ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، نییەتباشانە یان نییەتخراپانە ماددەیەک هەبێت دەستکاریی پێکهاتەی حوکمڕانی بکات، یان ماف و بەربژێری و دەسەڵاتە دەستورییەکانی حوکمڕانی پێشێل بکات.

□ بێگومان گەورەم ئێوە یەکێکن لەوانەی بڕواتان بەو وتەیەیە کە دەڵێت «**کەسێکی وەک خۆتان دەبێتە گەورەتان**» (٢) و ئێوەی مەعشەری سوڵتانەکان «**بەری ئەو دارەن کە ئێمەین**». بۆیە هەر شتێک دەربارەی گۆڕینی دەستوور و هێنانەئارای دەستورێکی نوێی هاوچەرخ، کە مورتەزەلە داوایدەکەن، دەبێت بەمجۆرە پرسیارە بەرپەرچبدرێتەوە:

گۆڕین بۆچی لەکاتێکدا خۆمان نەگۆڕاوین؟ چۆن گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەیەکدا ڕوودەدات، کە لە گۆڕان وەستاوە، بەڵکو لە ڕووی هوشیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیرییەوە بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە؟

بەڵگەش ئەوەیە، سەرەنجامی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی، کە لە نیوەی دوەمی سەدەی بیستەم و لە بۆنە جۆربەجۆرەکاندا ڕادەگەیەنرێت، لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا یان لەوەوپێش بەو ڕادەیە درۆزنانە نەبووە. هەروەها هێزەکانی مورتەزەلە- لە ڕووی هێز و هوشیارییەوە- لە نیوەی یەکەمی ئەم سەدەیەدا زۆر لە مورتەزەلەی فشۆڵی نیوەی دوەمی سەدەی بیستەم- ئەگەر هەبێت- باشتربووە.

ئەمەش ئەوەیە کە هەندێک دەرکیان پێ کردوە و دانیانپیاناوە. ئەوەتا محەمەد سەید سەعید (جێگری بەڕێوەبەری ناوەندی ئەهرامی میسری بۆ لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکان) لە دوای هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی میسری ساڵی ١٩٩٩دا دەڵێت: **«میسر لە ڕووی سیاسییەوە پاشەکشەدەکات و سیاسەت لە میسر مردوە»**.

□ گەورەم، ئەگەر دەوڵەتەکەت لەو دەوڵەتانە نییە کە قورئانی پیرۆز دەکاتە دەستووری خۆی، بەڵکو دەستوورێک پێڕەویدەکات کە ڕۆژگاری بەسەرچووە و پیربووە و پێویستی بە ڕاستکردنەوەی هەندێک ماددەی هەیە، بەڵام خۆتان ئەوەتان بەدڵ نییە یان ڕازی نین لەسەری، چونکە زیان بەئێوەو بەرژەوەندییەکانتان دەگەیەنێت، ئەوا گەورەم وا لە نووسەر و ڕۆژنامەوانەکانتان بکەن بیرکردنەوە دەربارەی ڕاستکردنەوەی دەستوور بەدووربگرن، چونکە کاتێکی درێژ(٣) بۆ ڕاستکردنەوەی پێویستە، بەتایبەتی ئەگەر مورتەزەلە ویستیان بەشێوەیەک دەستوور ڕاستبکەنەوە

كە تەبابێت لەگەڵ هەزارەی سێیەمدا. لەبەرئەوەی ڕاستکردنەوەی دەستوور پرۆسەیەکی سەختە، وەک چۆن ڕاستکردنەوەی بارودۆخی نەتەوە سەختە. جا ئەگەر ڕاستکردنەوەی بارودۆخی نەتەوە ڕوونەدات، ئەوا ڕاستکردنەوەی دەستووریش ئەنجام نادرێت.

هەروەها ئەم ڕاستکردنەوەیە - ئەگەر ڕووبدات - پێویستی بە لێکۆڵینەوەیە دەربارەی مێژووی وڵاتەکەتان لەلایەن شارەزایانەوە، شان بەشانی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە بارودۆخی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی دەوروبەرتان و جیهانەکەی تری خۆرئاواو خۆرهەڵات و ئاگاداربوون لە ئەزموونەکانی پێشوو و هەڵسەنگاندنی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، ڕووناکبیری، ئابووری و سیاسیی وڵاتەکەتان، هەتاکو ڕاستکردنەوەکە - ئەگەر ڕووبدات - لەبەر ڕۆشنایی ئەو هەموو دەرهاویشتە گرنگەدا بێت. بەوپێیەی ئەگەر ڕاستکردنەوەی دەستوور - کە یەکێکە لە دەقە پیرۆزەکان - بەنوکە قەڵەم و لەماوەی شەو و ڕۆژێکدا ڕووبدات، وەک مورتەزەلە دەیانەوێت و کۆششی بۆ دەکەن، ئەوا ئەوە تەختی حوکمڕانی و سامان و سوپاکان ڕووبەڕووی چەندین مەترسی و کارەسات دەکاتەوە.

 گەورەم ئەگەر هەڵمەتی داواکاریی مورتەزەلە بۆ ڕاستکردنەوەی دەستوور برەویسەند، ئەوا زاناو هاوەڵان بانگهێشت بکەن بۆ خستنەڕووی مادده پیرۆز و باش و هاوچەرخەکانی دەستووری ئێستا، کە ئازادی

دەپارێــزن و ڕێســاکانی دیموکراسی دەچەسپێنن. گەورەم پێویستە ئەوانە بگەنە ئەو سەرەنجامە، کە ئەو دەستوورە پێشکەوتووترین و کراوەترین و سنگفراوانترین دەستووری ئەم جیهانەیە. ئەمەش لە ڕووی جەغتکردنەوەیەوە لەسەر دادپەروەری، یەکسانی، برایەتی، یەکبوون و هاوسۆزیی نێوان دەستوپێوەندەکان و سـەروەریی یاســاوە. هەروەها لە ڕووی زامنکردنی ئازادیی کــردار و هێــز، بیرکردنەوە و تەگبیرکردن، داهێنان و شوێنپێهەڵگرتنەوە. ئەمە سەرباری بەخشینی ئازادیی پێکهێنانی سەندیکا و یەکێتییەکان و سازکردنی کۆنگرە و فێستیڤاڵەکان و هەرشتێک تاک لە ڕەعیەتی دەخوازێت. کەواتە مورتەزەلە دەیانەوێت چ ماددەیەک بگۆڕن و دەستکارییبکەن، لەکاتێکدا بەدڵنیاییەوە دەزانن **نهێنیی سەقامگیری بەردەوامییە و گۆڕین داواکارییەکی شـەڕخـوازە.**

□ گەورەم ئەگەر ئێوە لەو ســوڵتانانە بــوون، کە بــە هەڵبژاردن نەک لەســەر بنچینەی بنەماڵە فەرمانڕەواییتان بەدەستهێناوە، ئەوا باشترە گوێ بۆ ئــەو مورتەزلەیە ڕانەگـرن کــە داوای گۆڕینی بەندێکی دەستوور دەکەن دەڵێت: پێویستە تاقە کاندیدێک بە زۆرینەی ٣/٢ی دەنگی ئەنجومەنی ڕەعیــەت هەڵبژێردرێــت. چونکە گەورەم ئەوانە یەکەم نکۆڵی دەکەن لــە ڕەوایەتیی ئەنجومەنی ڕەعیەت و ڕەوایەتیی نوێنەرایەتیی ڕەعیەتکارانەی ڕاســتگۆیانە. دوەم دەیانــەوێت وڵات و بــاوک و

ئەوەی لەدایکبــووە ڕوەو کارەساتێکی سیاســی و شەڕێکی ناوخۆ بەرن و **ئەو سەقامگیرییە لەناوبەرن کە بەبێ بەردەوامی نایەتەدی**.

 گەورەم دەبێت سوڵتان فەرمانی ئەنجامدانی هەڵبژاردنــەکــانی نوێنەرایەتییــەکــانی ڕەعیــەتــی بەدەســتەوە بێــت -ئەگــەر هەبــن- بــەبێ گوێدانــە پێداویستییە سیاسی، یان ئابووری، یان ئاسایشیەکان یاخود ئەوانیتر و بەبێ ڕەچاوکردنی داواکاریی یان ناڕەزایی مورتەزەلە. گەورەم ئەوە سوڵتانە کە کات و شوێن و سیستەمی گونجاو بۆ ئەو جۆرە هەڵبژاردنانە هەڵدەبژێرێت. ئەوەش بەپێی ئەوەی بۆ نیشتمان و هاوڵاتیی بەباش دەزانێت و بەجۆرێک کە هەمیشە سەلامەتیی فەرمانڕەوایی و پاراستنی داهاتوو مسۆگەربێت.

 گەورەم دانایيە وابکەن ماوەی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان تەنیا چوار ساڵ بێت و پێویستە دەستوور مادەیەکی ڕوون و ئاسوودەبەخشی تێدا بێت، دەربارەی ئەوەی مافی سوڵتانە هەرکاتێک بیەوێت و هەر ڕۆژگارێک بخوازێت ئەنجومەنەکان هەڵبوەشێنێتەوە و هەڵبژاردنی نوێ ئەنجامبدات. ئەمەش ئەگــەر پێکهاتــەی ئەنجومەنەکان یان بڕیارەکانیان بە خواستی ئەو نەبن و ئامانجەکانی ئەو نەهێننەدی. هەروەها هەرکاتێک سوڵتان ویستیو حەزیکرد، بــۆی هەبێــت ماوەی ئەنجومەنەکان درێژبکاتەوە، بەمەرجێک لە ساڵێک کەمترنەبێت و لە دوو ساڵیش زیاترنەبێت.

گەورەم گــوێ بەو قسانەی مورتەزەلە مەدەن کە دەڵێت سوڵتان بۆی نییە ئەنجومەنێک هەڵوەشتێنێتەوە ڕەعیەت هەڵیانبژاردبێ، یان کاتێک دەڵێن ئەوەی ڕەعیەت هێناویەتیانەتەئاراوە هەر ڕەعیەت دەتوانن کۆتایی پێ بهێنن و هەڵیوەشێننەوە، چونکە ئەوە یەکێکە لە پرنسیپەکانی دیموکراسیی خۆرئاوا، کە نامۆیە بە دابونەریت و کەلەپووره پیرۆزەکەمان.

□ گەورەم دانایییە لە دەستووردا ئەوە نەهاتبێت – وەک مورتەزەلە داوایدەکەن– کە پێویستە ئەوەی خۆی بۆ هەڵبژاردنەکان کاندیددەکات لە بوارێکی دیاریکراودا خاوەن بڕوانامەی زانکۆ بێت، هەتاکو دواتر لیژنە تایبەتمەندەکانی ناو ئەنجومەنی هەڵبژێردراو پێکبێن بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی بەرنامە جۆربەجۆرە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسییەکانی حکومەت. چونکــە ئەمجـۆرە مەرجـە لەکۆتاییدا ئەنجومەنێک بەرهەمدێنێ کە سەختە دەستەمۆبکرێت و دەبێتە شمشێرێک بەسەر ملی حکومەتی چاکەوە.

گەورەم هیچ ڕێگرێک نییە لەبەردەمی ئەوەی نەخوێندەوارەکان خۆیان کاندیدبکــەن، لەکاتێکدا ئەوانە سەرۆک عەشیرەت و هۆز و خێزانەکان بن. هەروەها ڕێگریش نییە نیمچە نەخوێندەوارەکان خۆیان کاندیدبکەن، لەکاتێکدا ئەوانە ڕووی سیاسیی نیشتمان و پیاوماقوڵانن. چونکە ئەوانە لە سەرەتا و کۆتاییدا ڕۆڵە دڵسۆزەکانی فەرمانڕەوایی و شکۆدارین و مافی خۆیانە نوێنەری ڕەعیەت و دەستوپێوەند

بن. هەمیشـــەش لـــە بەرژەوەیی فەرمانڕەواییدایـــە ئەنجومەنی ڕەعیەت ئاســـان، نەرم، ناسک و گوێدێر بن و هەمیشە لەکاتی پێویستدا پەیمان نوێبکەنەوە، ئەوەش پێش ڕاگـەیاندنـــی نییـــەتی نوێکردنەوەی لەلایەن سوڵتانەوە.

 گەورەم، ئەگەر لە وڵاتدا تەنیا یەک حیزب هەبوو، ئەویش حیزبی دەسەڵات بوو کە سوڵتان سەرۆک یان سکرتێری گشتییەتی، یان جگە لە حیزبولّا هیچ حیزبێکی تر لەئارادانەبوو - وەک ئەوەی ئێستا لە زۆربەی وڵاتە عەرەبیەکاندا هەیە- ئەوا سەرۆک وەزیران لەلایەن سوڵتانەوە و بەپێی هۆکاری تاکەکەسی و دوور لە زۆرینەی پەرلەمانی یان زانست و ئەزموون هەڵدەبژێردرێت، بەوپێیەی ولا بۆ سوڵتان پێش هەموو ئەوانە دەکەوێت.

ئەگەرچی گەورەم ســـوڵتان ســـەرۆک وەزیـــران دادەمەزرێنێ و وەزیرەکان هەڵدەبژێرێ و دادەنێت، بەڵام دەبێت ســـوڵتان بەرپرسیار نەبێت بەرامبەر بە هەڵەکانی ســـەرۆک وەزیـــران و وەزیـــرەکان. ئەوەش پشتئەستوور بە وتەی خوای مەزن: [**لەو ناپرسرێتەوە چی دەکات، بەڵام ئەو لە کاری ئەوانیتر دەپرسێتەوە**].

جا گەورەم، لەبەرئەوەی سوڵتان سێبەری خوایە لەسەر زەوی و خەلیفەی پێغەمبەرەکەیەتی، بۆیە لەوە ناپرسرێتەوە کە دەیکات، بەڵکو ئەوە وەزیرەکانن کە لێیان دەپرسرێتەوە. ئەمەش

ئەوەیە کە پیاوانی دامەزراوەی ئایینی پایەبەرز جەغتی لەسەر دەکەنەوە، لەسەرووی هەموویانەوە خوالێخۆشبوو شێخ محەمەد متەولی شەعراوی لەو سەردەمەی وەزیری ئەوقاف بوو (ساڵی ١٩٧٦) لە ئەنجومەنی ڕەعیەتی میسردا بە سەرۆک ساداتی وت: **«سوێند بەخوا ئەگەر بمتوانیبایە بڵێم لە کاروبارتان ناپرسرێتەوە، ئەوا پێمدەوتی»**.

□ دانابیە گەورەم لە دەستووردا -ئەگەر هەبێت- ماددەیەک هەبێت دەربارەی دادگاییکردنی وەزیرەکان، لەلایەن ئەنجومەنێکی تایبەتمەندی پایەبەرزەوە، سەبارەت بەو سەرپێچیانەی لە کاتی ڕاییکردنی کارەکانیاندا ڕوودەدەن، هەتاکو جڵەو بۆ گەندەڵی و خراپ بەڕێوەبردن شل نەکرێت. ئەمەش لەپێناو پاراستنی دیموکراسی و لەبەر پەرۆش بۆ دیموکراسی و بۆ جەغتکردنەوە لەسەر پرنسیپە پایەبەرزەکانی دیموکراسی. جا لەبەرئەوەی دادوەرەکان بەویستی سوڵتان دادەنرێن، نەک بە هەڵبژاردن یان ڕاسپاردن لەلایەن ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکانەوە، ئەوا بڕیاری دادوەرەکان گوزارشت لە بڕیار و خواستی ئێوە دەکات، بۆیە نابێت سڵ لە بڕیاری دادوەرەکان بکرێتـــەوە.

□ گەورەم دانابیـــە لـــە دەســـتووردا -ئەگـــەر هەبێت - ماددەیەک هەبێت سەبارەت بە مافی ئەنجومەنەکانی نوێنەرایەتیکردن - ئەگەر هەبن - بۆ تۆمەتبارکردنی وەزیرەکان بە دەنگی ٣/٢

ئەندامەکانیان. ئەگەر تاوانەکەش تا ڕادەی گێژەن یان گەردەلوولی سیاسی و دەست لەکارکێشانەوەی حکومەت مەترسیداربوو، ئەوا سوڵتانی دانا ئەوەیە پاش ماوەیەکی گونجاو و «دیزەبەدەرخۆنەکردنی» تۆمەتەکە و بڵاونەکردنەوەی بۆ هەموان ئەنجومەنی ڕەعیەت هەڵوەشێنێتەوە. چونکە گەورەم ئەنجومەنی ڕەعیەت ناتوانێت حکومەتێک لەکاربخات کە ئێوە داتانناوە و جێی متمانەی ئێوەیە و بەپشتگیریی ئێوە دەچێتەڕێوە و بە شمشێری ئێوە دەست دەوەشێنێت. بۆیە متمانە لەوە بسەننەوە کە متمانە لە حکومەتێک دەسەنێتەوە ئێوە خاوەنین و وای لێ بکەن قفڵ لە دوکانەکەی خۆی بدات و بەدڵشکاوی و لۆمەکراوی بگەڕێتەوە بۆ لای کەسوکارەکەی.

☐ گەورەم، بۆ ئەوەی حوکمڕانی لەپێناو بێدەنگکردنی مورتەزەلەدا خاوەن توێکڵێکی زێڕینی دیموکراسی، پاکوخاوێنیی ڕواڵەتکارانە، بەگژاچوونەوەی گەندەڵی و شەفافییەتی نوێ بێت، ئەوا داناییە لە دەستووردا - ئەگەر هەبێت- هاتبێت ئەو وەزیرەی لەلایەن ئەنجومەنی ڕەعیەتەوە بەخراپەکاری تۆمەتباردەکرێت لەکاردەخرێت و دادگاییی دەکرێت و نابێت دەست لەکارکێشانەوەی ڕێگربێت لەوەی لە دادگای دامەزراو لەلایەن خۆتانەوە و گوێڕایەڵی فرمانەکانتان و چاوەڕوانی لێخۆشبوونتان داوای لەسەر تۆماربکرێت.

☐ گەورەم ژێرییە لە دەستووردا جەغت لەسەر

ئازادی و سەرڕاستیی دادگا بکرێتەوە، بەتایبەتی کە دامودەزگای دادوەری بەشێکە لە خۆت و دادپەروەری و سەرڕاستیی خۆت. هەروەها پێویستە لە دەستووردا ئەوە هاتبێ، هیچ کەسێک جگە لە یاسا کە خۆتانن دەسەڵاتی بەسەر دادوەرەکاندا ناشکێتەوە و دادوەرەکان لەلایەن سوڵتانەوە دادەنرێن و لادەبرێن. بەمجۆرەش فەرمانڕەوا دادوەرەکان مسۆگەر و زامن دەکات و دەسەڵاتی دادوەری دەبێتە پشتێنێک بەکەمەرەیەوە و موستیلەیەک لە پەنجەیدا، کەی ویستی دایاندەماڵێت و کەی ویستی بەکاریاندەهێنێ، وەک دەسەڵاتی یاسادانان کە لە سنوورێکی دیاریکراو و ڕێکخراو بەیاسا دەرفەت دەداتە ڕەعیەت بیهێنێتەئاراوە، بەڵام سوڵتان هەرکاتێک بیەوێ و بەچاکی بزانێت و بیری لێ بکاتەوە و تەگبیربکات بۆی هەبێت لەکارییبخات، سڕییبکات، یان هەڵیوەشێنێتەوە.

## پەراوێزەکان

١- مورتەزەلە ئۆپۆزسیۆن و حیزبەکانیەتی، کە عەبدولناسر ناوینـــاون «کلکەکانی کۆلۆنیالیـــزم» و «بەکرێگیراوانی باڵوێزخانەکان»، ئەنوەر سادات ناویناون چینی «بێکەڵک» یان «ئەفەندییەکان»، ڕژێمە بەعسییە سوڵتانییەکان ناویانناون «بەکرێگیراو» و «خائین» و «تابوری پێنجەم»، هەندێک میریش ناویانناون «مرتزلە»و دواتر خەڵکی میسڕ هەندێک لە شارەکانی وڵاتی شام- کە ذ دەکەن بە ز- لەسەر

کێشی موعتەزیلە بە مورتەزیلە بەکاریانهێناوە. ئێمەش ئەوەمان پەسەند و جێگیر کردوەو بەهەمان ڕێنووس دەینووسین. ئەمەش مانای ئەو چینەیە کە لەلایەن دەسەڵاتەوە سوکایەتی پێ دەکرێت و نەفرەتی لێ دەکرێت، وەک چۆن موعتەزیلەکان چینی ئۆپۆزسیۆن بوو و لەلایەن میرەکانی بەنی ئومەیە و عەباسییەکانەوە نەفرەتیان لێ کرابوو.

٢- هەندێک خەڵکی سادەی نەخوێندەوار لەو بڕوایەدان، کە ئەمە ئایەتێکی قورئانە. لەڕاستیدا ئەمە وانییە، چونکە ئایەتێکی بەمجۆرە لە قورئاندا نییە. هەندێک خەڵکی تر پێیانوایە ئەوە حەدیسێکی سەحیحی پێغەمبەرە، بەڵام ئەگەر ئەوە ڕاستیش بێت، ئەوا یەکێکە لەو حەدیسە دەستکردە سیاسیانەی لە سەردەمی ئەمەوییەکاندا داهێنراون، بەمەبەستی بەهانەهێنانەوە بۆ زەوتکردنی دەسەڵات و بەخشینی ڕەوایەتیی ئایینی و قەدەریانە کە لە خواوە دێت بە دەسەڵات، ئەمەش لە سەروبەندی ململانێ لەگەڵ خەوارجەکاندا لەسەر دەسەڵات.

٣- مورتەزەلە بەرپەرچی ئەمە دەداتەوە و دەڵێت ئەمە بیانویەکە هەمیشە فەرمانڕەواکان بەکاریدێنن بۆ ئەوەی بەندەکانی ئەو دەستوورە ڕاست نەکرێنەوە، کە کودەتا سەربازییەکان دێن و بە پۆستاڵەکانیان پێشێلیان دەکەن. کاتێک فەرمانڕەواکان لە بەرژەوەندییاندا دەبێت دەستوورێکی نوێ دابنێن، ئەوا هەموو هێزە یاسایی و دادوەرییەکان دەخەنەگەڕ بۆ دانانی ئەو دەستوورە بە کورتترین ماوەی گونجاو. عەبدولناسر لە ماوەی تەنیا یەک مانگدا دەستووری کۆماری عەرەبیی یەکگرتووی دانا، چونکە لە ١٩٥٨/٢/١دا یەکگرتنی میسر- سوریا ڕاگەیەنراو لە ١٩٥٨/٣/٥دا دەستوور

دانرا. هاشمییەکانیش دەستووری «یەکێتیی عەرەبی»یان دانا، لەبەرئەوەی یەکێتییەکە لە ١٩٥٨/٢/١٤دا ڕاگەیەنراو لە ١٩٥٨/٣/١٩دا دەستوور دانرا. هەروەها شۆڕشی میسر لەماوەی نێوان ١٩٥٢–١٩٥٨دا چوار دەستووری دانا.

# ( ٢ )
# دەربارەی سیاسەت

**«ئەوە ئەمانەتە، لە ڕۆژی قیامەتیشدا ڕیسوابوون و پەشیمانییە، لای ئەوە نەبێت مافی خۆی داوەتێ و ئەرکەکانی سەرشانی خۆی تیایدا جێبەجێکردوە»**

حەدیسی پێغەمبەرە
لەبارەی فەرمانڕەواییەوە

□ گەورەم، کۆمەڵگە سوڵتانە، سوڵتانیش کۆمەڵگەیە. سوڵتان بەرهەمێکی کۆمەڵایەتییە.. **ئێمە درەختەکەین و ئەویش بەرەکەیە**. وەک باپیرەی مەزنتان مەعاوییەی کوڕی ئەبی سوفیان وتویەتی: «**کەسێکی وەک خۆتان دەبێتە گەورەتان**». گەورەم بەڵگەی ئەوەش لە سەردەمی نوێدا ئەوەیە، کاتێک سوڵتان بەرەو ئەوە دنیا بەڕێدەکرێت، چونکە هەر ئەو کاتە فەرمانڕەوایی جێدەهێڵێت، ئەوەی لە دوای ئەو دێت جیاوازیی لەگەڵیدا نییە، بەڵکو بەرێکی تری هەمان درەختە کە ئێمەین، بە هەمان شێوە و تام و چێژ. لەبەرئەوەی گەورەم، ئەگەر درەختەکە نەگۆڕێت، ئەوا بەرەکە لە هەر وەرزێکدا هەمان شت دەبێت.

□ ژیرییە گەورەم بزانیت، کە حوکمڕانیی ڕەها بەشێکە لە مێژووی دێرین و کەلەپووری ڕەگداکوتاومان و دەستکردێکی نوێ یان سیستەمێکی داهێنراو نییە. بوونی ئێوەش لە لوتکەی دەسەڵاتی ڕەها لەئێستادا، وەک مورتەزەلە دەڵێن، نوێ و سەپێنراو و دەستکرد نییە، بەڵکو بەرهەمی

مێژوویەکی دورودرێژی دەسەڵاتی سیاسیی ڕەهایە، کە چواردە سەدەی خایاندووە و لە ڕۆژگاری باپیرە گەورەتان (مەعاوییەی کوڕی ئەبی سوفیان)ەوە هەتاکو ئێستا بەردەوامبووە. ئەو دەسەڵاتە ڕەهایەش دەستڕۆیشتنی خۆی لە ئاسمانەوە بەدەستهێناوە، واتە لەوەوە کە هیچ شتێک بەبێ ویستی ئەو ڕوونادات.

□ دانابیە گەورەم لە وتارەکانی بۆنە سیاسی و نەتەوەییەکانتدا ئەوە دووپاتبکەنەوە کە ڕەعیەت سەرکردە و ئیلهامبەخش و مامۆستان، هەر ئەوانیش خاوەنی ئیرادەن و دیموکراسیش بەبێ بەڕێوەبردنی دەوڵەت لەلایەن ئەوانەوە نایەتەدی.

بێگومان ڕۆژنامەوان و نووسەر و ڕووناکبیران لەو دەستەواژانە تێدەگەن و سەرلەبەیانیی ڕۆژی دواتر، هەریەکە و لە گۆشەکەی خۆیدا، تێڕوانینی خۆی لەسەر دەردەبڕێ و ستایشی ئەو قسانە دەکات کە دەرتبڕیون و وەک هەمووجارێک دەڵێت، تەنیا ئێوە نەک یەکێکی تر سەرکردە و سەرۆک و مامۆستا و ئیلهامبەخشن.

گەورەم هەمیشە لە دوورەوە هێمابکەن، چونکە ڕۆژنامەوان و نووسەر و ڕووناکبیرەکانتان، کە دەنگی ئێوەن کاتێک قسەناکەن، شمشێری ئێوەن کاتێک ڕاناکێشرێت و هەڵمەت نابات، بەردەوام دەنگی دلێر و شمشێری پارێزەری ئێوەن.

□ گەورەم ئەگەر نیشتمان ڕووبەڕووی کێشەیەک

یاخود کارەساتێکی سیاسی یان سەربازی بۆوەو ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی بوو هەڵوێست بەرامبەری وەربگیرێت و پشتگیریکردنی ڕەعیەت بۆ ئەو کێشەیە زیانبەخش بوو بۆ بەرژەوەندی و ئابووریی نیشتمان و سوڵتان بینیی بەرهەڵستیکردنی ئەو هەڵوێستە و دژایەتیکردنی ئەو شەپۆلە حوکمڕانی دووچاری هەژانی سیاسیی بەهێز دەکات و لەوانەیە ببێتە مایەی ڕووخانی حوکمڕانی، ئەوا ژیری و دووربینییە سوڵتان لایەنگری میللەت بێت، ئەگەر ئەوە لە بەرژەوەندیی فەرمانڕەواییدا بێت و بۆ ڕێگەگرتن بێت لە تەقینەوەی بەنداوەکە.

بێگومان نیشتمان و ئابوورییەکەی ئەنجامی ئەوە زیانیان پێ دەکەوێت، بەڵام ئەوە گرفتێک نییە، چونکە گەردەلولێکە و دەگوزەرێت و فەرمانڕەواییش نامرێت، گەردەلولێکە هەڵدەکات و دادەمرکێتەوە، گرنگ ئەوەیە لە کورسیی حوکمڕانی نزیک نەبێتەوە، یان کەشتییەکانی بەندەرەکان نقوم نەکات.

□ گەورەم ئەگەر ئێوە لە سوڵتانەکانی ڕژێمە کۆمارییەتەکان (کۆماری/پاشایەتی) (١) بوون و کوڕێک یان پشتێکتان پێ باش و شایستە بوو فەرمانڕەوایی بگرێتەدەست، بەڵام لە شەقام ترسان و سڵتان لە زمانی گەزندەی مورتەزەلە کردەوە و ویستان بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکەن بیروڕای ڕەعیەت بزانن، ئەوا وا لە یەکێک لە ڕۆژنامەوان یان نووسەرەکانتان بکەن هەواڵێک یان پڕوپاگەندەیەک سەبارەت بە دانانی

بیبیلەیەکی چاوتان لە پۆستێکی بەرزی پایەبڵنـــددا بڵاوبکەنـــەوە، ئینجـــا هانـــی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بدەن لەکاتی سەرهەڵدانی یەکەمین پرسیار و لە نزیکترین بۆنەدا بەدرۆیبخەنەوەو وا لە خەڵک بکـــەن باسی کەســـایەتی و پێگـــە و شایستەبوونی جێنشین بۆ ئەو پۆستە بکەن و بزانن کاردانەوەی شەقام بەرامبەر بەوە چی دەبێ- ئەگەرچی هیچ شەقامێکی عەرەبی لەم ڕۆژگارەدا حوکمڕانێک ناترسێنێت، چونکـــە شـــەقامە عەرەبییـــەکان لـــە خۆپیشاندەر و یاخییەکان بەتاڵبوونەتەوە- پاش ئەوەش ئەوە بکەن کە پێتان باشە و تەبایە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانتان و پاراستنی دەسەڵاتەکەتاندا.

چونکە ئێوە بنیاتنەری پایەبڵندن، مافی کەسوکار و نەوەکانتانە سوودمەندبن لە بنیاتنان و سەرکەوتنەکانتان. هەروەها لەبەرئەوەی ئێوە چێنەرو درۆێنەکەر و مافی کەسوکار و نەوەکانتانە لەوە بخۆن کە چاندوتانە و دوریوتانەتەوە. ئێوە سەرەتا و ئەوان دوایین، ئێوە یەکەم و ئەوان کۆتایین، ئێوە هەر خۆتانن و کەسێکی تر لەئارادانییە.

□ ژیرییە گەورەم سوڵتان خۆی لە ڕاگەیاندن و ئاخاوتنی سیاسیی زۆری هەر بۆنەیەک بەدووربگرێت، کە مەبەست لێی دەرکەوتن و خۆشەویستیی زیندووبوونەوەیە، چونکە ئەوە فەرمانڕەوایی گەندەڵدەکات. لەبەرئەوەی هەتاکو ئاخاوتن زۆربێت، لۆمەکردن زۆردەبێت و دژایەتی ڕوودەدات، بەڵام

کەمیی ئاخاوتن سوڵتان لە هەڵە و سەرسمدانی زۆر بەدووردەگرێت، بەتایبەتی لە جیهانێکی وەک ئیمڕۆدا کە پرسیارە هەراسانکارەکانی ڕۆژنامەوانی و میدیا زۆربوون و ڕۆژنامەوانەکان بەدوای ئەو پرسیارەدا دەگەڕێن کە بێوەڵامە، هەتاکو بەرپرس بەگیربهێنن و وەک کەسێکی نەزانی گێل بیخەنەڕوو. خراپترین سیاسییەکانی ئەم ڕۆژگارە و ڕابردووش ئەوانەن، کە چەنەبازن و زۆر قسەدەکەن و هیچ ناڵێن.

کەواتە گەورەم باش بزانن، گەورەترین دوژمنی سوڵتانی عەرەب لەم ڕۆژگارەدا، ئەو میدیایەیە کە شاراوە ئاشکرادەکات و شتەکانی ناو ناخەکان دەخوێنێتەوە. سوڵتانی عەرەب لە ڕابردوودا لەم پەتایە بەدووربووەو میدیاکەی ئەو شاعیرانە بوون کە لەبەر دەرگاکەیدا ڕادەوەستان و چاوەڕوانی دیاری و بەخشندەیی و سواربوونی وڵاخەکان بوون. ئیمڕۆش ئەو ڕۆژنامەوان و نووسەرانەی ئێوەن، کە لە هەر بۆنەیەکدا پێشبڕکێیانە بۆ گەیشتنە ئێوە، بەمەبەستی بەدەستهێنانی پۆستێک، یان پلەوپایەیەک، یان گەشتێک بۆ ئەورووپا لەگەڵتاندا یان ئوتومبیلێکی نایاب وەک دیاری، یان ئوتومبیلێکی گرانبەها کە لە باجدان بەخشراوە، یاخود تۆمارکردنی منداڵێک بۆ خوێندن لە زانکۆیەکی جیهانیدا بەخۆڕایی.

کەواتە گەورەم لێگەڕێ با زۆر لەبەر دەرگاکەتدا ڕاوەستن و قسەکانی ئێوە دووبارەبکەنەوەو هیچیان پێ مەڵێن. چونکە مەترسییەکە گەورە لەوانەوە

نایەت، لەبەرئەوەی ئەوانــە ئەڵقەی دەســتن، جگە لەوانەی خراپەکاریدەکەن و نکۆڵیدەکەن و خۆیان بەگەورە دادەنێن. مەترسییەکە لە میدیای خۆرئاواوە دێت کە ئێستا وەک هەوا و ڕووناکی لەناو هەموو ماڵ و گەڕەکێکدایە . دەرمانی ئەم هەوا و ڕووناکییەش تەنیا بێدەنگی و قسەکردنێکی زۆر زۆر کەمە لە کاتی ڕووداوە مەترسیدارەکاندا. بەوپێیەی بێدەنگی لە ئاڵتونە و ئاخاوتن لە تەختەیە .

## پەراوێزەکان

١- ئەمجۆرە ڕژێمە «کۆماریی بۆماوە»یە لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا بۆتە مەسەلەیەکی واقیعی، وەک بیریاری سیاسیی کوەیتی (خەلدون نەقیب) لە ڕۆژنامەی (القبس)ی کوەیتی ڕۆژی ٢٠/١٠/١٩٩٩دا لە ژێر ناونیشانی «سەربازەکان ون نەبوون، بەڵکو سێبەرەکەیان شاراوەتەوە»دا هێمای بۆ کردوە .

(٣)

# دەربارەی دیموکراسی

**خراپترین سوڵتان ئەوەیە**
**کە بێتاوان لێی دەترسێت.**

دانایەک

□ گەورەم مورتەزەلە - ئەگەر هەبن - لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا دەنگ نادەن، بەبیانووی ئەوەی دیموکراسی لەئارادانییە و دەڵێن: چۆن دەتوانین بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکەین، لەکاتێکدا سوڵتان هەمیشە تاقە کاندیدە، ئەمە ئەگەر لە پاشاکانی هەڵبژاردن بوون، نەک لە پاشاکانی پێسپاردن؟ هەروەها دەڵێن، وڵاتێک خاوەنی ئەو خەڵکە زۆرە بێت، ماقوڵ نییە کاندیدێکی تر نەبێت جگە لە ئێوە، شایستەی ئەوە بێت ببێتە سوڵتان.

گەورەم پێویستە وەڵامەکەتان ئەوە بێت کە دەڵێت، سوڵتان لە حوکمڕانیی ئیسلامیدا - کە ئێوە بەشێکن لێی - خەلیفەی خوایە لە سەر زەوی و خەلیفەی پێغەمبەرە نەک خەلیفەی میللەت بەتەنیا. سوڵتان پارێزەری ئایین و پیرۆزییەکانە و خوا هەڵیبژاردوە بۆ ئەوەی دادپەروەرانە داوەریی لەنێوان خەڵکدا بکات. ئەگەر خوا کەسێکی تر نەک گەورەی منی لە گۆڕەپانی سیاسیدا بدۆزیبایەتەوە بۆ ئەوەی حوکمڕانیی پێ بسپێرێت، ئەوا ئەوەی

دەکرد، چونکە ئەو هەمووشتێکی لەدەستدێت.

بەڵام ئەوە ئیرادەی خوایە کە گەورەی منی هەڵبژاردوە، پێش ئەوەی ڕەعیەتەکەی زۆرملێیانە یان خۆویستانە، ناچارانە یان گوێدێرانە هەڵیبژێرن. ئەی ئەوە خوا نییە لە کتێبە بەنرخەکەیدا دەڵێت: [**بڵێ خوایە! ئەی خاوەن هێز و دەسەڵات! هەرکەسێک بۆ خۆت مەیلت لێ بێت دەسەڵاتی پێ دەدەیت، هەرکەسێکیش تۆ حەزدەکەی دەسەڵاتی لێ دەستێنی**](١) و لە ئایەتێکی تریشدا دەڵێت: [**خوا حەزبکات پاشایەتی بە هەرکەسێک بدات دەیدات، زانستی خوا بەربڵاوەو لە هەمووشت ئاگادارە**](٢). بۆیە دەبێت بۆ ئەو نیعمەتە سوپاسی خوا بکەین، چونکە وەک دەفەرموێت:[**دەبێت هەمیشە نیعمەتەکانی خواتان لەیادبێت، چونکە ئەو هەموو پێغەمبەرەی لەناو خۆتاندا بۆ ناردونو چەندین کەسی لەناو خۆتاندا کردۆتە پاشا**](٣)

□ گەورەم هاواری دیموکراسی و دیموکراتخوازەکان لە جیهانی سێهەم و جیهانی عەرەبدا، بەتایبەتی بۆ دیموکراسیی زیاتر، کۆتایی نایەت و دروشمی «**چارەسەری دیموکراسی تەنیا دیموکراسیی زیاترە**» بەرزدەکرێتەوە. لێرەدا هەرگیز دەرفەتی ئەوە نییە بەیەکجارەکی ئەوانە دەمکوتبکرێن کە داوای دیموکراسی و ئازادیی سیاسی دەکەن، بەتایبەتی لەم ڕۆژگارەدا کە ڕێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە گشتییەکان دامەزراون و جیهان بۆتە گوندێکی گەردوونی.

گەورەم ئەوانەی پێش ئێوەش هەوڵیانداوە ئەوانە زیندانی بکەن و ئەشکەنجەبدەن و دووربخەنەوە کە داوای ئازادیی سیاسی دەکەن، بەڵکو ئەوانەش هەبوون کە زۆریان پاش ئەشکەنجەدان بەپەتی سێدارەوە کردوە، کەچی بێسوودبووە. گەورەم مێژووی هاوچەرخی عەرەبیش، لە هەموو شوێن و کاتێکدا، پڕیبووە لەمجۆرە ڕووداوانە. بۆیە گەورەم پێویستە ئێوە لەوانەی پێش خۆتان ژیرتربن و بەرگری لە گشت کارەکانی دەمکوتکردنی ئازادیی پێشوو بکەن- بەتایبەتی ئەگەر درێژەپێدەری ئەو ڕژێمانە بن- و بە نووسەر و ڕۆژنامەوانەکانتان ڕابگەیەنن، کە بەرتەسککردنەوەی دیموکراسی و تەنگپێهەڵچنینی لە ڕابردوودا و گرتنەبەری ڕژێمێکی سیاسیی ڕەها، لەبری ڕژێمێکی پەرلەمانتاریی خاوەن سروشتی دەستاودەستکردنی دەسەڵات، چەندین هۆو هاندەری نیشتمانی و نەتەوەیی پاکانەبۆکراوی خۆی هەبووە و بۆ بەرەنگاربوونەوەی تەحەدداکانی قۆناغی پێشوو گونجاوبوون، چونکە دەستێکی بەهێزی ناوەندی پێویست بوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئیسرائیل و چاوچنۆکییەکانی. ئەگەرچی ئەو دەستە بەهێزەی باسیدەکەن لەگەڵ ئیسرائیلدا بێکەڵک بوو و نەبووە مایەی سەرکەوتن، بەڵکو زۆر کاریگەربوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی مورتەزەلە و دوژمنانی ڕژێم.

بەوجۆرە گەورەم تەحەدداکان کۆتایی نەهاتن و کۆتاییش نایەن. هەتاکو تەحەددا ژیواری و

ناژیوارییەکانیش هەڕەشە لە نەتەوە شکۆدارەکە و میللەتە نەمرەکەمان بکەن، ڕژێمی سیاسیی ڕەهاش بەردەوامدەبێت.

 گەورەم بێگومان ئێوە لەو زاتە ژیرانەن هەمیشە لە هەڵمەت و ئاخاوتنەکانیاندا پێ لەسەر چاکسازیی ئابووری دادەگرن، نەک لەسەر چاکسازیی سیاسی، کە یەکێکە لە نیشانەکانی قوڵکردنەوەی پیادەکردنی دیموکراسی، ئەمەش ئەگەر لای گەورەم ئەو مورتەزەلانە هەبوون کە شەو و ڕۆژ داوای قوڵکردنەوەی پیادەکردنی دیموکراسی دەکەن.

لەم بارەدا ژیرییە گەورەم سەرنجی نووسەرو ڕۆژنامەوانەکانتان ڕابکێشن بۆ پێویستیی دوورکەوتنەوە لە باسکردنی بابەتی چاکسازیی سیاسیی ئاڵۆز و خۆیان بەدووربگرن لە وشەی «**چاکسازیی سیاسی**» و زیاتر «**چاکسازی**» گرێبدەنەوە لەگەڵ ئابووریدا نەک لەگەڵ سیاسەتدا، چونکە بەکارهێنانی وشەی «**چاکسازی**» لە سیاسەتدا مانای ئەوەیە گۆزەکە شکاوە و بارودۆخەکە (بۆگەنبووە) و پێویستی بە چاکسازییە. ئەمەش ئەوەیە کە خۆتانی لێ بەدووربگرن. باشترە دەستەواژەی «**قوڵکردنەوەی پیادەکردنی دیموکراسی**» بەکاربهێنرێت، ئەگەرچی قوڵکردنەوە ئەنجامی ئەو تەنکییەیە کە لەئارادایەو خەوشییەکی سیاسییە بۆ قوڵکردنەوەی خودی چاکسازی پێویستە، بەڵام گەورەم ئێوە دەزانن میللەتەکەتان بەو ئەندازەیە هوشیارنین، ئەگەر

مورتەزەلـەی ئامۆژگاریکـار لەپشتیانـەوە نەبـن.

□ گەورەم هەرگیز ڕێگە بە دامەزراندنی ئەو حیزبە سیاسیانە مەدەن کە خوا لە کتێبە بەنرخەکەیدا ناویناون «حیزبی شەیتان»و ئەوانەن کە **[شەیتان زاڵبووە بەسەریاندا و ئەوەی لەبیربردونەتەوە ناوی خوا بهێنن، ئەوانە حیزبی شەیتانن و حیزبی شەیتانیش دۆڕاون]** (٤)، چونکە ئەو حیزبانە دەبنە مایەی ململانێ و ناکۆکییەکان، زیاتر لەوەی دەبنە هۆی تەبایی و ڕێککەوتنەکان. لەبەرئەوەی خوای مەزن لە کتێبە بەنرخەکەیدا حیزبەکان و حیزبییەکانی لەعنەتیکردوە و لـە زۆر شـوێنی جیاوازی کتێبە بەنرخەکەیدا باسیکردون.

بەوپێیەی ئەوانە هەمیشە ناکۆکن بەیەک: **[ئەو حیزبانە پێک ناکۆکبوون، ئەوانەی زوڵمیشیانکردوە ئەشکەنجەی ڕۆژی سزادان چاوەڕوانیانە]** (٥) ئەوانە هەمیشە درۆزنن: **[لەپێش ئەوانەوە میللەتی نوح و دوای ئەوانیش حیزبەکان درۆیانکرد]** (٦) ئەوانە نکۆڵی لە یەکتری دەکەن: **[لە حیزبەکانیش ئەوانە هەن کە نکۆڵی لە یەکتری دەکەن]** (٧)

جا گەورەم لەبەرئەوەی ئێوە خەلیفەی خوا و پێغەمبەرەکەین لەسەر زەوی، حیزبتان هەبێت یان نا، حیزبەکەتان ئاشکرابێت یان نهێنی، دەرەکی بێت یان ناوەکی، ئەوا حیزبەکەتان حیزبی خوایە و ئەو حیزبەیە کە براوەیە و سەردەکەوێت و چاکە، بەپێی وتەی خوای مەزن: **[تەنیا حیزبی خوا براوەن]** (٨)

بەڵام گەورەم بۆ ئەوەی لەبەردەمی ڕای گشتیی وڵاتەکەتاندا وەک سوڵتانێکی دیموکراتی و باوکی خەفەتبار و بەختەوەر و گەورەی نزیک و دوور و سەرداری لاواز و لەخۆبایی بن، ئەوا ژیرییە دەرفەت بدەنە سیاسییەکانی ئیسلامی و عەلمانییەکان لە کایە کۆمەڵایەتیەکاندا کاربکەن و لە کاری سیاسی و خواست و مەیلی دەسەڵاتگرتنەدەست و بەدەستهێنانی کورسیی دەسەڵات و ڕابواردنەکانی بەدووریانبگرن.

 گەورەم دانایییە سەرنجی ڕۆژنامەوان ونووسەرانی فەرمانڕەوایی بۆ ئەوە ڕابکێشن، هەمیشە ئەوە وەبیر خەڵک بهێننەوە، کە دروشم و داخوازییەکانی دیموکراسی ڕۆشنایییەکی چاوکوێرکەری هەیە، چونکە هەمیشە گرێدراوی خەونەکانی ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری بوون کە لەدێر زەمانەوە مرۆڤ خولیایان بووە، بەڵام کاتێک ئەو دروشم و داخوازیانە دەکەونە ناو واقیعی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە، ئەوا یان دەگۆڕێن بۆ مەیلی ڕۆمانسیانەی خەیاڵیی جوان، یاخود دەگۆڕێن بۆ سەرچڵییەکی هەڵ نەسەنگێنراو، کە سەختە وێنای چارەنووسەکەی بکرێت.

گەلێک جار بانگەواز بۆ چاکسازیی سیاسی یاخود دەستووری بەم یان بەو جۆرە دەردەکەوێت کە ناکۆکە لەگەڵ واقیع یان لەسەروو واقیعەوەیە و سەرجەم ڕەعیەت لە ژمارەیەکی کەمی چالاکوانی سیاسی و حیزبیدا کورتدەکرێنەوە. گەورەم ئەمەش ئەو شتەیە کە دەبێت دەرکی پێ بکرێت(٩).

□ گەورەم وەڵامی بێدەنگکار بۆ ئەو مورتەزەلانەی – ئەگەر هەبن– داوای پلورالیزم و دیموکراسی دەکەن ئەمەیە:

بـۆ نموونـە، بۆچی مورتەزەلـە ئیسلامییەکان لەئاست دیکتاتۆرییەتی ئێران، ئەفغانستان، سودان، ئەندونیسیا و هەندێک وڵاتی عەرەبی و ئیسلامی تردا بێدەنگدەبن، کە پلورالیزم و دەستوور و ئەنجومەنی یاسادانانی هەڵبژێرراویان تێدا نییە، بەڵکو ئەنجومەنی شورای ڕاسپێردراوی ڕواڵەتکارانەو تاقە دەنگ و بیروڕا، تاقە ڕوویەکی حەقیقەت، تاقە باوکێکی گشت میللەت لەئارادایە. ئەی بۆچی لەهەمان کاتدا ئەو حیزبانە ئێستا داوای پلورالیزم دەکـەن؟

ئەمە سەبارەت بە ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی، بەڵام سەبارەت بە مورتەزەلە چەپڕەوەکانی کۆمۆنیستەکان، ئەوا گەورەم وەڵامی دەمکوتکار ئەمەیە:

بۆچی دەنگی ناڕەزاییتان بەرامبەر بە دیکتاتۆرییەتی حیزبی لە یەکێتیی سۆڤییەتی پێشوو، چینی بەردەوام، دەوڵەتە کۆمۆنیستەکانی تری ئەفریقیا و ئەمریکای لاتین و نەبوونی پلورالیزم و هەر ڕواڵەتێکی دیموکراسی لەو وڵاتانەدا دەرنەبڕی؟

وەڵامی بێدەنگکەری گەورەشم بۆ مورتەزەلە ناسیونالیستەکانی وەک بەعسی و ناسرییەکان و ئەوانیتر بریتییە لە پێداگرتن لەسەر ئەم پرسیارە:

بۆچی کاتێک حیزبەکانتان لە میسر و سوریا و

عیراق دەسەڵاتیان گرتەدەست، حیزبەکانی ترتان ڕەتکردەوە و قەدەغەتانکردن و ڕۆژنامەکانیانتان داخستوسەرکردەکانیانتان فڕێدایەناوزیندانەکانەوەو دەربەدەرتانکردن. هەروەها بیروڕای ئەویترتان ڕاونا و دیموکراسیتان زەوتکرد و دیکتاتۆرییەتی تاقە حیزبتان پێڕەویکرد و هیچ یەکێکتان داوای پلورالیزمتان لەو شوێنانە نەکرد، وەک ئێستا داوایدەکەن؟ بەڵکو ناسرپییەکان و ئەو ناسیونالیست و بەعسیانەی جیابوونەوەو شوێنپێیان هەڵگرت، کاتێک ساڵی ١٩٦٢ دامەزراندنی «تاقە بزووتنەوەی عەرەبی»یان ڕاگەیاند، خۆیان بە بزووتنەوەیەکی ناسیونالیستی عەرەبیی سۆشیالیستی شۆڕشگێڕ دانا، کە ئامانجی گۆڕینی کۆمەڵگەی عەرەبی بوو بۆ کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی لـە چوارچێوەی یەکگرتنێکی عەرەبیی هەمەلایەندا، کەچی هەرگیز باسی دیموکراسی و پلورالیزمیان نەکرد، چونکە عەبدولناسر نەیدەویست و حەزی نەدەکرد گوێی لێیان بێت و ئەوانە ببینێت کە دووبارەیاندەکەنەوە. کەچی ئێستا ئەوە لە ئێمە داوادەکەن و داوای خوێنەکانیان دەکەن؟ یان پلورالیزم و دیموکراسی و ئازادی لێرە حەڵاڵن و لەوێ حەرام، وەک چۆن خۆین و لەشی ئافرەت لە کوفە حەرامبوون و لە حیرە حەڵاڵ بوون؟!

□ گەورەم داناییە هەمیشە لە گفتوگۆکانتاندا لەگەڵ مورتەزەلە - ئەگەر هەبن -، کە هەمیشە

داوای پێویستیی زیادکردنی بڕی دیموکراسی دەکەن، پێ لەسەر ئەوە دابگرن کە دیموکراسی وەک دەرمان وەهایە وردە وردە و وردکارانە دەدرێت بە نەخۆشەکان و دەشێت پێدانی بڕی زیاتر لەوەی «داناکان» دیاریدەکەن خوانەخواستە ببێتە مایەی ژەهراوییبوون و مردن، بەتایبەتی لای میللەتێک کە لە ڕووی ئەقڵی و پراکتیکی و کولتوورییەوە، بەرگەی زیادکردنی خێرای بڕەکەی ناگرێت، بەڵکو دەرەقەتی کەمکردنەوەی بڕەکەی دەکەن. هەروەها گەورەم ئەوەیان وەبیربهێنەرەوە کە بۆ نموونە چۆن ڕووناکبیر و دانا میسرییەکان بەتوندی سەرۆک حوسنی مبارکیان لە هەردوو بۆنەی پێشانگەی نێودەوڵەتیی کتێبی ساڵانی ١٩٩٢ و ١٩٩٣دا ڕاسپاردبوو لەسەرخۆ بڕی دیموکراسی بدرێتە ڕەعیەت، هەتاکو لەبینیان نەگیرێت و چارەنووسی میسر وەک چارەنووسی جەزائیری(١٠) لێ نەیەت و دەرمانی دیموکراسی پێچەوانەی ئەوە نەبێت کە چاوەڕوانیدەکرێت و چاکبوونەوە و خۆشگوزەرانی بهێنێتەدی.

□ ژێرییە گەورەم نادیموکراتیبوونی حیزبە سیاسییەکان - ئەگەر هەبن - بکەنە بیانووی جێبەجێنەکردنی تەواوەتیی دیموکراسی لە وڵاتەکەتاندا. چونکە چۆن دیموکراسی لە وڵاتێکدا جێبەجێدەکرێت کە خودی حیزبەکانیان لەگەڵ یەکتردا نادیموکراتین، بەڵکو دیکتاتۆرییەتێکی دڕندانە پیادەدەکەن.

کێ دەوێرێت لەو حیزبانەدا ناڕازی بێت؟ ئەوەی بوێرێت ناڕازی بێت، ئەوا لە حیزبەکە دەردەکرێت، یان لە هەندێک بەربژێری بێبەشدەکرێت، یان خۆی وازدەهێنێت، یاخود حیزبێک یان باڵێکی تر پێکدێنێت تیایدا ئەو دیکتاتۆرییەتە پیادەدەکات کە لە حیزبی دایکدا هەبووە. هەروەها گەورەم سەرکردەو سەرۆکەکانی ئەم حیزبانە وەک ئەو خوایانە ڕەفتاردەکەن کە ڕەخنەیان لێ ناگیرێت و ڕاناگیرێن و لەوە ناپرسرێتەوە کە دەیکەن.

 گەورەم زۆرجار حیزبەکانی مورتەزەلە- ئەگەر هەبن- داوای بەرزکردنەوەی ئاستی ئازادییەکان و فراوانکردنی پەراوێزی ئازادی و ئەنجامدانی چاکسازیی سیاسی دەکەن، کە وەک دروشمێک بەکاریدەهێنن بۆ شاردنەوەی چەندین ڕاستیی ڕوون، لەکاتێکدا ئێمە لەبەردەم دەرگاکانی هەزارەی سێهەمداین. هەروەها ئەو دەستەواژەیەیان دووبارەدەکەنەوە کە هەموو کەسێک پێی ئاشنایەو بریتییە لە:

**«گشت ئازادییەکان لە وڵاتە عەرەبییەکاندا بەشی هونەرمەندێک یان نووسەرێک ناکات.»**

جا گەورەم وەک دەزانن ڕەعیەتەکەتان لە ڕووی ژیوارییەوە و لەسایەی خراپبوونی باری ئابووری و زۆربوونی ڕێژەی بێکاری و پاراستنی ڕێژەی نەخوێندەواریدا - لەوانەیە ڕێژەکە لە هەندێک وڵاتی عەرەبی بەتایبەتی لەناو مێیەکاندا زیاتربووبێت- هەروەها لەسایەی ئاشتیی ڕۆچوو و

لەرزۆکدا لەگەڵ ئیسرائیل، کە هیچ سەقامگیرییەک لەئارادانییە ئامادەنین بۆ بەرزکردنەوەی ڕادەکەی یان فراوانکردنــی پەراوێــزی خواســتراو، ئــەوا گەورەم ژیرییــە ئــەو ڕاســتیانە نەکەنە بیانوی بەپیرەوەنەچوونی داخوازییەکانی مورتەزەلە، با وەڵامی گەورەمان بۆ ئەو داخوازییانە ئەوەبێت، کە لەوەتەی حوکمڕانیتان گرتۆتە دەست بەڵێنتان بە خوا و پێغەمبەرەکەی و ڕەعیەت داوە چەمکی ئازادی بچەسپێنن و لەدەست خەیاڵپڵاویی گومانکار و چاوچنۆک و گەندەڵەکان و زیادەڕۆیی ئەو توندڕەوە خوێڕیانە بیپارێزێت، کە نەزان و بێئاگان و مافی تەواوەتی نادەنە شتەکان، یان گوێ بەوە نادەن ئەو دیموکراسییەی داوایدەکەن دەبێتە مایەی پشێوی. ئەوەش خراپترین وێنەی ئەو دیکتاتۆریەتەیە، کە لەمێژە بەگژیداچوونەتەوەو بۆ هەتاهەتایە لەگۆڕتان ناوە.

هەروەها هێشتا بڕواتان بە پێویستیی پشتگیریکردن و چەسپاندنی دیموکراسیی ڕاستەقینە هەیە، نەک دیموکراسیی مورتەزەلە کە ئامانج لەپشتییەوە بەشداریکردنە لە حوکمڕانیدا بەهەر شێوەیەک و لەژێر هەر ناونیشانێکدا بێت و هەرگیز ڕازی نین بە دەنگدان لەسەر نوێکردنەوەی خولێکی تری فەرمانڕەوایی پیرۆز و مل نادەن بۆ بەشداریکردن لە دەنگداندا لەسەر هەر پڕۆژەیەک، کە حوکمڕانی بەهێزبکات و داهاتووی مسۆگەربکات.

کەواتە چۆن دەکرێت دیموکراسی بەبێ ڕەوایەتی پێبگات و بدرەوشێتەوە؟

 گەورەم حیزبەکانی مورتەزەلە - ئەگەر هەبن - هەمیشە هەر باسی دیموکراسی و ماوەناماوە زیادکردنی بڕەکەی دەکەن، دانابیە وەلامیانبدرێنەوە، ئەویش بە بەراوردکردنی باری دیموکراسی لە ولاتدا بەوەی لە ولاتە عەرەبییەکانی هاوسێتاندا هەیە یان لەوانەی لێتان دوورن.

گەورەم پێویستە بە مورتەزەلە بلێن: بڕوانن چی لەوێ ڕوودەدات و بەراوردی ئەو ناز و نیعمەتەی خۆمان بکەن بەو نەبوونی و غەمبارییەی ئەوانی تێدان. بۆ نموونە، هەرگیز بارودۆخی خۆمان بەراوردمەکەن بە باری دیموکراسی لە سوید، ئەگەر ئەوە بکەن، ئەوا میللەتێکی وەک سویدییەکانمان بۆ بهێنن، هەتاکو دیموکراسییەکی وەک ئەوەی ئەوان بەدەستبهێنن. وەک ئەوەی لەوەوبەر شای ئێران (محەمەد ڕەزا پەهلەوی) لە حەفتاکاندا بە مورتەزەلەی ئێرانی وت، یان لەوەوپێش یاسر عەرەفات داوای لە محمود دەرویش کرد میللەتێک لەبری میللەتەکەی بهێنێت تۆزێک شەرم بیانگرێت و ناڕەزایی بەرامبەر بە بەفیڕۆدانی دەرامەتەکان و کەمکردنەوەی یارمەتیەکان و بڕینی دەرماڵە داراییەکانی خێزانەکانی شەهید و موجاهیدەکان و گەندەڵیی تەشەنەسەندو دەرنەبڕن. ئەمەش یەکلاییکەرەوە بوو بۆ ئەوەی دەرویش واز لە لیژنەی جێبەجێکردنی ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین بهێنێت.

کەواتە چۆن داوای ئەوەمان لێ دەکەن پێستی خۆمان داماڵین و پێستی ئەوانیتر بپۆشین، لەکاتێکدا کە خوێنمان هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتوە؟

گەورەم داوا لە خەڵک بکەن شوکرانەی خوا بکەن بۆ ئەو نیعمەتە زۆرەی تیایدا دەژین، لە سەرووی هەموویانەوە: خۆشگوزەرانییەک کە ئێوە دەستەبەرتانکردوە، داهاتوویەک کە ئێوە بەڵێنتان داوە، ئاسایشێک کە ئێوە سەقاگیرتانکردوە، ئاسوودەییەک کە ئێوە هێناوتانەتەدی، پێشکەوتنێک کە ئێوە دروستتانکردوە، بوژانەوەیەک کە ئێوە ئاڵاهەڵگر و داهێنەرین.

□ گەورەم تاوناتاوێک حیزبەکانی مورتەزەلە – ئەگەر هەبــن– کێشــەی لاوازیی نوێنەرایەتیکردنی خۆیان لە ئەنجومەنی ڕەعیەتدا دەوروژێنن و دەڵێن حیزبی حوکمڕان– ئەگەر هەبێت– هەمیشە زۆرینەی کورسییەکانی نوێنەرایەتی بەدەستدێنن، ئەوەش دەگێڕنەوە بۆ لاوازی یان نزمیی ئاستی ئازادییەکان بەگشتی و ساختەکردن لە هەڵبژاردنەکاندا.

گەورەم داناییە وەڵامەکەتان بریتی بێــت لەوەی هۆکە ئەوە نییە، بەڵکو لاوازیی کارڕاییکردنی ئەو حیزبانە و نەبوونی بەرنامەگەلی سیاسی، ئابووری، کولتووری و کۆمەڵایەتیی وەهایە، کە بڕواپێهێنەرو واقعین بۆ جەماوەر.

بەڵام گەورەم لەوانەیە یەکێک لە سەرکردە

زیرەکەکانی مورتەزەلە وەڵامی ئەوە بداتەوەو بڵێت: کەواتە بەدەسهێنانی زۆرینەی هەرە زۆری کورسییەکان لەلایەن حیزبی حوکمڕانەوە چۆن لێکبدەینەوە، لەکاتێکدا دەزانین ئەو حیزبە بەرنامەیەکی سیاسی، یان ئابووری، یاخود کۆمەڵایەتیی ڕوون و واقعی و بڕواپێهێنەری نییە، خۆ ئێمە هەموومان هەمان بارودۆخمان هەیە و هەموومان لە خەمدا ڕۆژهەڵاتین؟

لەمبارەشدا گەورەم پێویستە ڕاوێژکارێکی شارەزا لە حیزبایەتی و حیزبدا هەبێت بۆ وەڵامدانەوەی ئەو بانگەشەیە.

 گەورەم ژیری نییە زیادەڕۆیی بکرێت لە ساختەکردن لە هەڵبژاردنەکانی یاسادانەران و شارەوانییەکاندا، بەتایبەتی کە ئێمە لەبەردەمی دەرگاکانی هەزارەیەکی نوێداین، لە جیهانێکدا کە سنوور و کۆتوبەندەکان هەڵگیراون و جیهان بۆتە یەکەیەکی میدیایی، کەچی هێشتا ئەو زیادەڕۆییە لە هەڵبژاردنەکاندا بێشەرمانە و بەبێ سڵکردنەوە لە جیهانی عەرەبیدا لەئارادایە.

گەورەم ماقوڵ نییە بۆ نموونە ژمارەی کورسییەکانی ئەنجومەنی میللەت چوارسەد دانە بێت و ڕێگە بە مورتەزەلە بدرێت دە کورسی یان کەمتر بەدەستبهێنن. چونکە گەورەم ئەمجۆرە کارانە، لەکاتێکدا ئێمە لەبەر دەرگاکانی سەردەمێکی نوێداین و وڵاتەکەشتان وەک وڵاتە عەرەبییەکانی

تر بەڕووی جیهان و ڕاگەیاندنەکەیدا کراوەیە، وا لە دەوڵەتە خۆرئاواییەکان دەکات گومان بە نییەتە دیموکراتییەکانتان بکەن و یارمەتییە داراییەکان و پشتگیرییە سیاسییەکانیان بۆتان کەمبکەنەوە، ئەمە ئەگەر ئێوە لەوانەبن کە لەبەر دەرگاکانی خۆرئاوادا ڕاوەستابن بۆ بەدەستهێنانی بەخشین و یارمەتی و هـــاوکـــاری.

بۆیە پێویستە «ڕێگەبدرێت» مورتەزەلە ڕێژەیەکی ماقوڵی کورسییەکانی ئەنجومەنەکە بەدەستبهێنن، هەتاکو بۆنی هەڵبژاردەکان ناخۆش نەبێت و لوتی ڕۆژنامەوانیی خۆرئاوا پڕنەکات و لە دژتان نەیوروژێنێت، بەتایبەتی لە وڵاتێکدا کە لە حیزبی دەوڵەت- ئەگەر هەبێت- و لە دامەزراوەی ئایینی لایەنگری دەوڵەت و ئەو تایەفە و هۆزانەی لایەنگری ڕژێم و دەستوپێوەندەکەی بەهێزترنییە.

## پەراوێزەکان

١- سورەتی ئال عومران، ئایەتی سێیەم.

٢- سورەتی بەقەرە، ئایەتی دووەم.

٣- سورەتی مائیدە، ئایەتی پێنجەم.

٤- سورەتی موجادەلە، ئایەتی ١٩.

٥- سورەتی زەخرەف، ئایەتی ٦٥.

٦- سورەتی غافر، ئایەتی پێنجەم.

٧- سورەتی ڕەعد، ئایەتی ٣٦.

٨- سورەتی موجادەلە، ئایەتی ٢٢.

٩- ئەمە ئەوەیە کە سەرنووسەری ڕۆژنامەی (الاهرام) ئیبراهیم نافیع لەکاتی ڕاگەیاندنی سەرەنجامی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی میسڕی لە (١٩٩٩/١٠/١)دا دەریبڕی و بۆخۆی بووە نەخشەی سیاسیو داهاتووی سیاسیی میسڕ هەتاکو ساڵی ٢٠٠٥. واتە لە قسەکەی سەنووسەری (الاهرام)دا، کە زمانحاڵی حکومەتی میسڕە، ڕاست نەکردنەوەی دەستوور لەئارادانییە و دیموکراسیی زیاتر بوونی نییە و هیوایەک بۆ چاکسازیی سیاسی بەدیناکرێت، بەڵکو مانەوەی بارودۆخی سیاسی وەک خۆی دەبینرێت.

١٠- ئیبراهیم نافیع، بەهێمنی، ڕۆژنامەی (الاهرام) ١٩٩٩/١٠/١.

# (٤)
# دەربارەی مورتەزەلە

**سوڵتان ئاگرە، بۆیە خۆت**
**لە بەربەرەکانیکردنی بەدووربگرە**

دانایەک

□ گــەورەم نەرمونیانتریــن و شــەفافترین و ناسکترین جۆری ئۆپۆزسیۆن ئەوانەن کە لە خاوەن ماڵ و ئێسقانی ملەوە دێن، چونکە ئۆپۆزسیۆنبوونی ئەوانە قسەخۆشی و گەمەیە، زیاتر لەوەی ئابڕووبەر یان ڕەخنەگر بێت. وەک ئەوەی لە ڕابردوودا هەندێک لە نەوەکانی مەلیک عەبدولعەزیز ئال سعود بە مەلیک فەیسەڵ بن عەبدولعەزیزی برایان کرد، ئەوانەی ساڵی ١٩٦٢ بە میرە ئازادیخوازەکان ناوزەدکران، لەسەرووی هەموویانەوە ئەم میرانە: تەلالی کوڕی عەبدولعەزیز، بەدر و فەواز و عەبدولموحسینی کوڕی عەبدولعەزیز.

گەورەم وا جوانە یەکێک لە دەستوپێوەندەکانت ببێتە ئۆپۆزسیۆنت، چونکە ئەوە ئەوپەڕی پلەکانی دیموکراسی و پلورالیزم و کرانەوەیە. ئەگەر حیزبی حوکمڕانتان هەبوو، ئەوا دەرفەت بڕەخسێنن بۆ سەرکردایەتیەکەی ڕەخنە لە کارەکانی حکومەت بگرن، ئەگەر حیزبی حوکمڕانیشتان نەبوو، ئەوا هانی نووسەر و ڕۆژنامەوانەکانتان بدەن بە سوکی، نەرمونیانی، شیرنی و شەفافی ئەو کارە بگرنەئەستۆ.

گــەورەم ئــەوە مەكــەن كە ســەرۆكی جەزائیر (عەبدولعەزیز بوتەفلیقە) لەگەڵ هاوڕێی تێكۆشانی خۆی عەبدولقادر حەجار، یەكێك لە سەركردەكانی حیزبی بەرەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی، كردی. كاتێك بە زمانی فەڕەنسی و بە ئاشكرا ڕەخنەی لە بوتەفلیقە گرت، كە لە ڕووی یاساییەوە قبوڵكراو نەبوو. هەروەها ڕەخنەی لە بوتەفلیقە گرت، چونكە بەئاشكرا ستایشی جولەكەی كردبوو. سەرەنجام بوتەفلیقە لە پۆستەكەی دەریكرد (١). ئەوەش بۆ مورتەزەلەی ئاشكراكرد كە لە جەزائیر نە دیموكراسی هەیە و نە پلورالیزم. ئەگەرچی بوتەفلیقە پاش چل ساڵ حوكمڕانیی تاقە حیزبی دیكتاتۆری هات و بەڵێنی چەسپاندنی ڕێساكانی دیموكراسی و پلورالیزمی دا. ئەو ڕێكارەی دەركردنی حەجار بەو شێوەیە هەڵەی كەسی زیرەك بوو، بۆیە گەورەم وەك ئەو زیرەك مەبن، هەتاكو دوای ئەوە نەكەونە بەر زاری ئاگرینی مورتەزەلە.

□ جاربەجار هەندێك شێخی ئایینی چاویان بڕیوەتە دەسەڵات و دانیشتوون بەدەوری تەباسیدا (٢) ڕادەبن بۆ بەرهەڵستیكردنی گەورەم. ئەوانە هەمان قسەی مورتەزەلە دەكەن و بەشێوەی ئەوان دەچنن و لەســەر ژێكانــی ئــەوان مۆسیقا دەژەنن، نەك بەمەبەستی چاكســازی، بەڵكــو بۆ بەدەستهێنانی پۆست و كەشتییەكان.

بۆیە دانابیە گەورە بە پیاوانی ئایینی ڕابگەیەنی، ئامۆژگارییەكانیان ئاشكرا نەبێت و ڕەخنەكانیان

ئابڕوبەرانە نەبێت. چونکە ئامۆژگاریی چاکسازی و هێنانەدیی ڕزگاری بەئاشکراو ڕاشکاوانە و بەو هەموو هەراوهوریا و ئاهەنگێڕانە نابێت کە شایستە نییە و ڕێگرە، بەڵکو هەمیشە بەنهێنی و بێدەنگی دەبێت، بەپێی وتەی پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت: «**کاروبارەکانتان بەنهێنی ئەنجامبدەن**» . باشترین ئامۆژگاریی شێخیش ئەوەیە کە ڕاستەوخۆ بدرێت بە گوێی میردا، بەبێ ئەوەی کەس گوێی لێی بێت. وەک فەتواکەی شێخ عەبدولعەزیز بن باز، موفتیی پێشووی سعودییە، لە کاتی هەڵگیرسانی فیتنەکەدا.

بەڵام ئـەو ئامۆژگارییانـەی ئامانجیان تەنیـا بڵاوکردنەوەی ئابڕوچوونەکان و هێنانەئارای کوشتارەکانەو ڕۆژانی هەینی لەسەر مینبەرەکانی مزگەوتەکانەوە ڕادەگەیەنرێن، خاوەنەکانیان خوازیاری دەسەڵات و عاشقی کەژاوەکان و وێڵن بەدوای کۆشک و تەلاردا. وەک ئەوەی شێخ کشک لە میسر، شێخ عەبدولمونعیم ئەبو زەنت لە ئەردون، شێخ عەباس مەدەنی لە جەزائیر، شێخ سەلمان عۆدە و ناسر موعەمەر لە سعودییە و تارماییە ئایینیە بەرهەڵستکارەکانی تر دەیکەن.

گەورەم ئەگەر یەکێک لە سکاڵاکەیدا توندبوو و دەرەقەتی نەهاتن، ئەوا وەک چۆن یەزیدی کوڕی معاویە دەرقەتی عەبدوڵڵای کوڕی زوبێر هات، یان مەنسوری خەلیفە دەرقەتی عەبدوڵڵای کوڕی موقەفەع هات، سەلاحەدینی ئەیوبی دەرقەتی سەهرەوردی هات، ئەوا تۆمەتی دوور لە ئایینی بۆ

دروستبکەن، هەتاکو لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکەن و فرێیدەنە ناو زیندانە تاریکەکانەوە. وەک ورووژاندنی ڕەگەزپەرستی و ناکۆکیی تیرەگەری، ئاگری فیتنە هەڵگیرساندن، جنێودان بەحکومەت و ڕیسواکردنی، سەرپێچیکردنی سیستەم لە یاسای ئاخاوتندا، گوێ نەدان بە ڕێساکانی میانڕەوی، پیادەکردنی سەرسەرێتی، دووبارەکردنەوەی هیچوپوچی و تۆمەتی تر. هەتاکو شێخەکانی تر حیزبەکانیان لە دژتان نەوروژێنن و تورەنەکەن. گەورەم وەک ئێوەش دەزانن ئەوانە بازوو و باسکی شەرعیی ئێوەن و هەمیشە لە ڕۆژگارەکانی میحنەت و تەشەنەکردنی فیتنەدا پشتگیریتان دەکەن.

□ گەورەم دانابیە لەگەڵ مورتەزەلە بەبەزەیی بن، بەتایبەتی لەکاتێکدا ئێمە لەبەردەم دەرگاکانی هەزارەی سێهەم و سەردەمێکداین کە مافەکانی مرۆڤ تیایدا بەرزبوونەتەوە و ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤ دەنگی بیستراوە و ئاڵاکەی شەکاوەیەو هەموو ساڵێک ڕاپۆرتەکانی خۆی بڵاودەکاتەوەو وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، کۆنترۆڵکەری سیاسەتی جیهانی، پشت بەو ڕاپۆرتانە دەبەستێت و بەپێی ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ دەوڵەتەکان پۆلێندەکات و کۆتایی هەموو ساڵێک خەڵات و دیاری و بڕوانامەکانی خۆی بەسەر دەوڵەتەکاندا دەبەخشێتەوە، ئەوەش بەپێی ئەو نمرەو سەرەنجامەی بەدەستیانهێناوە.

بۆیە گەورەم ژیرییە ڕەچاوی هەموو ئەوانە

بکەن، بەڵام ئەگەر لەکاتی پیلانگێڕاندا مورتەزەلەت بەگیرهێنا، ئەوا ئەگەر دڵڕەق بوون، لەبەردەم دادگا سەربازییەکانتاندا دادگاییان بکەن، ئەگەر بەبەزەییش بوون، ئەوا لەبەردەم دادگای شارستانیدا دادگاییان بکەن. ئەو دوو دادگایەش بە فەرمانی ئێوە کاردەکەن و دامەزراندنیان لەلایەن دیوان و کۆشکی خۆتانەوە بووە. پاش تێپەڕبوونی ماوەیەکی کورت بەسەر سزادانەکەدا، با لێبوردنی گەورەم ئەوانەش بگرێتەوەو لێیان خۆشبن. گەورەم داناییە پۆستی شایستەی دەوڵەتیان پێ ببەخشن، چونکە بەوە خۆتان لە خراپەکاریان دەپارێزن و بێزارییان دەڕەوێننەوەو ڕۆژگارتان بۆ ڕووندەبێتەوە. ئەسکەندەری مەزن بە باوکی ئازادیخوازان ناسرابوو، چونکە ئەگەرچی زۆر زۆرداربوو، بەڵام بەبەزەیی و میهرەبان بوو لەگەڵ دوژمنەکانیدا.

گەورەم خۆتان لە قین بپارێزن، چونکە حەوت کەس لێخۆشبوونیان نییە: قین لەدڵ، جەردە، جەلاد، تەماعکار، دز، تورەو درۆزن. هەروەها خۆتان لە خوێنڕشتن بەدووبگرن، چونکە زۆرێک لە سەردەمی نوێدا کەوتوونەتە ئەو هەڵەیەوە، لەوانە عەبدولناسر و ئەوانیتر، بڕوانن و بزانن ئاکامەکە چی بوو. وتەکەی پێغەمبەرتان لەمبارەیەوە لەیادبێت کە دەڵێت: **«موسڵمان لە باوەشی فراوانی ئایینەکەیدایە، هەتا خوێنی حەرام دەڕیژێت»**. هەروەها دەڵێت: **«یەکەمین شت کە لە ڕۆژی قیامەتدا لێپرسینەوەی لەسەر دەکرێت خوێنە»**.

جارێکی تر گەورەم خۆتان لە خوێنڕشتن بەدووربگرن و گوێ لەو ڕاوێژکارە شەڕخوازانە مەگرن، کە هەمیشە وەسییەتەکەی مەعاوییەی کوڕی ئەبی سوفیانتان وەبیردێننەوە، کاتێک لە سەرەمەرگدا بوو بە یەزیدی کوڕی دەوت نەیاری سیاسیی ئەمەوییەکان (عەبدوڵڵای کوڕی زوبێر) بگرێت و پارچەپارچەیبکات. یان وەسییەتەکەی شاعیری بێ ئەسڵ و فەسڵ (سەدیفی کوڕی مەیمون) بۆ خەلیفە ئەبی عەباسی سەفاح سەبارەت بە لەناوبردنی نەیارانی ئەمەوییەکان، کاتێک دەڵێت:

**شمشێرەکە دابنێ و هاواربکە**

**هەتاکو هیچ ئەمەوییەک پشتگیریی نەکات.**

□ گەورەم مورتەزەلە هەموو بۆنەیەک دەقۆزنەوە بۆ داواکردنی چاکسازیی سیاسی. ئەوان مەبەستیان لە چاکسازیی سیاسی ئەمەیە: کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی دەوڵەت، سنووردانان بۆ ساختەکردنی هەڵبژاردنەکان، هەتاکو دەرفەتی نوێنەرایەتیکردنی زیاتری میللەتیان لە ئەنجومەنەکاندا هەبێت و چاکتربێت لەوەی ئێستا کە لە باشترین باردا ڕێژەی ٥٪ تێناپەڕێنێ، بەردانی زیندانییە سیاسییەکان، هەڵوەشاندنەوەی یاساکانی باری نائاسایی و بەرەڵاکردنی ئازادییەکان و شتی لەو جۆرە . ئەوان ناهوشیارن یان دەرک بەوە ناکەن هەموو ئەو شتانەیان لەکاتێکدا دەوێت کە هێشتا چاکسازیی کۆمەڵایەتی ئەنجام نەدراوە، نەخوێندەواری و نەزانی و

نەخۆشی و هەژاری لەناونەبراون، زەوی ئامادەنەکراوە بۆ تۆوچێنی و بەرهەمەکە پێنەگەیشتووە بۆ چنینەوە.

چۆن چاکسازیی سیاسی بەبێ چاکسازیی کۆمەڵایەتی ئەنجامدەدرێت؟

گەورەم پێویستە نووسەرەکانتان میللەت لەوە ئاگاداربکەنەوە، ئەو پرۆسەی چاکسازییە سیاسییەی مورتەزەلە داوایدەکەن، بەبێ پرۆسەیەکی چاکسازیی کۆمەڵایەتیی درێژخایانی ڕەگداکوتاو، ئەنجام نادرێت. با نووسەر و ڕۆژنامەوانەکانتان داوا لەو مورتەزەلانە بکەن، بەرنامەی چاکسازیی کۆمەڵایەتیی خۆیان بخەنە بەردەمی خەڵک، ئەمە ئەگەر ئەو جۆرە بەرنامەیەیان هەبوو. با هەمیشە ئەم پرسیارە مەتەڵئاسایەیان لێ بکەن:

کامەیان لەپێشترە: گۆڕانی سیاسی، یان کۆمەڵایەتی؟

هەروەها پرسیاری مەتەڵئامێزی هەمیشە دووبارەی بێ وەڵام: کامیان لە پێشدا هاتووە، هێلکە یان مریشک؟

گەورەم دەبێت ئەوە بزانن، چاکسازیی کۆمەڵایەتی بە شەو و ڕۆژێک ناکرێت و چەندین ساڵ و سەردەم و پارە و دامەزراندنی پێویستە. هەتاکو هاتنەدیی چاکسازیی کۆمەڵایەتیی چاوەڕوانکراویش کە چاکسازیی سیاسی لەسەر بناغە و بنچینەی ئەو دادەمەزرێت و هەتا کاتی هاتنی ڕۆژی بەڵێنپێدراو، خوا ئەوە دەخولقێنێت کە نازانن چییە.

□ گەورەم لەم ڕۆژگارەدا سڵ لە مورتەزەلە مەکەنــەوە، چونکــە هیچ پڕۆژەیــەکی ئەقڵانیی سیاسی، یان کۆمەڵایەتی، یاخود ئابوورییان نییە. ئەو دروشمانەی بەرزیشیان دەکەنەوە، دروشمگەلی ســۆزداریی ســۆفییانەن، ئامانج لــە پشتیانەوە وروژاندنی ویژدانە، نەک چاککردنی لاسەنگی. هەروەها دروشمگەلێکن هیچ ناوەڕۆکێکی واقعیی ڕاستەقینەیان نییە. ئەم قسانەش نوێ نین، چونکە لەوەوبەر چاکسازی سیاسی و ئایینی (شێخ خالد محەمەد خالد) دەریبڕیوەو چەندین بیریاری هاوچەرخیش بەمجۆرە دووبارەیانکردۆتەوە:

**«لەو بڕوایەدا نیم لەنێو هێزە کۆمەڵایەتییە خەملیوەکانی خۆرئاوا یان خۆرهەڵاتی عەرەبدا هێزێک هەبێت لە ناخی پڕۆژە کۆمەڵایەتییەکەیدا تواناکانی پەلاماردانی پەیوەندییــەکانی دەســەڵات و گۆڕینــی ڕیشەییانی هەبێت. چونکە لیبرالیزم سەرمایەدارییەکی مشەخۆری دڕندەیە، ملکەچی هیچ یاسایەک نابێت و تەنیا بەهۆی سفتەبازییەوە دەژی و هەر پشتبەستووە بە بەرپاکردنی ناکۆکییەکان و شڵەژانە کۆمەڵایەتییەکان و قوڵکردنەوەی جیاوازییەکانی نێوان چین و تاکەکان. هەروەها دەرگا بەڕووی دیکتاتۆریەتێکی نوێدا دەکاتەوەو دروشمە چەپڕەوەکان وەک ئامڕازێک بەکاردەبات بۆ لەناوبردنی بزووتنەوەی میللی»** (٣).

گەورەم بەدرێژایی نیو سەدەی ڕابردوو، لە سەرەتای سەربەخۆیی دەوڵەتی ناوچەگەریی عەرەبەوە، گوێتان

لەوە بووە یان بە مێشکی پایەبەرزی شکۆدارتاندا هاتووە، سوڵتانێک بەهۆی حیزبەکانی مورتەزەلەو ئەنجامی هێزی سیاسی و بەهانەی کۆمەڵایەتی و بەرنامەی ئابووریی ئەوان لەکارخرابێت؟ چونکە زۆربەی لەکارخستنەکان و کودەتاکان تەنیا لە ڕێگەی ئەو سەربازانەوە بوون کە چاویانبڕیوەتە ژیانێکی شارستانیانەی سیاسیی خۆشگوزەرانی ئاسوودە، نەک بەهۆی حیزبەکانی مورتەزەلەوە.

□ گەورەم سڵ لە مورتەزەلە مەکەنەوە، چونکە هەر کە کورسیان پیشاندەدەن و ئارامگەیان دەخەنە بەردەست، هەمووشتێک لەیاددەکەن و بە ئاسانی و نەرمونیانی و برسێتی و ملکەچی دێنە ئامێزیتانەوە.

گەورەم ئەگەر ڕۆژێک پرسیاری ئەوە بکەن مورتەزەلە ئامانجی لەپشت ئەو هەموو هاتوهاوارەوە چییە؟ ئەوا وەڵامەکە بە سادەیی ئەوەیە کە ئەوانە پۆست و بەشداریکردن لە دەستکەوتیان دەوێت. بەڵگەش ئەوەیە، کاتێک مورتەزەلە جاربەجار و لە سنوورێکی تەسکدا دەرفەتی بەشداریکردن لە حوکمڕانییان بۆ دەڕەخسێت، دروشمەکان و قسەی سەر سەکۆکانیان لەبیردەچێت و دەست بە بازرگانی دەکەن و دەبنە درێژکراوەی ئێوە، بەڵکو دەبنە سوڵتانخوازێکی زیاتر لە خودی سوڵتان.

کەواتە گەورەم لە مورتەزەلە مەترسن، چونکە لە ڕۆژگاری تەنگانەدا گوێزەریان پیشانبدەن سەرشۆڕانە ڕووتان تێ دەکەن، لە ڕۆژگاری خۆشگوزەرانیشدا

تێڵایان پێشانبدەن، ئەوا بەهەڵهاتن لێتان دووردەکەونەوە. لەبەرئەوەی لە مێژووی سیاسیی مرۆڤایەتیدا توێژێک نییە وەک مورتەزەلەی عەرەب پارچەپارچەکراو بێت، بەوپێیەی هەر ڕۆژەی دابەشدەبن بۆ توێژ و گرووپ و کۆمەڵی جۆربەجۆرو زانین و ژمارەشیان تەنیا لای خوایە.

بۆ نموونە، گەورەم بابەتی یەکگرتن وەربگرن، کە زیندووترین و کڵپەسەندووترین بابەتی مورتەزەلەیە، دەبینین لەوەوبەر و هەتاکو ئێستاش بابەتی یەکگرتن یەکێک بووە لەو دروشمانەی مورتەزەلە لە بازاڕی سیاسیی عەرەبیدا بازرگانیان پێوە کردوە، تەنانەت **«یەکگرتن لە ڕوانگەی حیزبە سیاسییەکانەوە دروشمێک بووە بۆ ڕاکێشانی جەماوەرو بزواندنی هەستوسۆزیان، یان بۆ بەگیرهێنانی یەکتری»** (٤).

کەواتە گەورەم سڵ لە مورتەزەلە مەکەنەوە، بە ئاسوودەیی بخەون.

□ گەورەم مورتەزەلە تاوناتاوێک بڕیار و بەڵگەی مەبەستدار لە دژی سوڵتانەکان دەخەنەڕوو و لێرەو لەوێ لەناو ڕۆژنامە خۆرئاوایی و عەرەبییەکاندا بڵاویاندەکەنەوە. وەک ئەوەی دەڵێن ئەو سوڵتانە فەرمانبەری دەزگای هەواڵگریی ئەمریکایە و مانگانە موچە لە (CIA) وەردەگرێت. ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست چەندین جار شتی وای بڵاوکردۆتەوە و فێری ئەوە بووە سوڵتان و سەرۆکەکان لەکاربخات(٥). هەروەها ئەوە دەخەنەڕوو کە خودی ئەو سوڵتانە

کۆنووسی کۆبوونەوەکان و بڕیارە سەربازییەکانی پێش جەنگی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣ی گواستۆتەوە بۆ ئیسرائیل.

یــان ڕۆژنامەوانێکی بەناوبانگی میسری دێــت و سوڵتانێکی تازە کۆچکردوو بەوە تاوانباردەکات کە بەکرێگیراوی دەزگای هەواڵگریی ئیسرائیل بووە و مۆسادی ئیسرائیلی ئاگاداری گشت بڕیارە سیاسی و سەربازییەکانی ئەو لوتکەیەی عەرەب بوون کە لە پایتەختی سوڵتانی کۆچکردوو سازکراوە و ئۆفیسێکی نهێنی لە پایتەختی دەوڵەتی ئەو سوڵتانە هەبووە..

ئەمانە و زۆر واتەواتی تر کە زیانبەخشن و سوودێک ناگەیەنن، بێڕێزی دێننەئاراوە و قازانجێک نابەخشن. ئەگــەر ئــەو واتەواتانە ســوودبەخش بوونایەو قازانجیان هەبوایە، ئەوا ئەو ئابڕووچوونانە لە کاتی ژیانی ئەو سوڵتانانەدا بڵاودەکرانەوە، نەک پاش کۆچی دوایی کردنیان. ئێستا سوودی ئەو قسانە جگە لە ناوزڕاندن چییە؟ ئایا ئەوانە چاکسازییان سەخت نەکردوە؟

گەورەم هەرگیز وەڵامی ئەو جۆرە واتەواتانە مەدەنەوە، ئەگەر دەرهەق بە خۆت یان باووباپیرانیشتان بوون، چونکە فەرامۆشکردن لەم بارەدا باشترین چارەسەر و چاکترین هەڵوێستە. قوڕ بخەنە گوێچکەی ڕاستتان و هەویر بخەنە گوێچکەی چەپتان و «خۆتان کەڕبکەن». وابکەن مورتەزەلە ئەو واتەواتانە دووبارەبکەنەوە کە بێسوودن، هەتاکو

خەڵک بزانن ئەوان مایەپوچ بوون و تەنیا ئەوەیان بەدەستەوەیە کە چەواشەکارە نەک سوودبەخشە، بۆیە پشت بە بەرەکەتی خوا بەردوامبن. با بڕواتان بەخوا بەهێزبێت و ویژدانتان بەپیر هەقەوە بچێت. بەوجۆرەش ئێوە.. ئێوە هەر سوڵتان دەبن.

☐ گەورەم هەندێک جار مورتەزەلە یارییەکی ڕووهەڵماڵراو دەکەن، ئەویش داگرتنەوەی حکومەتە بە تۆمەت و واتەواتەکان و تەنانەت بەردیش، خۆ حەشاردانە لەپشت سوڵتانەوە و دروستکردنی ماوەیە لەنێوان حکومەت و دەوڵەتدا، بەمەبەستی هێنانەدیی کەلێن لەنێوان سوڵتان و حکومەتە چاکەکەیدا. ئەو مورتەزەلەیەی ئەوە دەکات، گەمژەو ساویلکەیەو شایستەی ئەوە نییە ناوی «مورتەزەلە»ی ڕاستەقینەی لێ بنرێت، چونکە ئەوان نازانن لە هەموو کات و شوێنێکدا حکومەت سوڵتانە و سوڵتانیش حکومەتە، نیشتمان سوڵتانەو سوڵتانیش نیشتمانە، سوڵتان میللەتە و میللەتیش سوڵتانە. هەروەها وەک شانۆکاری سوریی (سەعدوڵا وەنووس) بێ هیچ پێچوپەنایەک دەڵێت: سوڵتان سوڵتانە. سوڵتانیش ناونیشانی حوکمڕانی و هەڵگری مۆر و خاوەنی خەونە، وەک فەیروز لە شانۆنامەکەی «خەوێکی خۆش»دا بۆ جەنابی والیی گەورەمان وتویەتی.

سوڵتان کۆڵەکەی ماڵ و سەرچاوەی سامانە. مورتەزەلەش مورتەزەلەی حکومەتی سوڵتانن. دادوەریش بەناوی سوڵتانەوە حوکمدەکات و بەناوی

سوڵتانیشەوە دادپەروەر دادەمەزرێنێ. بەبێ سوڵتان خۆر هەڵنایەت و مانگ ڕۆشنایی نابەخشێت و ئاسمان باران نابارێنێ و خاک بەرهەم نادات.

□ گـەورەم تاوناتاوێک هەنـدێک دامودەزگـای ڕاپرسی- کە لە جیهانی عەرەبدا زۆر کەمن و لانی زۆر تەنیا لە یەک دوو دەوڵەت هەن- سەرەنجامی ڕاپرسییەکانی خۆیان بڵاودەکەنەوە، کە سەبارەت بە بەڕێوەچوونی کارەکانی حکومەت دڵخۆشکەرنین. ئەو ڕاپرسییانە بەسوودن ئەگەر بەشێوەیەی باش لە بەرژەوەندیی سەڵتەنەتدا بشکێنەوە، بەڵام کاتێک ئەو ڕاپرسیانە خاوەن هێمای نێگەتیڤ دەبن، ئەوا هەڕەشە لە حکومەت دەکەن و ئایندە پەکدەخەن و مەبەستیان بڵاوکردنەوەی فیتنە و دەست لەکار کێشانەوەی حکومەتە و مورتەزەلەش بەخراپترین شێوە بەکاریدەبەن. بۆیە پێویستە نووسەر و ڕۆژنامەکانی دەوڵەتی پایەدار تانە لەو ڕاپرسیانە بدەن و بە نەریتێکی خۆرئاوایی گەمژانەی هاوردە تاوانباریان بکەن و دەریبخەن کە ئەوە ڕەوشتی عەرەب نییە و پەیوەندیی بە کەلەپورەکەیانەوە نییەو ئەمریکیەکان یەکەمین کەسانێکن کە دایانهێناوە، هەتاکو ڕای گشـتی لــە بارودۆخی هەڵبژاردنی بەردەوامدا بهێڵنەوە، ئەمەش لە کۆمەڵگەکانی ئێمەدا قبوڵکراونییە، چونکە لەگەڵ دابونەریتە بەخشندەکەماندا ناگونجێت.

حکومەتیش ئەنجامی هەڵبژاردنە میللییەکان

نایەت و ناڕوات، بەڵکو بەویستی سوڵتان دێت و دەڕوات. بەوپێیەی سوڵتان خاوەنی دوابڕیارە دەربارەی ئێستا و داهاتووی حکومەت، مانەوە یان نەمانەوەی حکومەتیش هیچ پەیوەندییەکی بەو ڕای گشتییەوە نییە کە لە بنەڕەتدا ئەم حکومەتەی نەهێناوەتە سەر کار، کەواتە چ پەیوەندییەکی بە ڕۆیشتن یان مانەوەیەوە هەیە؟ ئەمجۆرە دامودەزگایانەی ڕاپرسی نازانن (**سەقامگیری بەری بەردەوامییە**) مانای چییە، کە دروشمی دیموکراسیی عەرەبیی تایبەت و جیاکارەیە.

 گەورەم ئاشکرایە مورتەزەلە هەمیشە دروشمی بەگژاچوونەوە و لەناوبردنی گەندەڵی بەرزدەکەنەوە. مەبەستیشیان لەو گەندەڵییە ئەو پارە زۆرەی دەلاڵییە کە خاوەن کوتەک و شەقوەشێنەکان وەریدەگرن. دەڵێن پارەی ئەو دەلاڵییە، بۆ نموونە لە وڵاتێکی دێرینی وەک میسرِ لە ماوەی پێنج ساڵی دواییدا، گەیشتۆتە بیست ملیار دۆلار. ئەوەش دووقاتی پارەی هەناردەکردنی نەوتی میسرە لە ساڵێکدا(٦). واتە خاوەن کوتەک و شەقوەشێنەکان بوونەتە خاوەنی سامانێک کە دوو هێندەی سامانی نەوتی وڵاتە. بەو جۆرەش میسرِ لە ساڵی ١٩٩٧دا ٣ر٣ خاڵی لە ١٠ خاڵی بێخەوشیی دارایی بەدەستهێناوە. ئەوەش لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە کە ڕێکخراوی «شەفافییەتی نێودەوڵەتی» جیهانی لە ڕێگەی «ئاماژەی بەرتیلدەرەکان BPI» خستویەتییەڕوو.

وەک دەڵێن، گەندەڵی گەیشتۆ ڕادەی چاندنی حەشیش و بازرگانیپێکردن و هەناردەکردنی بە بڕە پارەیەک کە دەگاتە چەندین ملیار دۆلار لە ساڵێکدا. ئەوانە چەندین بەندەری تایبەتیان بۆ هەناردەکردنی ئەو کاڵایە بنیاتناوە، کە دوورن لە چاوی چاودێر یان لێپێچەر. هەروەها دەڵێن خاوەن کوتەک و شەقوەشێنەکان پارەی قێزەونی بەدەستهاتوو لە بازرگانیی مادە هۆشبەرەکان لە جیهاندا سپیدەکەنەوەو جیهانی عەرەب بۆتە بەناوبانگترین شوێنی جیهان بۆ سپیکردنەوەی ئەو پارە قێزەونانە.

گەورەم دانایی بەرامبەر هەموو ئەوانە ئەوەیە کە بەرگریی لە گەندەڵی نەکەن و هێرشیش نەکەنە سەری. ژیریشە گەورەم وتەیەکی زۆر کورتی ئاڵۆز پێشکەشبکەن، کە بریتی بێت لەوەی گەندەڵی دیاردەیەکی جیهانییە و عەرەبی نییە بەتەنیا و لە ڕۆژی دروستبوونی مرۆڤەوە هەبووەو هیچ ڕێگەیەکیش بۆ لەناوچوونی نییە، تەنیا چارەسەرێکیش شەفافییەت و ڕوونییە، ئەگەرچی هیچ شتێک بەبێ فرمانی خوا ناکرێت. چونکە گەورەم ئەگەر بەتوندی بەرگریتان لە گەندەڵی کرد، ئەوا دەکەونە ناو ناوچەی قەدەغەکراوەوە، ئەگەر هێرشیشتان کردە سەری، هەر دەکەونە ناو ناوچەی قەدەغەکراوەوە. لەبەرئەوەی گەندەڵکاران لە لاواز و هەژارەکان نین، بەڵکو لە بەهێز و دەوڵەمەندە خاوەن کوتەک و شەقوەشێنەکان و خاوەن ماڵ و دەستڕۆیشتوەکانن.

لەبەرئەوەی کێ هەیە لە وڵاتێکی دیاریکراودا بتوانێت ئەو بڕە پارەیەی دەڵاڵی وەربگرێت، ئەگەر خاوەن ئێسقانێکی بەهێز نەبێت کە ناشکێت؟ کێ دەتوانێت بەو ئەندازەیە حەشیش بچێنێت و هەناردەی بکات، ئەگەر لە کۆڵەکەکانی ماڵ و دەستڕۆیشتوو نەبێت؟ کێ دەتوانێـــت دەرگاکانـــی بانقــەکــان بکاتەوە بۆ سپیکردنەوەی پارە قێزونەکان، ئەگەر لە دەسەڵات بەدەستان نەبێت؟

هەمیشە گەورەم قسەی دایە گەورەکانتان لەیادبێت کە دەڵێن: «**دار پوازی لەخۆی نەبێت ناقڵیشێ**».

کەواتە پوازەکە کێیە و دارەکە کێیە؟

## پەراوێزەکان

١- ڕۆژنامەی (النهار)ی ١٩٩٩/١٠/٢٨.

٢- تەبسی بەزمانی خەڵکی حیجاز مانای سینییەکی گەورەیە و ئەردونییەکان پێیدەڵێن (سیدر).

٣- بورهان غلیون، بیرۆکەی یەکگرتن لە خۆرئاوی عەرەبی، گۆڤاری (دراسات عربية)، بەیروت، ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٨٦، ٢٦.

٤- عەبدولرەحمان مونیف، ناسیونالیزم و شوناس و شۆڕشی عەرەبی، دیداری «بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازی عەرەبی»، مرکز دراسات الوحدة العربية ١٩٨٧، ل١٠٠.

٥- ڕۆژنامەی (واشنتۆن پۆست) هۆکاری لەکارخستنی سەرۆکی ئەمریکا (ریچارد نیکسۆن) بوو لە ساڵی ١٩٧٤دا،

ئەوەش لە ڕێگەی ئاشکراکردن و بڵاوکردنەوەی ئابڕووچوونی «واترگێت»ەوە.

٦ - عبدوڵڵا ئیمام، گەندەڵی دیاردەیەکی نەتەوەییە، ڕۆژنامەی (الرای)، عمان ٢٠/١٠/١٩٩٩.

## (٥)
## دەربارەی نوێکردنەوەی پەیمان

**«سوێند بەخوا ئێمە کەسێک ناکەین**
**بە لێپرسراوی ئەم کارە کە داوای بکات**
**یان پێداگریی لەسەر بکات.».**

حەدیسی پێغەمبەرە
سەبارەت بە فەرمانڕەوایی

□ گەورەم ئەگەر ئێوە لە سوڵتانەکانی هەڵبژاردن بوون، نەک سوڵتانەکانی پێسپاردن، ئەگەر لەوانە بوون کە هەر چوار یان شەش ساڵ جارێک ماوەی حوکمڕانییەکەتان نوێدەکرێتەوە، کاتێک ماوەی نوێکردنەوەی پێنجەمین یان شەشەمین جاری پەیمان هات، ئەوا دانایییە داوا لە نووسەر و ڕۆژنامەوانەکانتان بکەن وەبیری هەڵبژێرەکانی بهێننەوە، کە ئێوە بۆ قۆناغی داهاتوو زۆر پێویستن و ناکرێت گرنگی و پیاوچاکیتان فەرامۆشبکرێت. هەروەها باسی ئەوە بکرێت کە توانای مامەڵەکردنتان- بەپێی ئەو ماوە درێژەی حوکمڕان بوون- لەگەڵ مەسەلە جیهانییەکاندا، دیارترینیان لەگەڵ گرتبوونەوە سیاسی و ئابوورییە مەزنەکاندا گەورە و مەزن بووە، بەشێوەیەک کە بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی وڵاتەکەتان لە ماوەی شەڕی ساردی پێشوودا، یان لەسایەی سیستەمی نوێی جیهانیی دواتردا، زامن بێت.

□ گەورەم ژیرییە لەکاتی نزیکبوونەوەی

کۆتاییهاتنی ماوەی سەرۆکایەتییەکەتاندا- ئەگەر لە سوڵتانەکانی هەڵبژاردن بوون نەک پێسپاردن- وا لە نووسەر و ڕۆژنامەوانەکانتان بکەن هەڵمەتێکی نوێکردنـــەوەی ماوەیـــەکـــی تـــری ســـەرۆکایەتـــی دەستپێبکەن و دروشمی تەحەددای نێوان عەرەب و ئیسرائیل زۆر بە باشی زەقبکەنەوەو زۆر بەتوندی پێی لەسەر دابگرن و بەو تەحەددا ژیواری و مێژوویيە سەرسەختەی دابنێن کە کۆتایی نایەت، تەنانەت لە سایەی ئەو ئاشتییە سیاسی و سەربازییەی لەئاراشدایە. هەروەها ئەوە بخەنەڕوو، هەڵبژاردنتان بۆ ماوەیەکی نوێی سەرۆکایەتی- کە پشت بەخوا بە ڕێژەی ٩٩٫٩٩٩٪ دەبێت، یان لانی کەم ئەگەر باش نەبوو و مورتەزەلە فێڵەکانی خۆیان خستەگەڕ، ئەوا بەڕێژەی ٩٩٫٨٨٨ دەبێت- تاقە بەرپەرچدانەوەیە بۆ ئەو تەحەددایە و تاقە چەکی توندی میللەتە بۆ ئەو جۆرە بەرەنگاربوونەوەیە.

□ گەورەم ئەگەر وڵاتەکەتان بە ژمارەی دانیشتوان و قورساییە عەرەبی و ئیسلامییەکەی گەورەبوو و کاتی نوێکردنەوەی پەیمانی پیرۆز بۆ شەشەمین یان حەوتەمین جار هاتەپێشەوە، ئەوا دانایيە داوا لە نووسەر و ڕۆژنامەوانەکانتان بکەن وەبیری خوێنەرەکانی خۆیانی بهێننە ئێوە - نەک یەکێکی تر - دەتوانن لە نێوەندە عەرەبی، ئیسلامی، ئەفریقی، ئاسیایی و خۆرئاواییەکاندا مامەڵە لەگەڵ مەسەلە هەرێمایەتییە هەستیارەکاندا بکەن و ئەو توانایە لە ڕابردوودا بۆتە

مایەی پاراستی ڕۆڵی پێشڕەوایەتیی وڵاتەکەتان لە خاوکردنەوەی توندیی ململانێکاندا، ئەوەش ڕێزێکی نێودەوڵەتیی بۆ وڵاتەکەتان دروستکردوە و ئەو نیعمەت و گەشانەوە و پێشکەوتنەی پێ بەخشیوە کە لای نەتەوەکان و میللەتە عەرەبیەکان و میللەتە ئیسلامییەکانی تر شانازیی پێوە بکەن.

☐ گەورەم لە هەر بۆنەیەکی پەیمان نوێکردنەوەدا قۆناغێکی قورس و هەرستیار هەیە، هەتاکو ڕۆژی بەخاکسپاردن و زیندووبوونەوەش قۆناغە قورس و هەستیارەکان بۆ میللەتە عەرەبییە مەزنەکان دووبارەدەبنەوە.

گەورەم لە بۆنەیەکی وەک بۆنەی نوێکردنەوەی پەیمانی ئیمڕۆدا، ئەوەی لای هەریەکێک لەو ڕووناکبیرانەی وڵاتەکەت خۆشەویستە، کە لەم ڕۆژگارە میهرەبانە پیرۆزەدا ڕۆژنامە ڕەسمییەکانیان بە بیروڕاکانی خۆیان پڕکردوە، پێویستە ئەو نووسەرانە باسی ئەوە بۆ خوێنەرەکانیان بکەن، تەنیا ئێوە دەتوانن لە قۆناغی سەختی داهاتوودا بەئازایەتییەکی بێوێنە مامەڵە لەگەڵ مەسەلەکانی نیشتماندا بکەن و بەتوانایەکی بێهاوتا کێشەکان چارەسەربکەن و موعجیزەکان بهێننەدی.

☐ گەورەم لایەنی ئابووری لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا زۆر گرنگ بووەو خەڵک زیاتر لە جاران برسین و بەسەر ناندا داباریون، بەتایبەتی کە ئێمە لەبەردەمی دەرگاکانی هەزارەی سێهەمداین.

لەسایەی لەناوچوونی ململانێی ئایدیۆلۆژی لای عەرەب و کزبوونی بزووتنەوەی ناسیونالیزم و دیارنەمانی بانگەشەکاران و هەوادارانی و شکستخواردنی پڕۆژەی یەکگرتن بەهۆی دەربڕینی بیروڕاکانی سۆشیالیزمەوە لە شەست و حەفتاکاندا، ڕاسترەوەکان و خاوەن پارە و دەسەڵاتەکان کەوتوونەتە دوورکەوتنەوە لە یەکگرتن و بانگەشەکارانی و هەرکاتێک باسی یەکگرتن دەکرێت دەبنە دڕندەی هەڵمەتبەر بۆ سەر یەکگرتن و ناوهێنانی.

لەبەرهەموو ئەوانە و لەپێناویاند او بۆ چەسپاندنیان و پشتبەستن پێیان، دانایییە گەورەم سەرنجی نووسەر و ڕۆژنامەوانەکانتان ڕابکێشرێت بۆ ئەوەی لە نووسینەکانیاندا پێ لەسەر ئەوە دابگرن کە قۆناغی داهاتوو پێویستی بە دانانی چەند بنەمایەک هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ قەوارە ئابوورییە کەتەکان لەسەر ئاستی جیهان و لە چوارچێوەی ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکانی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانیدا، بەبێ گوێدانە قەبارەی ئابووریی وڵاتەکەتان و ڕۆڵی لە ئابووریی عەرەبدا، کە هەمیشە و چەند ڕۆژێکی کەمی لێ دەربچێت ڕوو لە خراپبوونە. هەروەها ماوەی داهاتوو ماوەیەکی پێویستە بۆ دەستەبەرکردنی کەشوهەوای وەبەرهێنانی گونجاو بۆ سەرمایە عەرەبی و بیانییەکان. ئەمەش بەبێ سەقامگیری سیاسی نابێت، کە بەردەوامیی ڕەوایەتیی ئێستایە، هەتاکو ئەوە بێتەدی کە ئەو ڕەعیەتە دەستپاکە بۆی

تێدەکۆشن. **چونکە هیچ سەقامگیرییە بەبێ بەردەوامی نابێـت.**

 لەبەر ئەوەی ئامۆژگارییەکان پاش کار لەکار ترازان بێسوودە، بۆیە گەورەم پێویست و گرنگ و سوودبەخشە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەتان پێ لەسەر توخمێکی بنچینەیی دابگرێت، ئەویش ئەوەیە کە نوێکردنەوەی پەیمانی پیرۆز و نوێکردنەوەی پەیمانی بەشداریکردنی شەشەم یان حەوتەم یاخود هەتاهەتایی بۆ خودی کەسی خۆتان نییە، بەڵکو نوێکردنەوەی پەیمانی بەشداریکردنە لەسەر بنچینەی بەرنامەیەکی چاکسازیی کامڵ. ئا لێرەوە هەر تاکێکی دەنگدەری ڕەعیەت دەخەنە بەردەم تاقە بژارێک: **یان هەڵتانبژێرن و پڕۆژەی چاکسازی جێبەجێبکرێت، یان وڵات بەبێ چاکسازی و کلیل دەبێت و سەرەنجام وێرانە بەگشتی لەئارادەبێت و دەستدرێژی دەکرێتە سەر دەرگـاکـان..!**

 گـەورەم لەبەرئەوەی ئێمــە لــە سەردەمی شۆڕشی ئەلکترۆنی و تەکنۆلۆژیداین، بۆیە باش نییە پڕۆژە پیرۆزەکانتان لەو بوارانەدا لەبیری میللەت بچنەوە. پێویستە لەسەر نووسەرو ڕۆژنامەوانەکانتان لە ڕۆژە نەمرەکاندا پێدابگرن لەسەر گرنگیی ڕەوایەتی بۆ چەسپاندنی بنچینەکانی ڕابوونی زانستی و تەکنۆلۆژی، کــە یەکســەر لــە یەکەمین ڕۆژی خولی نوێی فەرمانڕەواییتانەوە دەستپێدەکات.

 گەورەم ئەگەر لە سوڵتانەکانی هەڵبژاردنن، نەک لـە سوڵتانەکانی پێسپاردن، کاتێک بۆنەی

نوێبوونەوەو نوێکردنەوەی پەیمانی نوێ هاتە پێشەوە، ئەوا ژیرییە داوا لە نووسەرو ڕۆژنامەوانەکانتان بکەن، سەرباری مانەوەتان لە حوکمڕانیدا بۆ ماوەیەکی درێژ، باری خراپی ڕەعیەت و پێویستیی ئەوان بە ئێوە لە داهاتوودا باسبکەن و دەربخەن. بیخەنەڕوو ئەگەرچی لە ڕابردوودا بۆ ماوەیەکی درێژ لە لوتکەی حوکمڕانیدا بوون، بەڵام شەڕ و تەحەدداکانی پێشکەوتن پێویستی بە کاتی درێژتر هەیە و نەهێشتنی گشت لایەنەکانی لاوازی گەورەتربووە لە تواناکانتان. لەبەرئەوە ڕەعیەت ئێستا پێویستی بە نوێکردنەوەی پەیمان هەیە، بۆ تەواوکردنی بنیاتنان و لەناوبردنی تەواوەتیی گشت لاوازییەکان.

☐ گەورەم جوان و سوودبەخشە لەم ڕۆژگارە پیرۆزە میهرەبانەی نوێکردنەوەی پەیمان و سەرلەنوێ دەسەڵاتگرتنە دەستدا، بە نووسەرو ڕۆژنامەوانەکانتان ڕابگەیەنن کە سەردەمی پێشووتان سەردەمی بەزەییهاتنەوەبووە بە مورتەزەلەدا و سەردەمی میهرەبانی بووە بەرامبەر بە نەیارەکان و شمشێر بەدەست ئێوەوە بووە، بەڵام بەبەزەیی و لێبوردە بوون و ملی کەستان پێ نەپەڕاندوە و بەهۆیەوە ڕێگەتان لە هیچ کەسێک نەگرتوە بداتە بەرزایی. هەروەها ئێوە بەڵێنتان داوەو بەڵێنەکەتان بردۆتە سەر، بەڵکو بەوەفابوونی خۆتان زیاترکردوە و خۆشگوزەرانیتان زۆرترکردوە.

گەورەم بەوانەی ڕابگەیەنن، ئەوە بڵێن کە

نووسەری میسرِی ئەنیس مەنسورِ – ئــەوەی لە ســەردەمی سەرۆک ساداتدا پێیاندەوت «ئەنیس لێبوکی سەرۆک»- لە بۆنەی چوارەمین نوێکردنەوەی پەیمانی سەرۆک حوسنی موبارک لە ساڵی ١٩٩٩دا وتویەتی:

**«ئێمە پێیدەڵێین بەڵێ، بەهۆی ئەوەی کردویەتی و هیناویەتییەدی. ئەو بەڵێنی زۆری دا و هەموو بەڵێنەکانی خۆی گەیاندۆتە جێ و زیاتریشیکردون. ئەو شمشێری بەدەستەوەبوو، بەڵام لە زوڵملێکراوێکی نەداو قەڵەمێکی تێک نەشکاند و دڵێکی نەشکاند.»** (١)

□ گەورەم وشەکانی وەک شەفافییەت، بێگەردی، ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، بەگژاچوونەوەی بەرتیل، چاکسازیی کارگێڕی، ئازادی و سەربەخۆیی دادوەری... ئەو دروشمانەن پێویستە لە هەڵمەتی نوێکردنەوەی پەیماندا زیاتر لەو دروشمانەی تر جەغتیان لەسەر بکەیتەوە، کــە ڕۆژگاریــان بەســەرچووە. چونکە دەستەواژەکانی وەک هێنانەدیی یەکگرتنی عەرەبی، سۆشیالیزمی زانستی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، دیموکراسیی خۆرئاوایی نامۆ، تێکشکاندنی ئیمپریالیزم، وردوخاشــکردنی ئیســرائیل، بەگــژاچــوونــەوەی دەرەبەگەکان و سەرمایەی چەوسێنەر، خەباتکردن دژی تابوری پێنجەم و شەشەم، سوتاندنی کەشتیی حەوتەم...هتد ئەو شتانە نین کە خەڵک گوێیان لێ دەگرێت. لەبەرئەوەی ئێمە لەبەر دەرگاکانی سەردەمێکی نوێ و فەرمانڕەواییەکی نوێ و وەلایەکی

نوێداین، بۆیە گەورەم دەبێت دروشمەکانمان تەبابن لەگەڵ هەموو ئەو دەرهاویشتانەدا.

 گەورەم لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەتاندا بۆ نوێکردنەوەی پەیمانی پیرۆز و بەشداریکردن تووشی کێشەیەکی سادە دەبن، ئەویش گوێنەدانی ڕەعیەتە بە دەنگدان و نەچوونیانە بۆ سەر سندوقەکانی شوێنکەوتن. چونکە زۆربەیان دەزانن سەرەنجامەکە هەر یەکێکە و خۆتان سەرکەوتوودەبن و شکۆمەندی بەدەستدێنن، جا ئەوان دەنگبدەن یاخود نا. کەواتە بۆچی خۆیان ماندووبکەن و لە بەردەمی لیژنەکانی شوێنکەوتن لە ڕیزی درێژدا نۆرەبگرن و بڵێن «**بەڵێ**»؟ ئەو وشەیەی لە ڕێگەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکانەوە ماوەیەکە لە ڕێگەی گۆرانییەکانی «**بەڵێ**» و «**باشترین پیاو**»ەوە دووبارەدەکرێنەوە. هەروەها لە ڕێگەی گۆشە درێژەکانی ڕۆژنامەکانەوە کە «ڕۆژنامەچییەکان» و «نووسەرچییەکان» دەیاننووسین- ئەو ناوەی خوالێخۆشبوو شێخ ئیمام عیسای گۆرانیبێژ و ئاوازدانەری میسریی خاوەن ئەو ئاوازانەی گوێیان لێ دەگیراو ئەو وشانەی قەدەغەبوون - ئەویش بۆ ماوەیەکی درێژخایان و بەمەبەستی ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنەکان، بەتایبەتی ئەگەر کاتی ئەو هەڵبژاردنانە لە هاوینی گەرم یان زستانی سارددا بێت، چونکە گەورەم سەرەنجامەکە هەر هەمان شت دەبێت.

گەورەم لەبەرئەوەی ژمارەی عەرەبیی بەخشندە

لەنیوەی دوەمی سەدەی بیستەمدا (٩٩،٩٩٩٪)یە و لە هەلومەرجی نائاساییدا، کاتێک مورتەزەلە فیڵەکانی خۆیان لە هەندێک وڵاتی عەرەب بەکارهێنا و سەرەنجامی هەڵبژاردنەکان هاتەخوارەوە بۆ (٩٨،٨٨٨٪) و بووە مایەی دڵشکاوی و پرسیارورووژاندن... ئەوا ئەو ژمارەیە شتێکە بەدەستدێت، جا میللەت دەنگبدات یان نا، چونکە جنۆکەکانی وەزارەتی ناوخۆ دەزانن چۆن دەیژمێرن و پێکیدێنن.

گەورەم هەندێک لەو دەوڵەتانەی ڕژێمەکانیان بە ڕژێمی وڵاتەکەتان دەچن کارێکی باشیان کردوە، کاتێک سزای دارایی زۆریان بەسەر هەموو ئەوانەدا سەپاندوە کە لە ڕاسەپاندن (٢) دوادەکەون. کەواتە ڕاسەپاندن بەبێ سەپێنەر سوودی چییە؟

گەورەم داناییە پەنا بۆ سیستەمی سزای دارایی بەرن، هەتاکو هەر یەکێکی ڕەعیەت ناچاربکەن ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی خۆی شەرفەمەندانەو بە ئازادی و بەرپرسیارانە لەسەر سندوقەکانی شوێنپێهەڵگرتندا جێبەجێبکات.

 گەورەم ژیرییە لەکاتی نزیکبوونەوەی کاتی نوێکردنەوەی پەیمانی پیرۆزدا بۆ ماوەیەکی نوێی سەرۆکایەتی- ئەمەش وشەیەکی ناسکتر و جوانترە لە وشەی هەڵبژاردن کە لە خۆرئاواوە بۆمان هاتووەو نامۆیە بە زمانەکەمان و شێخە ڕێزدارەکانمان لەناو پیاوانی ئاییندا پێی ڕازی نین- نووسەر و ڕۆژنامەوانەکانتان ڕاسپێرن باسی بارودۆخی ڕەعیەت بکەن و باری

ئەو حیزبانەیان- ئەگەر هەبن- بەجۆرێک بخەنەڕوو کە حیزبگەلێکن پەیوەندیی سەرکردەکانیان لەگەڵ حیزبییەکانـدا دیکتاتۆریانەیـە، مەیلی ئاژاوەگێڕییـان هەیە، گوتارە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فیکرییەکەیان چەوتە، بیروڕاکانیان زۆر سادەیە، داواکارییەکانیان خەیاڵییە و دروشمەکانیان ڕۆمانسیانەی ناواقعین.

هەروەهـا گـەورەم داناییـە نووسـەر و ڕۆژنامەوانەکانتان ڕاسپێرن حیزبە سیاسییەکان بانگهێشت بکـەن بـۆ دامەزراندنی مەحـاڵ و نالۆژیکی، ئەویش هاوکاریکردن و یەکگرتن و پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانییە لەگەڵ یەکتر، کە وەک دەزانن گەورەم لە ڕووی عەرەبییەوە نالۆژیکییەو لە ڕووی نەتەوەییە هیچ پەیوەندییەکی بە حەقیقەتەوە نییە. ئەگەر وانەبێت، ئەوا حیزبە عەرەبییەکان ناوی حیزبیان لێ نەدەنرا.

مەبەست لە هەموو ئەوانە دوورخستنەوەی ڕوانینی حیزبەکانە لـە شـەڕی داهاتووی سەرۆکایەتی و ڕەوایەتی یان ناڕەوایەتیی- وەک حیزبەکانی مورتەزەلە بانگەشەی بۆ دەکەن -و سەرقاڵکردنی حیزبەکانە بەخودی خۆیان و کێشەکان و ململانێ ناوخۆییەکانی خۆیانـەوە.

□ گەورەم بەبۆنەی نوێکردنەوەی فەرمانڕەوایی پیرۆز و پەیمانی بەشداریکردنەوە هەمیشە مورتەزەلە ڕادەبن و ئەو دەفتەرانەی دیموکراسی دەکەنەوە کە بەدرێژایی ماوەی پێشوو داخراوبوون

و داوای شتێک دەکەن بەناوی «**پەروەردەکردنی دیموکراتیانە**»، ئەوەی لە ڕوانگەی ئەوانەوە دەبێت لەگەڵ شیرپێدانی منداڵەوە دەستپێبکات. دەشڵێن پێویستە کۆمەڵگەی بەڕاستی دیموکراتی تەنیا بە هەڵبژاردنی نوێنەرەکان و سوڵتانەوە نەوەستێت کە هەڵبژاردنێکی یەکلایەنانەن، بەڵکو لە قوتابخانە و تەمەنی منداڵییەوە دەستپێبکات، چونکە ئەوە وەک نەخشی سەر بەرد وادەبێت و ناسڕێتەوە. واتە دەبێت نوێنەری پۆل هەڵبژێررێت و بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە داینەنێن. هەروەها سەرپەرشتیار و پەروەردەکار و ئەو پۆستانەی پەیوەندییان بە بەڕێوەبردنی کاروباری قوتابخانەوە هەیە بەهەڵبژاردن بێت. بەهەمان شێوە لە زانکۆ و کۆلیژەکاندا. لە ژیانی گشتیشدا پێویستە سەرۆکی شارەوانییەکان و ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی و گوندەکان لەلایەن دەسەڵاتەوە دانەنرێن، بەڵکو هەڵبژێردرێن. بەهەمان شێوە پارێزگارەکان، والییەکان، جابییەکان، بانگەشەکاران، ڕێپیشاندەران و تیرهاوێژەکان. هەروەها دەبێت دامەزراندنی وەزیری وەزارەتە گرنگەکانی وەک دەرەوە، بەرگری، پەروەردە، خوێندن، ڕۆشنبیری و بەڕێوەبەرەکانی بەڕێوەبەرایەتیە هەستیارەکانی وەک ئاسایش و هەواڵگری ملکەچی لێپرسینەوە و پەسەندکردن و ڕەزامەندیی ئەنجومەنی ڕەعیەت بن و گشت بڕیارەکانی دامەزراندن تەنیا بەدەست سوڵتانەوە بێت.

بێگومان گەورەم ئەمە تێڕوانینێکی خۆرئاواییانەی

نامۆیە بە دابونەریت و کەلەپوری دیموکراتیمان و لاسایکردنەوەیەکی کوێرانەی بێگانەکانە لە ژیانی سیاسیاندا، کە لەگەڵ ژیانی سیاسیی ئێمەدا جیاوازەو دەبێت میرێکی ڕەهاخواز هەبێت کە کوتەکێکی بەدەستەوەیە و چواردە سەدەیە بە حوکمڕانیی میر ڕاهاتووە. ئەمەش ئەوەیە کە وەزیری ڕاگەیاندنی میسڕی (سەفوەت شەریف) بەبۆنەی چوارەمین نوێکردنەوەی سەرۆکایەتیی حوسنی موبارکەوە لە ساڵی ١٩٩٩دا وتویەتی:

**«مەسەلەکە مەسەلەی پلورالیزم نییە، بەڵکو مەسەلەی دەوڵەتێکی گەورەیە (واتە میسڕ)، دەوڵەتێک کە سەرکردایەتیی نەتەوەیەک دەکات، دەوڵەتێک کە سیاسەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێکدێنێ، دەوڵەتێک کە دەبێت سەرکردایەتیەک هەبێت بۆ پاراستنی. شێوازی تاقە کاندیدیش شێوازێکە میسڕ هەڵیبژاردوە بۆ پاراستنی ڕێڕەوەکەی و چەسپاندنی ئەو ڕێسایانەی میسڕ بڕوای پێیانە و گونجاوە لەگەڵ سروشتەکەی و ئەو تەحەددایانەی ڕووبەڕوویاندەبێتەوە و ڕێڕەوەکەمان بڕوای پێیانە. دەوڵەتەکانی تر ئەوا قەبارە و قورسایی و دابونەریت و شێوازی جیاوازی خۆیان هەیە، بەڵام میسڕی تەوەرەیی، میسڕی بڕیارسازی ناوچەکە و سەرکردەی نەتەوە عەرەبییەکەی، ئەو میسڕەی بۆ داهاتوو کاردەکات و بنیاتدەنێت، بێگومان دەبێت ئەو ڕێڕەوە بەدەستوورێک زامنبکات کە دەیپارێزێت.»** (٣)

گەورەم میللەتـە ئەورووپاییـەکان بـۆ خۆیـان

پێشکەوتوون و خـاوەن کولتوور و هوشیارییەکی گەورەن و ڕێژەی نەخوێندەواری تیایاندا لە ١٪ کەمترە و ئاستی بژێوی تیایاندا بەرزە. هەموو ئەوانەش پشتگیرییەکی پێویستن بۆ دیموکراسی و کۆڵەکەگەلی بەهێزن بۆی، بەپێچەوانەی ئەوەی ئێمە تیایداین. لێرەوە جلوبەرگەکەی ئەوان بۆ ئێمە تەسکەو جلوبەرگەکەی ئێمەش بەکەڵکی ئەوان نایەت.

گەورەم لێرەوە دەردەکەوێت، ئەوە میللەتانن کە دەبێت بگۆڕێن، لە ڕێگەی نەهێشتنی نەخوێندەواری، بڵاوکـردنـەوەی زیاتـر و زیاتـری خوێنـدەواری، کردنەوەی دەرگاکانی خۆرهەڵات بەڕووی خۆرئاوادا، بانگهێشتکردنی کولتوورەکان بۆ کارلێککردن لەسەر بەرزترین ئاستی شیاو، هەتاکو دواتر میریش بتوانێت لەناو کۆمەڵگەیەکی گۆڕاودا بگۆڕێت، نەک لەناو کۆمەڵگەیەکی ڕەقهەڵاتوودا بەردەوامبێت. هەروەها بۆ ئەوەی گەمەی دیموکراسی بەباشترین شێوە ڕووبدات. بێگومان هەتاکو ئەو کاتەی میللەتانیش دەگۆڕێن، خوا ئەوە دەخوڵقێنێت کە بەمێشکدانایەت؟

□ گەورەم لە گەرمەی هەڵمەتی نوێکردنەوەی پەیمانی درێژخایانتانـدا وا لـە نووسـەر و ڕۆژنامەوانەکانتان بکەن داوا لە حیزبەکان بکەن – ئەگـەر هەبـن – بانگـەواز بـۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و بەشداریکردن تیایداو کۆنترۆڵکردنی پشێویی تەشەنەسەندوو لە وڵات و هەر جومگەیەکدا، لە زانکۆوە بۆ شەقام، بڵاوبکەنەوە. چونکە ئەوە بنچینەی چاکسازییە، ئەگەر حیزبەکان مەبەستیان

بێت. پێویستە حیزبەکان باز بەسەر ئەو بەربەستانەدا نەدەن و یەکسەر نەچنە بەردەم دەرگای سەرۆکایەتی، بەوپێیەی چاککردنی دەروازەی سەرۆکایەتی، کە مورتەزەلە هەمیشە داوایدەکەن، دواترین شتە دەبێت هەستیپێبکرێت و دەستکاریبکرێت.

گەورەم پێویستە حیزبەکان پێش باسکردنی چاککردنی دەروازەی سەرۆکایەتی- کە وەک حیزبەکان دەڵێن لەکارکەوتووە - خەریکی چاککردنی خۆیان و دەروازەکانیان بن و لە ڕۆژنامەوانی و کۆنگرە و بڕیارەکان و ئەندامێتیاندا جەغت لەسەر پرنسیپی دیموکراسی بکەنەوە، پێش چاککردنی دامەزراوەی سەرۆکایەتی و داواکردنی سەرۆکایەتیی پەرلەمان. **چونکە ئەوەی ماڵەکەی لە شوشە بێت بەرد ناگرێتە ماڵی خەڵـک.**

□ گەورەم لە هەر بۆنەیەکی نوێکردنەوەی سەرۆکایەتی و دابینکردنی ژێرییدا قسەی زۆر دەربارەی گەلێک شت دەوروژێنرێت، وەک گۆڕان و پێویستیی گۆڕان، دنیای دەوروبەرمان بەخێرایی دەگۆڕێت، ئێمە لە بەر دەرگاکانی هەزارەی سێیەم و چوارەمداین و زۆر بیانوی تر کە لایەنگرانی چەپ و بەرهەمهێنەرانی وێرانکاری لەو بۆنە پیرۆزانەدا دەیانهێننەئاراوە. بێگومان گەورەم نووسەر و ڕۆژنامەوانەکانتان دەرک بەو خراپەکاریانە دەکەن کە لەو جۆرە بانگەوازە مەکربازانەوە سەرچاوەدەگرن، بۆیە پێویستە ئەو نووسەر و ڕۆژنامەوانانە بەرپەرچی ئەوانە بدەنەوە و

بڵێن گۆڕان داخوازییەکی ڕەوایە و دەبێت لە بناغەوە دەستپێبکات نەک لە سەرەوەو پەندە فەرەنسییەکەی دەڵێت «**ماسی سەرەتا لە سەرەوە بۆگەندەبێت**» تەنیا قسەی ماسیفرۆشانە. بەوپێیەی گۆڕانکاری دەبێت هەمیشە لە خوارەوە دەستپێبکات و بە سەرەوە کۆتایی بێت، ئەی چی دەڵێن کە هێشتا گۆڕانەکە دەستی پێ نەکردوە؟

دەربارەی ئەمە یەکێک لە ڕەخنەگرەکانی بیری عەرەبیی هاوچەرخ دەڵێت: «**خەمی گۆڕان هەمیشە ڕوو لە دەرکەوتووترین شت دەنێت کە ڕووبەڕووی هوشیاریی ڕاستەوخۆ دەبێتەوەو بریتییە لە دەسەڵاتی لوتکەی قۆچەکی کۆمەڵایەتی. چونکە هەمیشە بەکوێلەکردنی دەسەڵاتخوازانە ئامانجە ڕوونەکە بووە و بەرەنگاربوونەوەی بەری واقعیانەی ناکۆکیی شاقوڵی بووە لەنێوان لوتکە و بنکەی کۆمەڵگەدا. لەناو مێشکی بیریارەکانی عەرەبدا – شۆڕشگێڕەکان و ئایدیۆلۆجستەکانیان – ئەوە چەسپیووە کە گۆڕینی دەسەڵات تاقە دەروازەی گۆڕینی بونیادی هەمەلایەنی کۆمەڵگەیە، بە پەیوەندییە ناوەکی و دەرەکییەکانیەوە. بەوجۆرەش مێژووی هاوچەرخمان چووە ناو بازنەی بۆشیی ترسناکەوە، کە لەنێوان ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتگرتنەدەست و پاراستنی لە دەستی نەیارەکانیدا دەجوڵێتەوە**» (٤)

کەواتە گەورەم چۆن مورتەزەلە دەیانەوێ باز بەسەر بەربەستەکاندا بدەن و قۆناغەکان بسوتێنن و خۆیان بنوێنن؟!

لەلایەکی ترەوە گەورەم، ترسی نییــە ئەگــەر لە هەڵمەتی ڕۆژنامەوانیدا – ئەگەرچی هیچ هەڵمەتێکی هەڵبژاردن پێویست نییە، چونکە هیچ ڕکابەرێکتان نییە و ئێوە تاقە کاندیدن بۆ پۆستە هەر شکۆدارەکە –پێ لەسەر ئەوە دابگرن قۆناغی داهاتوو وەک هەموو قۆناغەکانی ڕابردوو پێویستی بە **نوێکردنەوە** هەیە، نەک **گۆڕانکاری**. گەورەم مەبەستمان لە نوێکردنەوە، دەرفەتڕەخساندنە لەبەردەم نەوە تازەپێگەیشتووەکاندا شوێنی خۆیان لە ژێر خۆر و مانگیشدا بەدەستبهێنن، هەروەها ڕێزگرتنە لەویتر. هەموو ئەوانەش پێویستیان بە ڕێکارگەلی بوێرانە و دانایانە هەیە و پێویستیان بە گۆڕینی پەیامەکان و سروشتی میتۆدەکان و بنچینەی ستراتیژەکان نییە، بەئەندازەی ئەوەی پێویستیان بەوەیە گشت ئەوانە لەگەڵ سروشتی پەیمانی نوێدا تەبابێت، ئەو پەیمانەی بەرەو ئاسۆگەلی نوێی فراوان و هیواگەلی خۆشەویست ڕاماندەکێشێت.

□ گەورەم ژیرییە لە هەڵبژاردنەکاندا پیاوانی ئایینی لە بەرژەوەندیی خۆتاندا بەکاربهێنن، چونکە دەنگیان زۆر گوێیان لێ دەگیرێت، خاوەنی درێژترین زمان و جۆرە قۆرگێکن کە بەدەگمەن قەدەغەدەکرێت. گەورەم نابێت لەو بەکارهێنانەدا زیادەڕۆبن، چونکە دەشێت دژی خۆتان هەڵگەڕێتەوە و پیاوانی ئایینی و فەتواکانیان بێمتمانەبن. ئەو متمانەیەی پێویستە بیپارێزن، هەتاکو پیاوانی ئایینی هەمیشە لە میحنەت و فیتنەکاندا پشتیوان و پشتگیرتان بن. بۆیە دەبێت

وریای ئەوە بن پیاوانی ئاینی زیادەڕۆیانە بۆتان نەخرۆشێن، وەک ئەوەی لە چوارەمین نوێکردنەوەی پەیمانی حوسنی موبارەکی سەرۆکی میسڕ لە ساڵی ۱۹۹۹دا ڕوویدا و شێخ نەسڕ فەرید، موفتی کۆماری میسڕ، فەتوایەکی دەرکرد کە ناوەڕۆکەکەی بریتی بوو لە:

**«نوێکردنەوەی پەیمان ئەکێکی ئایینیە، هەریەکێک لە نوێکردنەوەی پەیمان دوابکەوێتو بکشێتەوە خیانەت لە خۆی و کەسوکار و نیشتمان و ئایینەکەی دەکات و دەبێتە یەکێک لەو ڕیاکارانەی خراپەکاری لەسەر زەوی بڵاودەکاتەوەو یەکگرتوویی میللەت و کۆمەڵ هەڵدەوەشێننەوە. نوێکردنەوەی پەیمان بۆ موبارەک، نوێکردنەوەی پەیمانە بۆ خوا و پێغەمبەرەکەی.»** (٥)

پێدەچێت موفتیی ڕێزداری میسڕ پشتی بە حەدیسێکی پێغەمبەر بەستوە کە دەڵێت:

**«ئەوەی بمرێ و نوێکردنەوەی پەیمانێک لەئەستۆیدا بێت ئەوا خیانەتی لە خوا و پێغەمبەرەکەی کردوە»**.

بەڵام خۆ حەدیسەکەی پێغەمبەر لە نوێکردنەوەی پەیماندا نەیوتوە بڵێ «بەڵێ»، چونکە حەدیسێکی سەحیحی پێغەمبەر هەیە دەڵێت: **«هەرکەسێک کاری موسڵمانانی بەدەستبوو یەکێکی کردە لێپرسراو و لەهەمان کاتدا لەو باشتری لەبەردەستدابوو، ئەوا خیانەتی لە خوا و پێغەمبەرەکەی کردوە»**. حەدیسێکی تری پێغەمبەر دەڵێت: **«هەرکەسێک پیاوێکی لە دەستەیەکدا بۆ لێپرسراوێتی هەڵبژارد، لە هەمان دەستەدا**

**کەسێکی تیابوو کە خوا زیاتر لێی ڕازیبوو، ئەوا خیانەتی لە خوا و پێغەمبەرەکەی و موسڵمانان کردوە»** .

بەڵام بەپێی دەستووری میسرِی باشترین - ئەگەر هەبێت- ئەو پاڵێوراوە نییە کە لەلایەن ئەنجومەنی ڕەعییەتەوە بە دوو لەسەر سێی دەنگەکان هەڵدەبژێردرێت. کەواتە هەڵبژێری میسرِی لەکوێوە بیهێنێت؟

سەیر ئەوەیە گەورەم هیچ پیاوێکی ئایینی لە میسرِ یان جیهانی عەرەب نەبوو ناڕەزایی بەرامبەر بەو فەتوایە دەربڕێت و ناڕاستیی بخاتەڕوو، چونکە بۆ هەر پیاوێکی ئایینی میرێک هەیە بەتەنگییەوە دێت و ڕۆژێک دێت ئەویش ئەوە بڵێت کە موفتیی کۆماری میسرِ لەکاتی هەڵبژاردنی حسنی موبارەکدا وتویەتی. کەچی گەورەم کاردانەوەی دەستوبرد و خۆڕسکانەی میسرِییە سادەکان سەبارەت بە فەتوای موفتییەکەیان، ئەم دەربڕینەیان بوو بە ترسێکی زۆرەوە: **«ئای چ ڕۆژێکی ڕەشە تێیکەوتووین..!»**

مەترسیی ئەم فەتوایە ئەوەیە، موفتیی میسرِ ڕاستبێژیی خۆی لەدەستداوە و فەتواکانی هیچ بەهایەکی شەرعی یان ڕاستییان تێدا نەماوە، چونکە ئەوانە بەکافردەکات کە ناچنە سەر سندوقەکانی شوێنکەوتن و حوسنی موبارەک هەڵنابژێرن کە بۆتە پێغەمبەرێک، لەبەرئەوەی لە نەریتی موفتی کۆماردا، کە بەرزترین دەسەڵاتی دامەزراوەی ئایینی میسرِییە، درۆ لەئارادانییە. وەک دەگێڕنەوە زیاتر لە

ملیۆنێک و سەد هەزار هەڵبژێر بۆ حوسنی موبارەک وتی «**نا**» (٦)، ئایا دەکرێت– وەک فەتواکەی موفتی دەڵێت– ئەوانە بەو کافرانە دابنێین کە خراپەکاری لەسەر زەوی بڵاودەکەنەوە؟

گەورەم ئەوەندە بەسە بۆ میسرییەکان سزای دارایی بەسەر هەریەکێکدا بسەپێنرێت کە لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیدا دەنگ نادات. هەروەها گەورەم ئەوەندەش بەدبەختی بەسە بۆ میسرییەکان بەرژەوەندییەکانی خۆیان پەکدەخەن بۆ ئەوەی بچنە سەر سندوقەکانی شوێنکەوتن بۆ هەڵبژاردنەوەی سەرۆک، پاش ئەوەی ئەنجومەنی ڕەعیەت پێشوەخت و ماوەیەکی درێژ پێش ئەوەی سەرۆک خۆی کاندید بکات بەکۆی دەنگ پاڵاوتویانە و پشتگیریانکردوە و هەڵیبژاردوە. چونکە جارێک سەرۆک لەلایەن دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی ڕەعیەتەوە کادندیددەکرێت یان هەڵدەبژێردرێت، ئەمەش لە دەستووری میسرپدا وەک ڕاپرسییەکی دەستوورییە. جاری دوەمیش لەلایەن خودی ڕەعیەتەوە و بەهۆی دەنگدانێکی دووجارەوە هەڵدەبژێردرێت، بۆ دڵنیابوونی تەواو و بۆ قوڵکردنەوەی لایەنگیری و شکۆدارکردن.

کەواتە ئەو دووفاقییە لە شوێنکەوتن و بەفیڕۆدانی کات و کۆشش و پارە لەپای چی؟ ئەوە بەسە سەرۆک ڕاستەوخۆ لەلایەن ڕەعیەتەوە هەڵبژێردرێت، یان لەلایەن نوێنەرەکانیانەوە لە ئەنجومەنی ڕەعیەتدا. هەڵبژاردنی سەرۆک لەلایەن

ڕەعیەت و نوێنەرەکانیشیانەوە و لە یەک کاتدا ئەو شتەیە کە میسرپی ڕوون بەرگەی ناگرێت. پێدەچێت ئەمە یەکێک بێت لە هۆکارە سەرەکییەکانی کشانەوەی کەسی میسرپی لە دەنگدان و تەمبەڵێکردنی لەئاست چونە سەر سندوقەکانی شوێنکەوتن.

ئێوەش گەورەم پێتان باش نییە هەڵبژاردنتان بەم شێوازە زۆرملێیانە و بەتۆقاندن و بەکافرکردنی ئایینی بێت، چونکە زۆر ڕێگەی نەرمونیاتر هەن کە بەو شێوە بازاڕییە نییە و موفتیی کۆمار یان تاکەکانی تری دامەزراوەی ئایینی دەتوانن بەمەبەستی بانگەوازکردن بۆ سوڵتان بیگرنەبەر. وەک ئەوەی چاکەکان و دادپەروەری و سەرڕاستیی ئەو لە مینبەرەکانی نوێژی هەینییەوە بخەنەروو، وەک ئەوەی هەمیشە دەیکەن، یان لە ئاخاوتنەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی حکومیدا قسەی باش و بەبێ زیادەڕۆیی بە خەڵک بڵێن، وەک:

ڕووکردنە سندوقەکانی شوێنکەوتن لە ڕۆژی هەڵبژاردنەوەکان و پایەدارکردنەکاندا و شوکرانەکردن ئەرکێکی ئایینی و نەتەوەیی باش و پێشوازیلێکراوەو فیتنەکان دووردەخاتەوەومیحنەتەکان بەدووردەگرێت. چونکە دابڕانی تاکەکانی ڕەعیەت لە بەرپرسیارێتی و دوورکەوتنەوەیان لە بەشداریکردن لە ژیانی گشتیدا کارێکە خوا پێی خۆش نییە، ئەوەتا لە قورئانی پیرۆزدا دەڵێت: **[پەیمانەکەتان بەرنەسەر، چونکە پەیمان لە گەردنتاندایە]** (٧)

هەروەها بەردەوامبن و بڵێن:

ئەو ڕاپرسییە پەیامی ڕەعیەتە بەوەفاکانە بۆ گشت جیهان و گوزارشت لەو پێشکەوتن و بوژانەوە و هوشیارییە دەکات کە ئەو ڕەعیەتە مەزنانە پێی گەیشتوون و بەرجەستەیاندەکەن، هەروەها گوزارشت لەو پایەبەرزی و شکۆداری و پێگە بەرزییە دەکات کە شورا پێیان گەیشتووە و بەرجەستەیاندەکات.

بەوجۆرەش گەورەم لە توڕەبوونی مورتەزەلە و هێرشکردنیان بۆ سەر فەرمانڕەوایی و هەڵبژاردنەکان و پیاوانــی ئاییــنی و مەراییکردنـی فەرمانڕەوایی و شکۆداری بەدووردەبن.

کەواتە گەورەم دانابیە شێخەکانمان لە پیاوانی دامەزراوەی ئایینی بەڕێز بزانن، پاڵێوراو بۆ هەڵبژاردنەکان ئەوە نییە کە پشت بە خوا دەبەستێت، یان خوا هێزی دەداتێ، یاخود پەنا بۆ خوا دەبات، بەڵکو ئەوەیە کە خوا هەڵیبژاردوە.

□ گـەورەم لەوانەیــە هەندێک پیاوی ئایینی دەرفەتی نوێکردنەوەی پەیمان بقۆزنەوە بۆ ئەوەی بیکەنە بۆنەیەکی ڕیاکاری بۆ خۆتان و خێزانەکەتان، بۆیە وریای ئەوە بن گەورەم. ئەوەتان لەبیربێت کە وڵاتەکەتان ئێستا وەک ئەوەی پێش سەدەیەک یان نیو سەدە نییە، بەڵکو جیهان بۆتە گوندێکی گەردوونی و ڕیاکاری بەلای ڕەعیەتێکەوە ئاشکرایە کە دەخوێنێتەوەو خوێندەواریی هەیە، بەڵام ویستی کارکردن و بەکارهێنانی ئەقڵی نییە.

گەورەم ئەمەش ئەوەیە کە لەکاتی چوارەمین پەیمانی نوێکردنەوەی حوسنی موبارەکدا ڕوویدا، ساتێک یەکێک لە تاکەکانی دامەزراوەی ئایینی: شێخ ئەحمەد مەحمود ئیبراهیم (مامۆستای ئاماری ئیسلامیی زانکۆی زەقازیق) لە نامەیەکدا، کە لە بڵاوکراوەی وەرزیـی «اللــواء الاســلامی»دا بڵاویکــردۆتــەوە، پێشنیاری ئەوە دەکات لە حکومەتی نوێی داهاتوودا جەمال موبارەکی کوڕی سەرۆک حوسنی موبارەک بکرێتە وەزیری وەرزش و لاوان (٨). ئاشکرایە ســەرچاوەی ئەو پێشــنیارە ڕیکارییەکی ئاشکرایە، بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئەو پۆست و دەستکەوتانەی شێخ نکۆڵی لێ دەکــردن و بیانــوی ئەوەی دەهێنایەوە کە جەمال موبارەک چاکترین کەسە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو پۆستەو سەرکردایەتیکردنی ئەو کەشتییە. بەوپێیەی گەورەم ئیرەیی و درۆ و ڕیاکاری کانگاکانی زەلیلین، نازانین شێخ ئەحمەد مەحمود ئیبراهیم جەمال موبارەکی ناسیوەو ئاشنابووە بە زانین و شارەزایی، هەتاکو لەسەر بنچینەی ئەوە پێشنیارەکەی بکات. لەکاتێکدا ئەو دەزانێت، لەوانەشە نەزانێت، کە جەمال موبارەک بۆ پۆستی مەزنتر و کەشتییەکی گەورەتر ئامادەدەکرێت.

گەورەم لەم بۆنەیەدا ڕیاکار و مەراییکەر و درۆزنە ساختەچییەکان پێشنیاری زۆر دەخەنەڕوو، کە تیایاندا بۆ نموونە داواتان لێ دەکەن سیستەمی کۆماری بگۆڕن بۆ سیستەمێکی کۆماریی میراتگرانە

یان کۆماری پاشایەتی (کۆمارییەتی)(٩). گەورەم من ئاگاداری ویستی بەخشندەو حەز و پەرۆشی ئێوەم بۆ ئەوە، بەڵام مەسەلەکە زۆر ئاسان نییە. چاوەڕوانی بۆنەی سیاسیی شایستە و گونجاوبن گەورەم، هەتاکو خۆتان لەو ڕەشەبا توندە بەدووربگرن کە نازانین لەکوێوە هەڵدەکات.

□ پاش ڕاگەیاندنی سەرەنجامی هەڵبژاردنەکان بۆ نوێکردنەوەی پەیمان و ئاراستەکردنی تیر، کە پێویستە گەورەم لە ڕێژەی باوی عەرەبی ٩٩٫٩٩٩٪ کەمتربێت، ئەوەی لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا زاڵبوو، پێویستە ئەو سەرەنجامە ڕوونبکرێتەوە، بەبێ گوێدانە ئەوەی هەندێک ڕۆژنامەوانی ئاژاوەگێر دەڵێن: **«پیرۆزبایی سەرۆکەکان دەکەن بەبۆنەی بەدەستهێنانی سەرۆکایەتیی کۆمارە عەرەبییە پاشایەتییەکانەوە، چونکە ئەوە بەڵگەی ئەوەیە میللەتەکانیان خۆشیاندەوێن و متمانە بە سەرۆکە پاشا کۆمارییەکانیان(١٠) دەکەن، بەتایبەتی کە ڕێژەی سەرکەوتنەکان هەموو نۆکانیان بەدەستهێنابوو، بۆیە ساڵی ١٩٩٩ بەخێرایی تێپەڕی، چونکە هەر سەرۆکێک نۆکەی خۆی بردبوو»** (١١).

بەڵام گەورەم پێش ئەو ڕوونکردنەوەیە پێم باشە جەغت لەسەر ئەوە بکەمەوە، کە نابێت ئەو ڕێژەیە لە جیهانێکی خێرا گۆڕاودا بەهەمان شێوە بێت، ئەوەش بۆ هاوڕێکردن لەگەڵ بارودۆخە نوێکاندا و وەک یەکێک لە ڕواڵەتەکانی گۆڕانکاری لە پەیمان نوێکردنەوەی تازەدا، بەتایبەتی کە ئێمە لەبەردەم

هەزارەی سێهەمدابن و لە سەردەمی شۆڕشی تەکنۆلـۆژی و زانیارییـەکان و ژێـر زمانـی درێـژی مورتەزەلەدا دەژین.

بەڵام کاتێک سەرەنجامە پیرۆزەکانی هەڵبژاردنەکان ڕادەگەیەنرێن، ئەوا داناییە گەورەم ڕۆژنامەوان و نووسەرەکانتان ئەوە بۆ ڕەعییەت ڕوونبکەنەوە، بۆچی ئەو «**بەڵێ**» بەخشندە پیرۆزەیان دەربڕی.

چونکە «**بەڵێ**» مانای ئەوەیە ڕەعیەت وایان لە تواناداراەکان کردوە بەشداریبکەن لە پەرەپێداندا، بەوپێیەی هاتنی خێروبێر بۆ وڵاتی بەخشندە لە هەموو کون و قوژبنێکی دنیاوەیە.

«**بەڵێ**» بە پیاوێک دراوە کە پاڵەوانێکی بەرپرسیارە بەرامبەر بە هێنانەدیی هیوا و خەونەکانی ڕەعیەت.

«**بەڵێ**» بەوە دراوە کە پاراستن و چاودێریکردن و ئاسـایش و دڵنیایی و تەندروستیی جەسـتەکانی دەستەبەرکردوە.

«**بەڵێ**» بـەوە دراوە کـە شـکۆ و خێروبیری بۆ کرێکاران و جوتیاران و ڕووناکبیران و زاناکان و وەجاخزادەکان پاراستوە و لە برسێتی ڕزگاریکردون و ترسی ئەوانی گۆڕیوە بە دڵنیایی.

«**بەڵێ**» بـەوە دراوە کـە هەمـوو شـتێکی هەرزان و گرانبەها و چاک و بەنرخی خستۆتەگەڕ لەپێناو زیاترکردنی ڕێزی نیشتمان و چەسپاندنی پێشکەوتن و بوژانەوەیدا.

«**بەڵێ**» دراوەتە پارێزەری دەستوور و ڕەوایەتی

لەپێنــاو بەردەوامیــدا، چونکــە سەقامگیری بەبێ بەردەوامی مەیسەرنابێت.

**«بەڵێ»** چقڵی چاو دوژمنانی ناوخــۆ و دەرەوە بوو کــە چاویانبڕیوەتە نیشــتمان و دەســتکەوت و سەرکەوتن و بەرهەمەکانی.

**«بەڵێ»** دراوەتە ئەوەی گەورەترین پەرەپێدان و بوژاندنەوەی وەهای لە بواری ئازادی و دیموکراسیدا هێناوەتەدی کــە لــە مێژووی ســەرجەم دەوڵەتــە تازەپێگەیشتووەکاندا نەهاتۆتەدی (١٢).

**«بەڵێ»** بەوە دراوە کە پێگەی جیهانیی گرنگی ڕۆشــنگەریی و درەوشــانەوەی ڕووناکبیــریی لــە جیهانی عەرەب و ئیسلامی و ئاسیایی و ئەفریقاییدا هێناوەتەدی.(١٣)

**«بەڵێ»** بــەوە دراوە کــە ئابووریــی ئــازادی دەستەبەرکردوە، بەبێ ئــەوەی ئــەوە زیــان بــە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بگەیەنێ.(١٤)

**«بەڵێ»** بــە ڕێژەیەکی کەمتر لــە ١٠٠٪ بوو، ئێمەش ڕقمان لەوە دەبێتەوە، چونکە کەسانێک هەن خۆشیاندەوێ، بەڵام ڕقیان لە سیاسەتی ئاشتی و سەقامگیری و سووککردنی باری گرانی شانی خەڵک و لێک نزیککردنەوەیان دەبێتەوە (١٥).

**«بەڵێ»** بەوە دراوە کە خوێنگەرمە و خەسڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتیی عەرەبیی تێدایە، وەک: فریاکەوتن و پەرۆشی، توانای لێخۆشبوون، ئەوەی یاریدەدەرەکانی بە دروشــمی **«ساتی کاری شۆڕشگێرانە هاتووە»**

هەراساندەكات و دەستبەرداری سیاسەتەكانی ڕوانینی نێوان پێیەكانەو لەخۆی بابیە (١٦).

□ گەورەم سەرۆک زەیــن ئەلعابدین بــن عەلــی ئەوانەی شەرمەزاركرد كــە ئــەو و ســەرۆكی مــەزن حەبیب بورقێبە و تونسی سەوزەیان خۆشدەویست، كاتێک لە سێیەمین نوێكردنەوەی پەیمان لە ساڵی ١٩٩٩دا بە ڕێژەی ٩٩ر٤٤٪ بردییەوە، كەچی ڕكابەرە سینەماكارەكەی (محەمەد بلحاج عومەر)ی سەرۆكی حیزبی یەككگرتنی میللی تەنیا ڕێژەی ٣١ر٠٪ی بەدەستهێنا، واتە كەمتر لە نیوە لە سەددا. ئەمەش مانای ئەوەیە حیزبەكەی لە بنەڕەتەوە لە هەڵبژاردنی سەرۆكایەتیدا دەنگیان پێ نەداوە، بەڵكو دەنگیان بە زەین ئەلعابدین داوە. هەروەها ڕكابەرە سینەماكارەكەی تــر (عەبدولرەحمان تلیلی) سەرۆكی حیزبی یەكێتیی دیموكراتیی یەككگرتنخواز ڕێژەی ٢٣ر٠٪ی بەدەستهێنا، ئەمەش مانای ئەوەیە تەنانەت حیزبەكەی دەنگیان پێ نەداوە. گەورەم ئەمجۆرە ڕێژە ناڕەزاییهێنانە، كە بەهۆی دەستەكانی جنۆكەكانی وەزارەتی ناوخۆوە دێنەدی (١٧)، كێشەیەكی بیركاریانەی نوێ لە زانستی ماتماتیكدا دێنێتەئاراوە. چونكە ئاشكرایە خراپترین ڕێژەی ڕاست و هەڵە لە سەرڕاستترین و وردكارانەترین هەڵبژاردنی سەرۆكایەتیدا، كە باشترین ئامێری ژماردن و چاودێریكردن بەكاردێنن و هەڵبژاردنەكانی ئەمریكایە، ٣٪ كەم یان زیادەیە و ڕێژەی ماقوڵی كەم و زۆر لە هەڵبژاردنەكانی ئەمریكا و ئەوروپاشدا

کــە زۆر وردکارانە ئەنجامدەدرێن ٦٪ـە. ئــەی چۆن جنۆکەکانی وەزارەتی ناوخۆی تونس توانیان ئەو ڕێژە ترسناکە بهۆننەوە، کە هیچ حیزبێکی سیاسی لە مێژووی گشت مرۆڤایەتیدا بەدەستی نەهێناوە؟

گەورەم ئەگەر زەین ئەلعابدین بن عەلی ئەو متمانە سەرسوڕهێنەرەی میللەتی بەدەستهێناوە، کە لە دیداری نێودەوڵەتیی حیزبی گرتبوونەوەی دەستووریی دیموکراتیی حوکمڕاندا دەربارەی وتویەتی «**سەرەنجامی هەڵبژاردنەکان لەسایەی شەفافییەتێکی تەواو و ڕێزگرتنی یاسا و پێشبڕکێی سەرڕاست و ڕێزگرتنی ویستی میللەتدا بەدەستهاتووە**» (١٨) و فەرمانڕەواییەکەی ڕەگداکوتاوە، بۆچی باڵوێزەکەی لە قەتەر لەبەر ناڕازیبوون لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی «الجزیرة» لەگــەڵ بەرهەڵستکاری دوورخراوەی دانیشــتووی لەندەن (شێخ راشد الغنوشی)ی سەرۆکی حیزبی «بزووتنەوەی ڕابوونی ئیسلامی»ی قەدەغەکراو لە تونس، داوای لە تەلەفزیۆنی «الجزیرة» کرد ئەو چاوپێکەوتنەی شێخ غەنوشی بڵاونەکاتەوە؟ ئینجا هۆی بەتاڵبوونی شەقامەکان لە پیادەکان لە کاتی بڵاوکردنەوەی چاوپێکەوتنــەکەی غەنوشی لەلایەن «الجزیرة»وە چۆن لێکبدەینەوە؟ چونکە سەرجەم شەقامی تونس، کە وەزیری ناوخۆی تونس ڕایگەیاند زەین ئەلعابدین بە ڕێژەی ٩٩ر٤٤٪ بردویەتەوە، چووبوونە ماڵەکانەوە بۆ بینینی چاوپێکەوتنەکە، هەتاکو بزانن سەرۆکی ئۆپۆزسیۆن چی دەڵێت.

هەروەها گشـت تونس تامەزرۆی ئەو بەرنامەیـە بوون کە بە کاسێت هەزاران دانەی لێ گیرایـەوە و لەلایەن مورتەزەلەوە بەسەر خەڵکدا دابەشکرا.

کەواتە گەورەم چۆن ئەو هەموو شتانە لەگەڵ سەرەنجامی سەرسوڕهێنەری هەڵبژاردنەکاندا دێنەوە کە پێش چەند ڕۆژێک ڕاگەیەنرا و مورتەزەلە تیایاندا ڕێژەیەکی جنۆکەکردیان بەدەستهێنا؟ بۆچی گەورەم ئێمە لە ڕۆژگاری جنۆکە و تاونکاری و شتە سەرسوڕهێنەرەکانی پاشاکانی مورجاندا دەژین؟

گەورەم مورتەزەلەی تونس لە دەسەڵاتی ڕەسمیی تونس ژێرتربوو، کاتێک ڕازیبوون لەگەڵ ئەوانە گفتوگۆبکەن کە لێی جیاببوونەوە و سواری کەشتیی دەسـەڵات ببوون و ببوونـە ئێسکەکانی ملی دەسـەڵات و بەرگرییـان لێ دەکـرد، وەک ئەلحامدی. لەکاتێکدا دەسەڵاتی تونس مورتەزەلەی دوورخستەوە، کە شێخ غەنوشی نمایندەی بوو و ڕازی نەبوو گفتوگۆی لەگەڵ بکات، بەڵکو هەوڵیدا بیروڕای زەوتبکات، وەک ئەوەی لەگەڵ تەلەفزیۆنی «الجزيرة» کردی.

گەورەم ژیری و دووربینییە، ئەگەر وەک زەین ئەلعابدین لە هەوادارانی فرەمانرەواییە یەک لە دوای یەکەکان بن، کاتێک بە قەزاوقەدەر دووچاری سەرەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی ئەو بوون و ئۆپۆزسیۆن تەنیا ڕێژەی جنۆکەئاسای بەدەستهێنا، ئەوا داناییە ئەوە چاکبکەنەوە کە جنۆکەکانی وەزارەتی

ناخۆ تێکیانداوە، ئەویش خەڵکانی بەرهەڵستکاری زیاتر لە ئەنجومەنی ڕەعیەتدا دامەزرێنن، هەتاکو سەرەتا ئۆپۆزسیۆن شەرمەزاربکەن و بۆ خەڵکی دەربخەن سەرەنجامەکانی هەڵبژاردنەکان ڕاستبوون و دەستی جنۆکەیان تێدا نەبووە. ئەمەش ئەوەیە کە سەرۆک سادات لەوەوبەر چەندین جار کردوویەتی، کاتێک چەند نوێنەرێکی قبتیەکانی لە ئەنجومەنی ڕەعیەتی میسرِ دامەزراند، ئەوانەی بەڕێژەی زۆر کەمی وەها دەنگیان لە هەڵبژاردنەکاندا هێنابوو کە گونجاونەبوو لەگەڵ قەبارەی دانیشتوانی ئەوان لەناو میسرِدا، ئەوەش ئەنجامی هەڵەی حساباتی جنۆکەکانی وەزارەتی ناوخۆ.

گەورەم ئەگەر زیـــاد لەپێویستیش گەشـــبین و بەجۆشوخرۆش بم و بزانم سنگتان فراوان و مێشکتان ئارامە و دڵتان کراوەیە، ئەوا ئامۆژگاریتان دەکەم یەکێک لە سەرکردەکانی مورتەزەلە بکەنە یاریدەدەری خۆتان، هەتاکو بۆ خەڵکی بسەلمێنن ڕاستگۆن لەوەی دەتانەوێ مورتەزەلە لەسەر فەرمانڕەوایی و تیرهاویشتن ڕابهێنن، وەک زەین ئەلعابدین جارێکیان هاواریکرد و نیشانی پێکا.

□ گەورەم دانابیە بەباشی ئەوە بزانن کە ئێمە ئێستا لە کۆتایی سەدەی بیستەم و بەر دەرگاکانی هەزارەی سێیەمداین و لە کۆتایی سەدەی شۆڕشی تەکنۆلۆژی و زانیاریداین کە چۆتە ناو هەموو ماڵ و گەڕەکێکەوە و ژمارەی ئەوانەی دەخوێننەوە و

تەماشادەکەن و گفتوگۆدەکەن و بیردەکەنەوە لەوانەی پێشوو زیاترە و خەڵک لە ڕابردوو هوشیارتر و کراوەترە، بۆیە ئەوەی لە پەنجاو شەستەکاندا پێیان دەوترا بێسوودە یان بەدەردناخوات.

ئەگەر ئێستا خەڵک گوێ لە وتارخوێندنەوەکانی عەبدولناسر، سادات، عەبدوالکەریم قاسم، عەبدوڵڵا سەلال، ئەحمەد حەمیدئەالدین یان ئەوانیتر بگرن، ئەوا پێکەنینیان پێی دێت، لەکاتێکدا ئەوان بۆ ماوەیەکی درێژی ئەو قۆناغە هوتافیان بۆ کێشان و چەپڵەیان بۆ لێدان.

گەورەم ڕاستە ڕێژەی نەخوێندەواری لە جیهانی عەرەبدا هێشتا بەرزە و لە سەروو ٦٠٪وەیە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە هەلومەرجی پەنجا و شەستەکان هێشتا لە کۆتایی نەوەدەکاندا وەکو خۆیەتی. لێرەوە پێویستە جۆری گوتاری سیاسی لەم قۆناغەدا گۆڕانی بەسەردا بێت، هەروەها زمانی ئاخاوتنی سیاسی گۆڕانی بەسەردا بێت.

ئەمە لە بۆنەی سەرکەوتنی سەرۆک موبارەک و هەڵبژاردنەکانی چوارەم نوێکردنەوەی پەیماندا دەڵێم و ئەوەی دەربارەی ئــەم بابەتــە نووسرا لەلایەن ڕۆژنامەنووسانی گاڵتەچیی بێفیزەوە یان نووسەرانی خۆفرۆشەوە نەبوو، بەڵکو لەلایەن پێشەنگەکانەوە بوو کــە مامۆســتاکانی زانکۆکان بــوون. چونکــە گەورەم ئەو مامۆستایانە پێیانوابوو ئەوەی ڕوویدا **داستانێکی مێژوویی مەزنە**، وەک چۆن لەوەوبەر

پێیانوابوو هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی لە سەردەمی عەبدولناسرو ساداتدا وەهابوون.

ئەگەر یادەوەریی کون و لەکارکەوتوو نەبێت، ئەوا میللەت ئەوەی بیردەکەتەوە کە نووسراوەو وەسفکراوە. سەرباری ئەوە، ئــەوەی دەربــارەی هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٩ نووسرا، لە ڕووی ڕیاکاری و زیادەڕۆیی و مەراییکردنەوە، زۆر لەوەی ڕابردوو زیاتربوو. کەواتە گەورەم چۆن ئەقڵی عەرەبی - ئەگەر هەبێت - لە کۆتاییەکانی ئەم سەدەیەدا وتەیەک بەم بۆنەیەوە قبوڵدەکات کە دەڵێت:

**«پێموانییە سیستەمە سیاسییەکان لە دەوڵەتەکانی جیهاندا، جا ئەو دەوڵەتانە بن کە لە ئەزموونی دیموکراتییەوە ڕەگداکوتاون یان لەم دواییانەدا پیادەی دیموکراسییان کردوە، داستانێکی میللی وەک ئەوەی میسری بەخۆوە بینیبێ بۆ نوێکردنەوەی پەیمان بۆ سەرۆکەکەی، چونکە نوێکردنەوەی پەیمان لەلایەن میللەتەوە توانای حیزبی نیشتمانیی بۆ جۆشدانی ڕەعیەتی تێپەڕاندو بە ڕێژەیەکی زۆر کۆی ئەو هاوڵاتیانەی تێپەڕاند کە لە خشتەی هەڵبژاردنەکاندا تۆمارکراون»** (١٩).

کەواتە گەورەم هیچ ڕێگرێک نییە بۆ ئەوەی ستایشی سەرکەوتنە سیاسییە مێژووییە مەزنەکان بکرێت، وەک ئەو سەرکەوتنانەی بەبێ ڕکابەر، ئۆپۆزسیۆن، حیزبییەکان و سیاسییە پیشەکارەکان ڕوویاندا، پێدەچێت زەوی بەویستی خوای پایەدار قڵیشــابێت و هــەمــوو ئــەوانــەی قوتدابێــت،

لەکاتێکـدا ئێمــە لـە میســڕین نەک ســومــاڵ..!
چونکە گەورەم هەموان لە سنووری خۆیاندا ڕاوەستان و دەستبەرداری فراوانبوون بوون و خۆشیی خۆیان شــاردەوە و ڕێگەیان بۆ تاق و تەنیا، پاشای ئومێدبەخش و بنیاتنەری کۆڵەکەی فەرمانڕەوایی کردەوە. ئەمــەش بەڕاستی دیاردەیەکی مێژوویی بەرچاوە، بەڵام لە ڕوانگەی بێفیزی خۆمانەوە ناگاتە ڕادەی ئەو داستانە مێژووییەی مێژووی مرۆڤایەتی دەوڵەتــە دێرینــەکان یــان دەوڵەتــە فەوتاوەکان بەخۆوەیانەوە نەبینیــوە. گەورەم لەبەرئەوەی بێفیزی و واقعیبوون و قســەکردن لەگەڵ خەڵک بــە زمانی نوێی سەردەم، بەبێ زیانگەیاندن بە بەهای ئەو بۆنە مێژووییە بەرچاوانە پایەی ئەو بۆنانە بەرزدەکاتەوەو لە بەهایان کەمناکاتەوە و دەمی ئەو مورتەزەلەیە دادەخات کە دەرهەقی دێنە قسە.
□ گەورەم باشترین شتێک کە سوڵتان بیکات، بەدەستهێنانی متمانەی ڕووناکبیرە داهێنەرە خاوەن پێخەفە ســپییەکان و دەســتە ســەوزەکانە، ئەوانەی لەلایەن خوێنــەران و زانایانەوە ڕێزی زۆریان لێ دەگیرێت. ئەگەرچی قاییلکردنی ئەوانە کارێکی ئاسان نییە، بەڵکو سەختە و پێویستی بە ئەزموون و وردەکاری هەیە، بەڵام ئەگەر ئەوە ئەنجامدرا، ئەوا سودێکی گەورەی دەبێت، بەتایبەتی لە بۆنە نەتەوەییە مەزنەکاندا، وەک نوێکردنەوەی فەرمانڕەواییەکان و تازەکردنەوەی دروشمەکان.

ئای گەورەم چەند جوانە کاتێک بێ ڕکابەر سەکەوتن بەدەستدێنن و نۆیە ئاڵتونییەکان (٢٠) بەدەستدێنن و یەکێک لە قەڵەم بەدەستان و ئالاهەڵگرانی خاوەن پێخەفە سپییەکان و ویژدانە خواناسەکان و نووسەرەکانی هەزاران دێت، هەتاکو بەم بۆنە مێژووییەوە باسی شۆڕشە نەمرەکەتان بکات، کە دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخساندوون بچنە ناو هەڵبژاردنەکانی نوێکردنەوەی پەیمانەوە و نۆیە ئاڵتونییەکان بەدەستبهێنن و بەرێژەی ٩٦٪ لەو هەڵبژاردنانەدا سەرکەوتووبن، کە ئاژانسەکانی هەواڵ پێش دەرچوونی سەرەنجامی ڕەسمی ڕایانگەیاند، ئەوەش تەنیا لەکاتی بوونی یەک ڕکابەری سینەماکاردا:

**« هاولاتیان پێشوازیان لە جەژنەکانی شۆڕش کرد، کە لەم ڕۆژگارەدا هاوکات بوون لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیداو یەکەمین جارە لە ڕێگەی هەڵبژاردنی نهێنیی ڕاستەوخۆوە ئەنجامبدرێت، بەمەبەستی زەمینەخۆشکردن بۆ دەستاودەستکردنی دەسەلات، کە گرنگترین ئامانجی شۆڕشی پیرۆزە. خوێنەر پێویستی بە کۆششێکی زۆر نییە، بۆ ئەوەی ئاشنابێت بەوەی تیایداین و ئەو دیموکراسی و ئازادیی بیروڕا و باری سەقامگیرییەی پاش مسۆگەربوونی بەردەوامی تێیکەوتووین.**

**ئەو شۆڕشەی ئێوە بەرپاتانکردوە، نموونەی شۆڕشی ئەمریکی و شۆڕشی فەڕەنسییە، چونکە هێشتا ئەو دوو شۆڕشە وانە و پەند دەبەخشنە نەوەکان. ئەو شۆڕشەی ئێوە بەرپاتانکردوە هێشتا لە سەرەتای تەمەن و هەڕەتی**

**لاویدایە و بڕێکی زۆری دانایی و کامڵبوونی بەدەستهێناوە و لەگەڵ هەر نەوەیەکیشدا هەمیشە گەنج و گەنجێتیی نوێ سەرهەڵدەدات. ئەمەش باری شۆڕشە مەزنەکانە لە مێژوودا. پێش دوو ڕۆژ لێیان پرسیم: شۆڕش چی بۆ ڕووناکبیری کردوە؟ وەڵامەکەم ئەوە بوو کە زۆری کردوە، بەڵام پرسیاری من ئەوەیە ئاخۆ ڕووناکبیران چییان بۆ ڕووناکبیری و شۆڕش کردوە؟»** (١٢)

گەورەم چەند جوانە فەرمانبەرێکی ڕەسمی لە باڵوێزخانەکەتان لە واشنتۆن، لە کاتی کۆبوونەوەکانی «کۆمەڵەی لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست MESA» لە واشنتۆن، لەو ئەڵقەیەی لێکۆڵینەوەدا کە کۆمەڵەکە لە نۆڤەمبەری ١٩٩٩دا دەربارەی «گرنگیی سیستەمی پاشایەتی لە جیهانی عەرەبدا» ڕێکیخستبوو بڵێت هەڵبژاردنەکانی یەمەن سەڕاست و دیموکراتیانە بوون، بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو ڕەخنە تاڵانەی لەلایەن ئەو ئەکادیمیستانەوە ئاڕاستەی ئەو هەڵبژاردنانە کرابوون کە لە ئەڵقەکانی لێکۆڵینەوەدا دەریانبڕیبوو.

□ گەورەم ڕەعیەتەکەت چەند سۆزدارو گەمژەو نەفام و پاشکەوتوو و کەم هوشیاری بن، بێگومان خاوەن پلەیەکی ژیری و داناییین، چونکە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا میللەتێک نییە ١٠٠٪ گەمژە بن. پشتئەستوور بەوە، دانابیە گەورەم لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنتاندا بەپەرۆشبن بۆ ئەوەی نووسەر و ڕۆژنامەوانەکانتان لە پڕوپاگەندەکردنەکاندا هەتاکو

ڕادەی بەخواکردنتــان یــان بەخشــینی خەسڵــەتی پێغەمبەرایەتی پێتان باسی چاکە و بەخشندەیی و سەرکەوتنەکانتان نەکەن، بەجۆرێک کە تاقە خەوشییەکی ئێوە نەخەنەڕوو.

ئەوانە فێری ئەوەن باسی ئەو شتانەی ئێوە بکەن کە لەوەوبەر بە حوکمڕانەکانی تریان وتوە، وەک ئەوەی بڵێن ئێوە دەستپێشخەری سەرزەنشتکار، لێبوردەی بەخشندە، میهرەبانی زانا، ستایشکاری سوپاسگوزار، دان بەخۆداگری خواناس، خۆڕاگری شکۆمەند، بەخشندەی بەبەزەیی، گەورەی بەڕێز، بەخشندەی تۆبەکار، ناوبژیکارانی پایەبەرزن... ئەمەو چەندین خەسڵەتی خواوەندانە و پێغەمبەرانەو پەیامبەرانە.

گەورەم ئێوە دەزانن ڕیاکارەکانتان زۆرن و لە ژماردن نایەن و هەموو دەرفەت و بۆنەیەک دەقۆزنەوە بــۆ بەگیرهێنانتــان، بەتایبــەتی کــە وڵاتــەکــەتــان سەرکردایەتیی ڕووناکبیری و ڕۆژنامەگەری و دراوکاریش دەکەن، ئەگەرچی دەزانین ئەوەتان بەدڵە، بۆچی کێ هەیە جگە لە پێغەمبەران ڕقی لە ستایشکردن بێت؟ چۆن دەشێت لە وڵاتێکی وەک ئەوەی ئێوەدا کۆمەڵێک ڕووناکبیر سەرهەڵبدەن کە پێت بڵێن ئێوە مرۆڤێکی بەدەرن لە سروشتی مرۆڤانە؟

دەزانم گەورەم ئێوە حەزتان لەو خەسڵەتانەیە کە لە خوا و پێغەمبەرەکانی نزیکتاندەکەنەوە، بەڵام باش تێگەیشتننتان لە دەروازەی هەزارەی سێیەم و سەردەمی شۆڕشی تەکنۆلۆژی و زانیاری و جیهانگیری

پێویستی بەوەیە ئەو ئاوازە بگۆڕن، کە مەعاوییەی کوڕی ئەبی سوفیان پێی خۆش بوو گوێی لێی بێت و ئەو ئاوازە بگۆڕن کە بە دڵی عەباسی خوێنڕێژ بوو. هەروەها پێویستی بە گۆڕینی ئەو زمانە هەیە، کە شاعیرەکان بەهۆیەوە قسەیان لەگەڵ پادشا و سوڵتانەکانی نەوەی عوسمان دەکرد.

کەواتە گەورەم ژیرییە دەستبەرداری ئەو زمان و ستایشکردنە هەرزانە بێزراوە بن، ئەگەر نەکرا باسی ئەو خراپەکاری و هەڵە و کارەساتە سروشتی و سادانە بکەن کە پێش حوکمڕانیی ئێوە ڕوویانداوە. چونکە گەورەم ئێوەش وەک هەر مرۆڤێکی تر هەڵەو ڕاستیش دەکەن، بەتایبەتی کاتێک ئێوە بەهۆی ئەزموونێکەوە حوکمڕانیدەکەن کە شایانی هەڵە و ڕاستە، نەک بەهۆی میتۆدێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە کە پێشوەخت ڕووخسارەکانی دیارە، یان بەهۆی دامەزراوەگەلی دەستووریی خاوەن ڕابردوویەکی تاقیکراوەی چەسپیوەوە.

داناییە گەورەم ڕێگەبدرێت لە ژیانی خۆتاندا ڕەعیەت ئەوە بڵێن کە هەیانە، نەک پاش مردنی دوای تەمەنێکی درێژ ئەوە دەربڕن کە ڕەخنەگرتنەکە توندتر و زەمکردنەکە گەورەتر و دڵخۆشبوون بە خەمەکەتان زیاتردەبێت، بەتایبەتی کاتێک ئێوە بانگەوازی ئەوە دەدەن بەگوێدا کە کۆمەڵگەکەتان دیموکراتییە و دیموکراسیش خستنەڕووی چاکە و خراپییەکانە، بەڵام بە حسابکردن و لە سنوورێکی

دیـــاریکـــراودا، هەتـــاکـــو فیتنـــە نـــەکـــەوێتـــــەوە.

□ گەورەم ڕەخنەگرەکان ڕەخنە لەو پشتگیرییە میللییــە خۆڕســکە بــۆ ســولْتانی گــەورەم و ئەو ئاهەنگگێڕانە میللییە دەگرن کە پاش ڕاگەیاندنی سەرەنجامی هەڵبژاردنەکان سازدەکرێن و ناحەزانیش -ئەگــەر هــەبن- ناڕەزایی بەرامبەریان دەردەبڕن. هەروەها ڕەخنەگرەکان ڕەخنە لەو تێچووە زۆر و پارە بێشــومارە دەگرن کــە لــە ئاهەنگەکاندا (٢٢) خەرجدەکرێن و ناحەزەکانیش ناڕەزایی بەرامبەری دەردەبڕن. گەورەم ئەوانە ئەوە لەیاددەکەن، کە ئاهەنگێکی هاوسەرگیریی یەکێک لە سەرگەورەکانیان پارەیەکی نزیک ئەوەی تێدەچێت و ئەو ئاهەنگانەی بەبۆنەی هاتنەوەی یەکێک لە شێخەکانیان لە حەج پارەیەکی نزیک ئەوەی تێدەچێت. هەموو ئەوانەش بەشێکن لە ژیوارەکە و کەلەپورەکەمان و شتێکی داهێنراونین یان لە نەتەوەکانی ترەوە وەرنەگیراون. ئێمە وەهاین، بەڵام گەورەم مورتەزەلە دەمی خۆیان ناکەنەوە لەو کاتەدا نەبێت کە ئاگرەکە ڕوو لە عەرشی بەخشندەتان دەکات.

□ گەورەم ئەگەر حوکمڕانیەکەتان بەهۆی پاسەوانەوە ڕەگی دانەکوتابوو و سڵتان لە مورتەزەلە -ئەگەر هەبوو- کردەوە و ویستتان لە هەمبەر ڕکابەرەکانی ترتان دەربیخەن وڵاتەکەتان خاوەن دیموکراسی و ئازادییەکی زیاترە، لەچاو وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکانی تردا کە ڕژێمی هاوشێوەیان هەیە، ئەوا یەکێک لە نزیکەکانی خۆتان لە ئەنجومەنی

ڕەعیەت، یان یەکێک لە سەرکردەکانی حیزبە بچووکەکان - ئەگەر هەبوو- هەڵبژێرن بۆ ئەوەی لە بەرامبەرتدا خۆی بۆ سەرۆکایەتی کاندیدبکات، هەتاکو چاوی ڕەخنەگر و ناحەز و نەیارەکانتان: شەڕخواز و وێرانکارانی وڵات، کوێربێت. هەروەها وا لە جنۆکەکانی وەزارەتی ناوخۆ بکەن سەرەنجامی هەڵبژاردنەکان بەشێوەیەک ڕابگەیەنن کە بڕوا بەڕای گشتی بهێنێ و ڕازیبکات. وەک ئەوەی لانی کەم ٥٪ی دەنگەکان بدەنە ڕکابەرەکەتان بۆ خستنەڕووی بەخشندەیی، هێز، دەستکراوەیی، ڕەوشتباشی، متمانە بەخۆ بوون و بۆ ڕێگەگرتن لە چرپەکردن و قسەو قسەلۆک و واتەوات. هەتاکو سەرکەوتنی یەکلاکەرەوەتان لە هەڵبژاردنەکاندا شایستەی ڕێزلێگرتن بێت و بەوەفابێت بۆ دەروەستییەکان و ڕەچاوکەری سیستەمەکە بێت. چونکە بەمجۆرە هەردوو چاکەکە نەک یەکێکیان دەبەنەوە، مەبەست **سەرۆکایەتی و ژیرییە**.

## پەراوێزەکان

١- ڕۆژنامەی (الاهرام)، ژمارە ٤١٢٠٠ ڕۆژی ١٩٩٩/٩/٢٥.

٢- مەبەست لە ڕاپرسی ئەوەیە کە وەزارەتی داد لە دەوڵەتە دیموکراتییەکان ڕێکیدەخەن، بەڵام ڕاسەپاندن ئەوەیە کە جنۆکەکانی وەزارەتەکانی ناوخۆی جیهانی سێیەم ڕێکیدەخەن.

٣ - ڕۆژنامەی (النهار)ی ڕۆژی ١٩٩٩/٩/٢٧. پاداشتی ئەم قسەیەی سەفوەت ڕەشید ئەوەبوو کە بۆ جاری چوارەم کرایەوە بە وەزیری ڕاگەیاندنی میسرى، بەوجۆرەش بیست ساڵ لەو پۆستەیدا مایەوە.

٤- موتاع سەفەدی، لەنێوان یەکگرتنو یەکخستندا، گۆڤاری (الفكر العربي)، بەیروت، ژمارە ١١-١٢ی ١٩٧٩، ل١٩.

٥- ڕۆژنامەی (الاهرام)ی ڕۆژی ١٩٩٩/٩/٢٤.

٦- هەندێک لە توانجدەرەکان گومان بە ڕاستیی ئەم ژمارەیە دەکەن و بە ژمارەیەی ڕازاندنەوەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی دادەنێن کە لە سێپتەمبەری ١٩٩٩دا ئەنجامدرا. یەکێک لە توانجدەرەکان دەڵێت: چۆن دەتوانین هاوسەنگی لەنێوان قسەی بەرپرسان (وەزیرەکان، پارێزگارەکان و سەرۆکەکانی حیزبی نیشتمانیی فەرمانڕەوا) سەبارەت بە کۆدەنگیی پەیمان نوێکردنەوەی چوارەم بۆ سەرۆک و سەرهەڵدانی ئەو ژمارە زۆرەی ناڕازییەکاندا بکەین؟ بڕوانە: عەبدوڵڵا سناوی لە وتارەکەی لە بڵاوکراوەی (العربي)یدا، قاهیرە، ١٩٩٩/٩/٢٧.

٧- سورەتی ئیسرا، ئایەتی ١٧.

٨- عەبدوڵڵا سناوی، بڵاوکراوەی (العربي)، قاهیرە، ١٩٩٩/٩/٢٧.

٩ - ڕژێمی کۆماری پاشایەتی (کۆمارییەتی) ڕژێمێکی سیاسیی نوێی عەرەبییە کە لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم و سەرەتای هەزارەی سێیەمدا سەریهەڵداوە و ئاوێتەیەکە لە هەردوو ڕژێمی کۆماری و پاشایەتی و مافی نوێکردنەوەی پەیمان بەدرێژایی تەمەن یان بۆ چەندین جاری بێسنوور دەداتە فەرمانڕەوا، مادام سوڵتان لە ڕووی تەندروستییەوە توانای فەرمانڕەواییکردنی هەیە. ئەمجۆرە ڕژێمە نەنووسراوە لەو ماوەیەدا لە جیهانی عەرەبدا تەشەنەیسەندووە و ڕژێمە کۆمارییەتیەکان لەسەر ئەم دروشمە پێشبڕکێیانە: **سەقامگیری بەبێ بەردەوامی بوونی نییە**».

١٠- بڕوانە زاراوەی پاشا کۆمارییەکان (کۆمارییەتیەکان) بەربڵاوە و لە ئەدەبیاتی سیاسی و ڕۆژنامەوانیی عەرەبیدا باوە، ئەمەش مژدەی خێروبێری بەربڵاو ڕادەگەیەنێت.

١١- محەمەد سالح، سەرۆکەکان و بەدەستهێنانی نۆکان، ڕۆژنامەی (القبس)ی کوەیتی، ١٩٩٩/١٠/٢٦.

١٢- ئەم بڕگەیە وتەی (سامی متوەلی)ییە کە لە وتارێکدا بەناوی «بەڵی بۆ موبارەک» و بەبۆنەی ڕاگەیاندنی سەرەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی میسڕ لە سێپتەمبەری ساڵی ١٩٩٩دا لە ڕۆژنامەی (الاهرام)ی ڕۆژی ١٩٩٩/١٠/١دا بڵاویکردۆتەوە.

١٣- ئەم بڕگەیە وتەی نووسەری چەپڕەوی میسڕی (ئەلفرید فەرەح)ـە کە لە وتارێکدا بەناونیشانی «هەڵبژاردنی موبارەک هەڵبژاردنی داهاتووە» بەهەمان بۆنەوە لە ڕۆژنامەی «الاهرام»ی ڕۆژی ١٩٩٩/٩/٢٧دا بڵاویکردۆتەوە.

١٤ - هەروەها ئەمە قسەی سامی متوەلییە. با ڕەچاوی ئەوە بکەین کە سیستەمی ئابووریی ئازاد ئەو سیستەمە سەرمایەدارییەیە کە لە سەردەمی عەبدولناسڕ و وتاری سوشیالیستیی ئەودا بەو سیستەمە دانرا کە لەگەڵ دادپەروەریی کۆمەڵایەتیدا نایەتەوە، کەچی موبارەک هات بۆ ئەوەی موعجیزەی ئابووری بهێنێتەدی، ئەویش هێنانەدیی ئابووریی ئازادبوو، بەپاراستنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتیەوە. ئەمەش مانای جێبەجێکردنی دوو سیستەمی دژ بەیەکن: سەرمایەداری و سۆشیالیستی، لە هەمان کاتدا.

١٥- ئەنیس مەنسوڕ، لە هەمان بۆنەدا، ڕۆژنامەی (الاهرام)ی ١٩٩٩/٩/٢٥.

١٦ - ئەم دەربڕینە بەشێکە لە وتارێکی د. محەمەد جەوادی (مامۆستای نەخۆشییەکانی دڵ و خاوەنی کتێبە سیاسییەکانە سەبارەت بە چاودێریکردنی ڕووخسارەکانی سەرکردە میسرییەکان) کە لە ڕۆژنامەی (الاهرام)ی ڕۆژی ١٩٩٩/٩/٢٧دا بڵاوبۆتەوە.

١٧- ئەم ڕێژەیە بەراورد بە ڕێژەکەی پێشوو (٩١ر٩٩٪) کە بن عەلی ساڵی ١٩٩٤ بەدەستیهێناوە مانای هاتنەخوارەوەی پێگەی ئەوە، ئەگەرچی باسی ئەو پرۆژانەی چاکسازیی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەکرێت کە بن عەلی لە ساڵانی پێشوودا ئەنجامیداون (هێشتا ڕێژەی بێکاری لە تونس ٢٠٪ەو لە ساڵی ١٩٩٧دا تونس لە ڕاپۆرتی ڕێکخراوی «شەفافییەتی نێودەوڵەتی»دا بۆ بەگژاچوونەوەی گەندەڵیی دارایی تەنیا پێنج لە دەی هێناوە) و جەغت لەسەر چاکسازیی سیاسی دەکاتەوە کە یەکێک لە ڕواڵەتەکانی لەمجارەدا ڕێگەدانبوو بە دوان لە ئۆپۆزسیۆن- وەک جۆرێک لە مەشقو ڕاهێنان لەسەر هەڵبژاردنی فرەلایەن لە داهاتوودا- خۆیان بۆ سەرۆکایەتی کاندیدبکەن،. وەک لە ڕۆژنامەی (النهار)ی لوبنانیی ڕۆژی ١٩٩٩/١٠/٢١دا هاتووە.

١٨- لە جیهانی عەرەب زۆربەی هەڵبژاردنە پەرلەمانتاری و سەرۆکایەتی و شارەوانیەکان، وەک هەر کارێکی پۆلیسیی تر، لەلایەن وەزارەتەکانی ناوخۆو بە سەرپەرشتیی ئەوان ئەنجامدەدرێت، لەکاتێکدا ئەو هەڵبژاردنانە لە وڵاتە دیموکراتییە شارستانییەکاندا لەلایەن وەزارەتەکانی داد و بەسەرپەرشتیی ئەوان ئەنجامدەدرێت، وەک هەرکارێکی دادپەروەرانە کە مەبەست لێی دەرخستنی حەقیقەتە.

١٩ – احمد القرعی، ئەفسانەی نوێکردنەوەی پەیمان و چۆنییەتی تۆمارکردنی بۆ مێژوو، ڕۆژنامەی (الاهرام)ی ژمارەی ١٩٩٩/١٠/٧.

٢٠– نۆیە ئاڵتونییەکان (٩٩٫٩٩٩) نیشانەیەکی جیاکارەی سەرکەوتنی سەرۆکەکانی پلە یەکە، هەروەک چۆن پێنج ئەستێرەی ئاڵتونی نیشانەی جیاکارەی ئوتێلەکانی پلە یەکە.

٢١– عبدالعزیز المقالح، سەرلەبەیانیی ئازادی و دیموکراسی و شۆڕش، ڕۆژنامەی (القدس العربی)ی لەندەنی ڕۆژی ١٩٩٩/١٠/٥. ئەو بڕگەیەی پێشوو بەبۆنەی سەرکەوتنی سەرۆکی یەمەنی عەلی عەبدوڵڵا ساڵح بۆ بەدەستهێنانەوە سەرۆکایەتی وەک چوارەمین سەرۆک کە لە کۆتایی نەوەتەکاندا سەرلەنوێ هەڵدەبژێردرێتەوە و نۆیە ئاڵتوونییەکان بەدەستدەهێنێت. من دەستکاریی وەرگیراوەکەم کردوە بۆ ئەوەی لەگەڵ سیاقەکەدا تەبابێت. عبدالعزیز المقالح شاعیرێکی پێشڕەو و ڕەخنەگر و بیریارێکی یەمەنیی لیبرالی و عەلمانی و بەڕێوەبەری زانکۆی سەنعایە. ڕۆژی دواتر (١٩٩٩/١٠/٦) ڕۆژنامەی (النهار)ی لوبنانی هەواڵێکی بڵاوکردەوە کە دەڵێت: «پۆلیسی یەمەنی دەیان سەربازی ڕاگرت کە بە جلوبەرگی سەربازییەوە خەریکی کڕینی قات بوون. یەمەنییەکان ڕۆژانە ٧٫٥ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی خەرجیی کڕینی قاتیان هەیە، کە ساڵانە دەکاتە ١٫٢ ملیار دۆلار، ئەمەش لە بودجەی ساڵانەی دەوڵەت زیاترە، لە وڵاتێکدا کە بە هەژارترین وڵاتی دنیا دادەنرێت».

٢٢ – تێچووی هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆک حوسنی موبارەک لــە ساڵی ١٩٩٩دا نزیکەی ســەد و پەنجــا ملیۆن پاوەنی میسری بوو. بڕوانە حسنین کروم، ڕۆژنامەی «القدس العربی»ی لەندەنی ڕۆژی ١٩٩٩/١٠/٢.

# (٦)
# دەربارەی ئایین

## ئایین نانی میللەتە برسییەکانە

مورتەزەلێک

□ گەورەم دانابیە ڕەوایەتیی سەڵتەنەت بکەنە ناوەڕۆکی ئەو گوتارە سیاسییەی دەوڵەت کە کۆڵەکەکانی دەوڵەتەکەتانی لەسەر دادەمەزرێت، چونکە ئێوە نەک شەقام هەمیشە نمایندەی شەرعن، بەوپێیەی شەرع نەگۆڕە و شەقام لەگۆڕاندایە، شەرع ئیمڕۆ لەگەڵتدایە و سبەینێ لەگەڵ نەیارەکەتاندایە، دەسەڵاتەکەتان دەسەڵاتێکی ڕەهایە لە ئاسمانەوە نەک لە زەوییەوە و بڕوای بە یاساکانی زەوی نییەو تەنیا خوا دەتوانێت دەسەڵاتتان لێ بسەنێتەوە، وەک چۆن ئێوەی گەیاندە دەسەڵات.

وەک باپیرەی مەزنتان وتویەتی، پارەی دەوڵەت هی خوایە نەک ڕەعیەت، ئێوە بەتەنیا سەرپەرشتیاری ئەو پارەیەن و مافی بەکارهێنان و بەخشین و جڵەوکردنیتان هەیە، بەوپێیەی خەلیفەی خوا و پێغەمبەرەکەین لەسەر زەوی. جا ئەگەر هەندێک جار ڕاشکاوانە ئەم خەسڵەتەتان نەبێت، ئەوا تەنیا لەبەر هۆی نوێگەری و هاوچەرخیبوونی ڕواڵەتکارانەیە و بۆ خۆپاراستنە لە تەڵەی مورتەزەلە.

هەروەها تەنیا ئێوە، نەک یەکێکی تر، حەقیقەتی

بەدەستەوەیە. حەقیقەتیش تەنیا یەک دەرگای چوونە دەرەوەی هەیە، ئەویش دەرگای ئێوەیە، خاوەنی یەک زمانە، ئەویش زمانی ئێوەیە، یەک قورگی هەیە بۆ گۆرانیوتن، ئەویش قورگی ئێوەیە، یەک ڕووناکیی هەیە، ئەویش ڕووناکیی ئێوەیە.

□ گەورەم ئایین، نەک شتێکی تر، کۆڵەکەی حوکمڕانیی ئێوە و بناغەی جێگیرییەتی. بۆیە بیپارێزن، وەک چۆن تاج و ژیان دەپارێزن. هەروەها گەورەم بەردەوامبن لەسەر نوێژکردنی جەماعەت لە بۆنە جیاوازەکاندا و بە پەرۆشبن بۆ ئامادەبوون لە بۆنە ئایینیە جۆربەجۆرەکاندا و بە زمانی پیاوچاکی پاکی بێخەوشی لەخواترس قسەیان تێدا بکەن.

هەروەها گەورەم ژیرییە پیاوانی ئایینی لەخۆتان نزیکبکەنەوە، چونکە ئەوانە دەستوپێوەندی ڕاستەقینە و تاقە پاڵپشتی دڵسۆزی ئێوەن. گەورەم هەرگیز متمانە بە عەلمانییە لیبرالیستەکان یان مارکسیستەکان مەکەن، هەرچەندە دڵسۆزی بۆ ئێوە نیشانبدەن و قوربانیبدەن لەپێناو خۆشویستنی ئێوەدا، چونکە زۆری پێ ناچێت ئەوانە لە ساتەوەختی گونجاودا لێتان هەڵدەگەڕێنەوە. لەکاتێکدا پیاوانی ئایین، بەتایبەتی سوننەکان و حەنبەلییەکانیان کە بە پارێزەری ئایین و سێبەری خوا لەسەر زەوی و خەلیفەی پێغەمبەرەکەیتان دادەنێن، ئەگەرچی هەندێک جار ڕاشکاوانە ئەوانە ڕاناگەیەنن. بۆیە دەستیان پێوە بگرەن و دەرفەتی ئەوەیان بۆ برەخسێنن لە ڕیزی

پێشەوەی مەجلیسەکانتان بن و پارە و دیاری و وڵاخەکانیان پێ ببەخشن.

- گەورەم ستەمکاری دادپەروەر بن، وەک ئەوەی شێخەکانی سەدەی نۆزدەهەم و ئەم ڕۆژگارە داوایان لێ کردن. هەروەها گەورەم تەواو هوشیاربن بەرامبەر بەوەی ئەو شێخانە نووسیویانە، لەپێش هەموویانەوە جەمال الدین ئەڤغانی، محەمەد عەبدە، ڕەشید ڕەزا، عەبدولرەحمان کەواکبی، حەسەن بەنا، یوسف قەرەزاوی، محەمەد متەولی شەعراوی و ئەوانیتر. گەورەم داواش لەو پیاوانەی ئایینی وڵاتەکەتان بکەن پڕوپاگەندە بۆ ئەو بیرۆکانە بکەن و سەرلەنوێ زیندوویانبکەنەوە و شتی نوێیان بخەنە سەر و وا لە خەڵک بکەن خۆشیانبوێ.

- گەورەم دانایییە لێبوردەبن بەرامبەر بە ڕەخنەگرتن لە دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەتان و تەنانەت پیاوانی ئاسایشی سیاسی، بەڵام ژیریی نییە گەورەم هەرگیز ڕێگە بەوە بدەن ڕەخنە لە پیاوانی ئایین بگیرێت، جا هەڵەکانیان هەرچەندێک بێت و تاوانەکانیان هەرچەندە گەورەبن، ڕۆژنامەگەریش بەرامبەر بەوە وریابکەنەوە و ڕێگەی تەواو لە هەریەکێک بگیرێت کە ڕەخنە لە خۆیان و بیروڕاکانیان و بەربژێرییەکانیان لە کۆمەڵگەدا دەگرێت.

گەورەم دڵنیابن لەوەی مەبەست لە هەر ڕەخنەگرتنێک لە پیاوانی ئایین- کە ئامرازو کەرەستەی ئێوەن- ڕەخنەگرتنە لە ئێوە و حوکمڕانیتان و ئامانج

لێی فێڵکردنــه له ئێــوه و زیانگه‌یاندنــه به‌ئێــوه و توێژێکی عه‌لمانی له‌پشت ئه‌و ڕه‌خنه‌گرتنانه‌وه‌ن که ڕێگه‌یان ونکردوه و ده‌یانه‌وێ زیانتان پێ بگه‌یه‌نن، بۆیه نه‌هێڵن زه‌فه‌رتان پێ به‌رن و وریایان بن.

□ گه‌وره‌م ئاگاداربن ڕێگه‌نــه‌ده‌ن به کردنه‌وه‌ی ده‌رگای ئیجتیهاد ســه‌باره‌ت بــه بڕیاره ئایینیــه داخراوه‌کان، **چونکه ئه‌وه‌ی پێشینه دایانخستوه، پاشینه ناتوانن بیکه‌نه‌وه**.

گه‌وره‌م ئێوه ده‌زانن له‌مێژه ده‌رگای ئیجتیهاد داخراوه و بانگه‌وازی عه‌لمانییه‌کان – لیبرالیست و مارکسییه‌کانیان – بۆ کردنه‌وه‌ی ده‌رگای ئیجتیهاد بۆخۆی هه‌وڵدانێکه بــۆ ژیاندنــه‌وه‌ی زانسته‌کانی خواناسی، کــه مه‌به‌ســت لێــی هه‌ڕه‌شــه‌کردنه له سه‌قامگیریی ڕژێم و ده‌ستدرێژیکردنه سه‌ر ئیمام و کردنه‌وه‌ی که‌لێنێکه له حوکمڕانیدا بۆ چوونه ژووره‌وه و لێک جیاکردنه‌وه‌ی ئایین و ده‌وڵه‌ت.

که‌واته ئه‌وان قسه‌ی ڕه‌وا بۆ مه‌به‌ستێکی ناڕه‌وا به‌کاردێنن. چونکه گه‌وره‌م کردنه‌وه‌ی ده‌رگای ئیجتیهاد له‌م ڕۆژگاره‌دا مانای ئه‌وه‌یه که‌له‌پووری پیرۆز، که ناکرێت ده‌ستکاری و پیس بکرێت، بخرێته ژێر ده‌ستی میتۆده زانستییه‌کانی هه‌ڵکۆڵین و هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه و لێکدانه‌وه و شرۆڤه‌کردنه‌وه. ئه‌مه‌ش مانای داماڵینی پیرۆزییه له که‌له‌پوور و گلاوکردنی میرات و ملکه‌چکردنی «ده‌قه‌کانه» بۆ شیکردنه‌وه‌ی تاقیگه زمانه‌وانی، کۆمه‌ڵایه‌تی، ئابووری، ئایدیۆلۆژی،

مرۆڤناســی و مەعریفییــەکانی تــری. لەبەرئەوەی گەورەم هەمووشتێک ملکەچی ئەمجۆرە میتۆدانەی شیکردنەوە، ڕاڤەکــردن، لێکدانــەوە و ســەرلەنوێ بەکارهێنانەوەن، جگە لە دەقە پیرۆزەکان.

ئاگاداربن ئەو دەرگایەی ئیجتیهاد نەکرێتەوە، کە گشت ڕەشەباکانی خۆرئاوای ساردی بەسوێی ئازاربەخشی لێوە هەڵدەکات. پیاوانی ئایینی و شێخەکانی هۆشداریی زۆریان دەربارەی کردنەوەی دەرگای ئیجتیهاد داوە، هەتاکو گێرەشێوێنی سەرهەڵ نەدات و ئایین بۆ خوا بێت. بۆیە گوێ بە ئامۆژگارییەکانیان بدەن، چونکە ئەوان لە کاروباری ئایینەکەیاندا شارەزاترن.

□ گەورەم نەرمی بەرامبەر بەو بیریار و نووسەرانە مەنوێنە کە هەوڵدەدەن زەفەر بە ئایین بەرن و ڕاڤەکردن، لێکدانەوە، بەدواداچوون و توێژینەوەی وەها دێننەئاراوە کە شێخەکان و پارێزەرانی ئایین پێی ڕازی نین و دەرفەت بۆ شێخەکانی ئایین (دادوەرو بانگەشەکارەکانیان) بڕەخسێنن سزای هەریەکێک بدەن بوێرێت ئەوە بکات و ئێوە ڕاستەوخۆ خۆتان لەو مەسەلانە هەڵمەقورتێنن، هەتاکو شێخەکان توڕەنەکەن و بەدووربن لە ئاگرە سوورە. لەبەرئەوەی بەرەنگاربوونەوەی ڕووناکبیران و هاندانی سزادان و ڕاوەدوونانیان بەئاشکرا لەم قۆناغەدا دەنگدانەوەی لە دەستگیرکردنی سیاسی زیاترە و ڕۆژنامەوانی و ڕێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤ و سەندیکاکان و حیزبەکان هاوسۆزن لەگەڵ بیریارە دەستگیرکراوەکان،

زیاتر لەوەی هاوسۆزبن لەگەڵ ئەو سیاسیانەی خەڵک لەسەر دەستگیرکردن و ئەشکەنجەدانیان ڕاهاتوون.

گەورەم ئێوە خۆتان لەوە بەدووربگرن، ئەمەش پاش ئەوەی دادگا ڕادەسپێرن بۆ ڕاوەدوونان و حوکمدانیان بەو شێوەیەی شێخەکان دەیڵێن و هێمای بۆ دەکەن. خۆ ئەگەر یەکێکیان بەکافرکردن و دەستگرتن بەسەر نووسراوەکانیدا سزادرا، ئەوا خۆتان مەکەنە خاوەنی ئەو بڕیارە، با شێخەکان خۆیان شەڕیان لەگەڵدا بکەن، چونکە دەرەقەتیان دێن. بەڵام ئەگەر یەکێکیان بە زیندانیکردن سزادرا و مورتەزەلە و لایەنگرانیان کردیانە هەرا و وتیان: **«ئیمڕۆ زیندان بۆ ئازادەکانە، لەکاتێکدا کۆیلەکانی نەفامی و ستەمکاریی فیکری ورگیان بە ئامۆژگارییەکانی هاندان دژی ئازادەکان و خواردنی سەر مێزی سوڵتانەکان دەئاوسێت، بەڵام ڕۆژ هەر هەڵدێت، جا تاریکخوازەکان هەرچییەک بکەن و شەو هەرچەندێک درێژەبکێشێت»** (١) ئەگەر داوای ئازادیی بیروڕا و توێژینەوەی زانستی و ئازادکردنی زیندانییەکانی بیروڕای ئازادیشیان کرد، ئەوا یەکسەر لێبوردن دەرمەکەن و چاوەڕوانی ئەوە بن سبەینێ چی ڕوودەدات.

هەروەها گەورەم با وەزیری ڕاگەیاندن بۆ ڕای گشتی و تایبەتی، ناوخۆ و دەرەوە، تازە لەدایکبوو و بەسەرچوو، ڕوونیبکاتەوە دەوڵەتەکەتان دەوڵەتی دامەزراوەکانن و دەسەڵاتیان بەسەر بڕیارێکدا ناشکێتەوە کە دادگا دەریکردبێت و ڕێزی قسەی یاسا و دادگا دەگرن، تەنانەت ئەگەر زۆرێک لێی

ڕازیبوون یــان لێی ناڕازیبوون. ئەمــەش بەڵگــەی ڕەگداکوتانی دیموکراسییە، کــە جیاوازیی بیروڕا و ناکۆکیی ئارەزووەکان و دژبوونی دەنگدانەوەکانی پێ ناخۆش نییە و ئێوە لەم بوارەدا بێلایەنن و بەپەرۆشن بۆ جێبەجێکردنی یاســا و لێــدانی هــەر دەستێکی گەمژەو نەفرەلێکراو، بەبێ هیچ کەمتەرخەمییەک، یان زۆرلێکردنێک، یاخود فرتوفێڵێک.

گەورەم چاوەڕوان بــن هەتاکــو حوکمدراوەکە نیوەی ماوەی سزادانەکەی بەسەردەبات، ئینجا پاش پاڕانەوەی زۆری خەڵک و زۆربوونی داواکاریی ســەبارەت بە لێبــوردن و لێخۆشبوون و پاراستنی ئازادییــەکان و ڕێگــەگرتــن لــە دەستدرێژییەکان، دەتوانن لێی خۆشبن و ئازادیبکەن، بەتایبەتی ئەگەر مامۆستای زانکۆ، یان بیریارێکی ناودار، یاخود زانایەکی پێشکەوتوو بوو. بەوەش هەردوو چاکەکە بۆ خۆتان مسۆگەردەکەن: **ڕازیبوونی شێخەکان و دووربوون لە ئاگرە سوورە**.

## پەراوێزەکان

١- حســن العبیســی، بەرەبەیــان بەڕێوەیــە، ڕۆژنامەی (القبس)ی کوەیتی ١٩٩٩/١٠/٦.

ئەم وتــانە بەبۆنەی زیندانیکردنی توێــژەر ئەحمەد بەغدادی مامۆستای زانکۆی کوەیتەوە نووسرا، کە ڕەخنەی لە پێغەمبەر گرتبوو، چونکە بەدرێژایی سیانزە ساڵ نەیتوانی پیاوماقوڵانی مەکە ڕازیبکــات (پێش چوونی بۆ مەدینە)

بێنە ناو ئیسلامەوە (ڕۆژنامەی النهار ١٩٩٩/١٠/٦). ئەو یەکەمین زیندانی بوو لە مێژووی کوەیتدا بەهۆی بیروڕاوە لە ١٩٩٩/١٠/٥دا سزای یەک مانگ زیندانیی بەسەردا سەپێنرابوو. سەرەنجام ڕۆژنامەوانیی کوەیت هەژاو ڕۆژی زیندانیکردنەکەی ئەویان بە «ڕۆژێکی غەمبار» ناونا (علی البغلی، ڕۆژنامەی القبس ١٩٩٩/١٠/٦) و ڕۆژنامەوانیی کوەیتی پرسیاریکرد: «ئایا ئەمە سەرەتایەکی چاکە؟» (احمد الصراف، ڕۆژنامەی القبس ١٩٩٩/١٠/٦) و وتیان: «بەڵێ بۆ زیندانیکردن، هەزار بەڵێش بۆ ئازادی» (عبدول لەتیف دەعیج، ڕۆژنامەی القبس ٦/١٠/١٩٩٩).

## ( ٧ )
## دەربارەی ڕاگەیاندن

**ڕاگەیاندنی ڕەسمی ئەوەیە کە سوڵتان دەیەوێ بەئاشکرا بیڵێ، ئەمەش کورتەو لەدەم دەردەچێت، نەک پڕواتایە.**

مورتەزەلێک

□ گەورەم ئەوە دەدرێت بە گوێتاندا کە پێویستە دامودەزگای وەزارەتی ڕاگەیاندن و بەڕێوەبەرایەتیی چاپەمەنییەکان و بڵاوکردنەوە و ئاژانسە ڕەسمییەکانی دەنگوباس هەڵبوەشێننەوە و تەنیا قسەکەرێکی ڕەسمیی حکومی هەبێت، وەک باری دەوڵەتە دیموکراتییە خۆرئاواییەکان. گەورەم هەرگیز ڕێگە بەوە نەدەن و جێبەجێی نەکەن، چونکە مانای لەدەستدانی گرنگترینی ئەو چەکانەیە کە بەهۆیانەوە دەچن بەگژ دوژمنەکان و قسەوباس و واتەواتی ناوبەناوی مورتەزەلەدا- ئەگەر هەبن-.

گەورەم سبەینێ کێ بەرگریتان لێ دەکات، ئەگەر بەگوێی مورتەزەلەتان کرد و دەستبەرداری دامودەزگای ڕاگەیاندن بوون؟ کێ وەڵامی ئەو تۆمەتانە دەداتەوە کە ئاڕاستەی ڕژێم دەکرێت؟ کێ توانکاریی و گەمەکردن بە بڕیارەکان و شکاندنی ئێسکەکان لە ڕژێم بەدووردەگرێت، ئەگەر ئێوە بەقسەی مورتەزەلەتان کرد؟

گەورەم ئەو بانگەوازەی مورتەزەلە، بەمەبەستی هێنانەدیی خواستی ئەوانە بۆ پەردەهەڵماڵین لە ڕووی بارودۆخ و دەرخستنی وتەکان و قوتکردنەوەی

پرسیارەکان، کە ئێوە پێویستتان پێیان نییە و ڕقتان لێیان دەبێتەوەو زەرەرمەندن لێیان. کەواتە گەورەم ئاگادار و وریا بن ئەوە نەکەن کە دەتانخاتە ناو چاڵەوە و خراپەکاری دەخاتەوە.

 گەورەم ناوبەناو داوای ئەوەتان لێ دەکرێت دامەزراوەی تایبەتی تەلەفزیۆن یان ڕادیۆ لەسەر بنچینەی بازرگانی و ڕیکلام دامەزرێنن، وریابن ڕێگە بەوە نەدەن، چونکە ڕاگەیاندن چەکێکی بڕندەی کاریگەرە و نابێت بکرێتە بازاڕی سەوزەفرۆشیی بەدەستی بازرگانەکان و ئەوانەوە کە یاریی بە ئاگر دەکەن. هەروەها یەکێک لە کاڵاکان یان جلوبەرگان نییە.

گەورەم هەمان هەڵە دووبارەمەکەنەوە، کاتێک ڕێگەتان دا بە دامەزراندنی دامەزراوەگەلی ڕۆژنامەوانیی تاکەکەسیی تایبەتی و دواتر ناچاربوون هەموو یان بەشێکی زۆری لە ڕێگەی هێزەوە بکەنە موڵکی خۆتان. چونکە ئەوە دەروازەیەکی ئازادیی بیروڕایە کە لە خۆرئاوا باسیدەکەن و بۆ ئێمە ناشێت و گونجاونییە بۆ کۆمەڵگەی موحافەزەکاری بڕوامەند بە خوای تاق و تەنیا، تەباش نییە لەگەڵ دابونەریتە بەخشندە و دێرین و ڕەسەنەکەمان. لەبەرئەوەی ئێمە ئامادەنین بۆ ئەوەو پێویست بەوە ناکات ئەو دەرگایانە بکرێنەوە کە لە داهاتوودا ڕەشەبای بۆن ناخۆشیان لێوە هەڵدەکات، کە دەبێتە مایەی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵگەو بڵاوبوونەوەی پشێوی لەناو تاکەکانیدا.

□ گەورەم ئاگاداربن ڕێگە بە دامەزراندنی ڕۆژنامەوانیی حیزبیی یان ڕۆژنامەوانیی دامەزراوەیی زیاتر نەدەن، چونکە دانابیە تێکڕای ڕۆژنامەوانی سەد دەر سەد موڵکی دەوڵەت بێت. ئەگەر ڕەعیەت هوشیاربوون و ڕۆژێک لە ڕۆژان سڵتان لە توڕەییان کردەوە، ئەوا وابکەن خاوەندارێتیی دەوڵەت بۆ ڕۆژنامەوانی لە ٥٠٪ زیاتربێت، هەتاکو دەستڕۆیشتووتربن و بتوانن ئەو سەرنووسەرەو ڕۆژنامەوان و نووسەرە گەورانە بسەپێنن کە حەزیان پێ دەکەن. گەورەم بەوەش ڕۆژنامەوانی دەبێتە ڕۆژنامەوانیی (نەتەوەیی)، لە ڕووی ئەوەی موڵکی ئەو نەتەوەیەیە کە ئێوەن و داکۆکی لە بەرژەوەندییەکانی نەتەوە دەکات و ڕەچاوی پێداویستییەکانیان دەکات. هەروەها زمانحاڵی ئێوەو بڵاوکەرەوەی وەڵامەکەتانەو، پاسەوانی دەرگاکەتانە، پارێزەری پەیامەکەتانەو بەناوی دەوڵەتەوە دێتە قسە و سیاسەتەکانی ڕووندەکاتەوە و بانگەشەی بۆ دەکات و هەنگاوەکانی پیرۆزدەکات و چاو لە سەرسمدانەکانی دەپۆشێت.

□ گەورەم ژێرییە ناوبەناو بانگەوازی ئازادیی ڕۆژنامەوانی و ئازادیی وشە بەگشتی بدەن بە گوێیەکاندا و ئەوە ڕوونبکەنەوە کە سیستەمی حوکمڕانی سڵ لە ڕەخنەکانی ناوخۆ یان دەرەوە ناکاتەوە. هەروەها گەورەم بەئاشکرا و دەنگی بەرز داوا لە بەرپرسانی سانسۆرکردن بکەن، لەپێناو بەهێزکردنی ئازادی و دیموکراسیدا، دەست لە

سانسۆرکردنی چاپەمەنییەکان هەڵبگرن، هەتاکو وشە بەبێ ڕەقیب یان پشکنێر بە گەرمی و تازەیی لە تاوەوە بێتە ناو دەمان. لێرەدا بەرپرسانی سانسۆر لەوە تێدەگەن مەبەستتان لە هەڵگرتنی سانسۆر لەسەر چاپەمەنییەکان چییە، بۆیە ئەوە جێبەجێ ناکەن کە گوێیان لێ بووە، بەڵکو ئەو فێرکارییانەی سانسۆری چەسپاو و سیستەمەکانی مقەستی نووسەرەکان جێبەجێدەکەن کە لەسەری ڕاهاتوون. گەورەم ژیرییشە داوا لە ڕۆژنامەوانی بکەن هێرشبکەنە سەر ئەوانەی بەرپرسیارن بەرامبەر بە جێبەجێ نەکردنی بڕیارەکانتان. لە هەموو بۆنەیەکیشدا ئەوە دووپاتبکەنەوە، ئەوەی ئەو بەرپرسانە دەیکەن مایەی ڕەزامەندیی ئێوە نییە و لە سوڵتان سوڵتانترن.

☐ گەورەم دانابیە ئەو بڕیارانە زیاتربکەن کە ئازادیی ڕۆژنامەوانی و ڕۆژنامەوانان باڵبەستدەکات و وابکەن ئەو بڕیارانە ساڵ لە دوای ساڵ بەدوای یەکدا بێن و هەر بڕیارێکی باڵبەستکردن تۆزێک لە کۆتوبەندەکانی پێشووتر خاوبکاتەوە.

گەورەم ناوبەناو، بەتایبەتی لە کاتی جەنگەکان و قەیرانە سیاسییە توندەکاندا، لە سایەی یاساکانی کاتی نائاساییدا کە زۆرن، دەرفەت بەکاربهێنن و سەرلەنوێ ئەو بڕیارە نوێیانە دەربکەن کە سنوور بۆ ڕۆژنامەوانی دادەنێن و دەمکوتیدەکەن. هەروەها گەورەم دانابیە لە ڕۆژگارەکانی تەنگانە و تەنگژەی ئابووریدا لەگەڵ ڕۆژنامەوانی و ڕۆژنامەوانانـدا

نەرمونیان بن، بەڵام لە ڕۆژگاری بازدانی ئابووریدا دەرفەتی زێڕپینتان لەبەردەستدایە بۆ سەپاندنی ئەو یاسایانەی دەتانەوێت و دەبێتە مایەی سنووردانان بۆ خواستی ڕۆژنامەوانی و ڕۆژنامەوانان سەبارەت بە ئازادیی بیروڕا و وابکەن ڕۆژنامەوانی و مورتەزەلە خۆزگە بە یاسا زۆردارەکانی پیشوو بخوازن، چونکە ئەوەی سەرەتای نەبێت کۆتاییشی نابێت..

 گەورەم بۆ ئەوەی ئەو دەنگانە بەرزنەبنەوە کە حەز بە بیستنیان ناکەن و بۆ هەتاهەتایە کپبن، دانابیە هێما بۆ ئەوانەی دەوروبەرتان بکەن سەرنجی نووسەر و ڕۆژنامەوانەکانت ڕابکێشن- ئەوانەی زماندرێژ و شێخی نابیناکان (امام عیسا) ناوینان «نووسەرچی» و «ڕۆژنامەچی»- بۆ ئەوەی ڕێککەوتننامەکانی ئاشتی، کە لێرە و لەوێ لەگەڵ ئیسرائیل مۆرکراون- مانای کۆتاییهاتنی شەڕ نییە لەگەڵ ئیسرائیل، هەروەها مانای ئەوە نییە دروشمی «**هیچ دەنگێک لەسەروو دەنگی شەڕەوە نییە**» کۆتاییهاتووە.

گەورەم ڕاستە شەڕی سەربازی لەگەڵ ئیسرائیل لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٣وە کۆتاییهاتوە و وەک سادات دواتر وتویەتی شەڕی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣ دوا شەڕ بووە لە مێژووماندا لەگەڵ ئیسرائیل، بەڵام شەڕی هەرە مەزن هێشتا کۆتایی نەهاتووە، ئەویش شەڕی ژیارییە کە بۆ چەندین سەدە بەردەوامدەبێت. ئەمە ئەگەر زانیمان ئێستا ئیسرائیل لە ڕووی ئاستی زانستی و خوێندنەوە لە ڕیزی پێشەوەی دەوڵەتەکانی

جیهانە و ئیسرائیل لە ڕووی پێشبڕکێی زانستی و خوێندنەوە شان لە شانی ئەمریکا دەدات. ئەی ئێمە لە ڕووی هەموو ئەوانەوە لە چ ئاستێکداین؟

کەواتە شەڕەکە هێشتا کۆتایی نەهاتووە. ئەمەش ئەوەیە کە لەمێژە سەرۆکی جەزائیری (ئەحمەد بن بیلا) دەریبڕیوە، کاتێک وتویەتی شەڕی ئێمە لەگەڵ ئیسرائیل ژیارییە نەک سەربازیی سیاسی. ئەمەش وادەکات ململانێمان لەگەڵ ئیسرائیل درێژەبکێشێت و سەرەنجامیش سەردەمی حوکمڕانیە سیاسییەکان و ڕژێمە دامەزراوەکان درێژبێت بۆ بەگژاچوونەوەی زانست و خوێندنی ئیسرائیل، هەتاکو ئیسرائیلیش هەبێت ئەوا تەحەدداکان کۆتاییان پێ نایەت.

□ گەورەم هەمیشە هێما بۆ نووسەر و ڕۆژنامەوانەکانتان بکەن، کە بەنیازن حوکمڕانییەکەتان نوێبکەنەوە و بایەخدانەکەتان بۆ سێیەم و چوارەم و پێنجەم جار درێژبکەنەوە – ئەمە ئەگەر لەو سوڵتانانە بوون کە لایەنگری هەڵبژاردنن نەک دانان– . هەروەها سەرنجیان بۆ ئەوە ڕابکێشن، کە (**بەردەوامیی بارودۆخ نیعمەتە وەک پارە**) و وڵاتەکەتان لە مێژوودا کۆن و دێرینە و لەو وڵاتانەیە مەسەلەکان تیایاندا بە درێژخایانی دەپێورێن، نەک بە خێرایی ڕۆیشتن. هەروەها مێژووی عەرەبی و ئیسلامی مێژووی درێژخایان و ویلایەتە بەردەوامەکانە و مێژووی عەرەبی و ئیسلامیی نوێش دێژەپێدەری هەموو ئەوانەیە. ئەو دەنگانەی ناوبەناو دەربارەی دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە

ماوەیەکی کورت و دیاریکراودا لەلایەن چەپڕەوەکان و ئاژاوەگێڕانەوە بەرزدەبنەوە، شێواندنی ژیانی سیاسی و لاساییکردنەوەی خۆرئاوایە، کە نە کاڵای ئەوان بە باڵای ئێمەیە، نە کاڵای ئێمە بە باڵای ئەوانە.

## پەراوێزەکان

زل بەمانای پێهەڵخلیسکان لە قوڕدا یان لە لۆژیکدا، وەک دەوترێ پێی هەڵخلیسکا، یان زمانی هەڵخلیسکا.

## ( ٨ )
# دەربارەی ڕووناکبیری

**هەرکاتێک گوێم لە وشەی**
**«ڕووناکبیری» دەبێت،**
**دەست بۆ دەمانچەکەم دەبەم.**

هتلەر

□ گەورەم ڕووناکبیرانی جیهانی سێیەم بەردەوام چاویان بڕیوەتە دەسەڵات و هەمیشە مرخیان لێ خۆشکردوە و پێدەچێت دەسەڵات بەلای ئەوانەوە ترۆپکی خەون و دوامەنزلی ئاواتەکان بێت.

ئەوەی ڕووناکبیرانی عەرەبیش زیاتر حەزی لێ دەکەن، تەنانەت ئەگەر بەپلە و پایەی تەها حسێن، یان قوستەنتین زریق، یاخود عەبدوڵڵا عەرەیش بن، ئەوەیە کە ببنە باڵوێز، یان وەزیری ڕووناکبیری، یاخود وەزیری پەروەردە، هەشیانە خواستی بوون بە سەرۆک وەزیرانی هەیە، ئەمە ئەگەر حەزنەکات ببێتە سوڵتانێکی ڕەها بۆ چوار یان پێنج خول، هاوشێوەی وەلییەکانی پێشتر.

گەورەم چونکــە دەسەڵاتی سیاسی لــە جیهانی عەرەبدا پایەدارترە لە ڕووناکبیری و گونجاوترە لە زانســت، گرنگتــرە لــە مەعریفــە، پارەدارتر و خۆشگوزەرانترە لە فێربوون و لێوردبوونەوە، گەورەم لەبەرئەوەی بەدەستهێنانی سەخت و مەحاڵە و تەنیا بەدەست سەربازەکانەوەیە و هەر ئەوانە دەرەقەتی دێن، کە ستەمکار و زۆردارن.

گەورەم بۆ ئەوەی مرخ خۆشکردنی ڕووناکبیران لە کورسیی دەسەڵات دووربخەنەوە و ڕێگە لەوە بگرن مۆرکردن بەدەستبێنن، ئەوا دانایە ڕووناکبیری پایەداربکرێت و کاروبارەکانی چاکبکرێن، هەتاکو سەرۆکی زانکۆ پایەدارتربێت لە سوڵتان، ڕۆژنامەوان گرنگتربێت لە وەزیری ڕاگەیاندن، نووسەر و بیریار بایەخدارتربێت لە وەزیری ڕووناکبیری. وەک باری وڵات و میللەتە پێشکەوتووەکان.

گـــەورەم ئەمـــەش پێویســـتی بـــە بڵاوکردنـــەوەو پایەدارکردنی ڕووناکبیری و چەسپاندنی ئازادییەکانی ناو زانکۆکان هەیە و دەبێت ئازادیی تەواویان پێ بدرێت پڕۆگرامەکان و چۆنییەتی خوێندن و وانەوتنەوە دیارییبکەن و حکومەت دەسەڵاتی وەرگرتنی خوێندکار یان واستەکردن بۆ دەرچوونیانی نەبێت و نەتوانێت بەپێی وەلائی مامۆستاو کارگێڕەکان پلەیان بەرزبکاتەوە. هەروەها حکومەت هیچ پەیوەندییەکی بە زانکۆوە نەبێت، جگە لە پشتگیریکردنی دارایی ســاڵانــە و داکۆکیکردن لێیان دژی خراپەکــاران و پاراستنی سەربەخۆیی خۆییان.

بەڵام گەورەم هەموو ئەوانە کێشەیەکی سەختت بۆ دەخوڵقێنن، ئەویش بوونی ئەو کادیرە ڕووناکبیرییە هوشیارانەیە کە لە داهاتوودا حوکمڕانییەکی لەم جۆرە قبوڵ ناکەن و ڕووناکەنە سندوقەکانی شوێنکەوتن، بەڵکو لەبری ئەوانە داوای سندوقەکانی دەنگدانت لێ دەکەن. هەروەها ئەوانە ڕازی نابن وەک

چۆن مەڕەکان بۆ لەوەڕگە دەبرێن، ئاوەها بۆ سەر سندوقەکان ڕاپێچبکرێن و بە چاوی نووقاو و دوور لە تێڕوانین و ناهۆشمەندانە و ڕاپێچکراو بە زەبر و فەتوا پەنجەمۆری «بەڵێ» بخاتە سەر کاغەزی دەنگدان.

کەواتە گەورەم لە بارێکی وەهادا چی بکرێت باشە؟

بەم ئامۆژگارییە ئێوەم خستۆتە ناو تەنگژەیەکەوەو نازانم چۆن ڕزگارتان بکەم لێی. بۆیە گەورەم داوا لە ژیرەکان و حیلەبازەکان بکەن ئەم گرفتەتان بۆ چارەسەربکەن و لە کێشەکە ڕزگارتان بکەن.

# (٩)
# دەربارەی کارگێڕی

**هەر یەکێکمان خستە سەر کارێک و**
**هەقی خۆیمان پێ دا، لەدوای ئەوە**
**هەرشتێک وەربگرێت ناپاکییە.**

حەدیسی پێغەمبەرە

□ گەورەم بەئەندازەی ئەوەی بۆتان دەرەخسێت ڕەهابن، ئەگەرچی مورتەزەلە هەمیشـــە ئەم وتـــە دێرینەی گریکەکان دووبارەدەکەنەوە:

**دەسەڵاتی ڕەها گەندەڵکارێکی ڕەهایە.**

چونکـــە هەمیشـــە پیـــادەی ئەم وتەیـــە ناکرێت، لەبەرئەوەی لەبەرامبەر ئەم وتەیە وتەی دژ بەویشیان دەربـڕیـــوە.

ئەوەتا مێژووناسی گەورە (هۆمیرۆس) دەڵێت: **زۆریی سەرۆکەکان باش نییە**.

لە دوای ئەو ئەرستۆی- فەیلەسووفی سیاسیی گریکی- ئەو وتەیەی دووبارەکردۆتەوە. ئەمەش مانای ئەوەیە ڕەهابن و سڵ لە مورتەزەلە مەکەنەوە، چونکە ڕەهابوون تەمەنی هیچ میرێکی کورت نەکردووە.

گەورەم ڕەهابن، بەو شـــێوەیەی ئیبـــن هانـــی ئەندەلوسی بـــە باپیرەتان خەلیفەی فاتمی موعیز لدینولای وتوە:

**ئەوەی تۆ ئارەزوویدەکەی تەواوە نەک ئەوەی قەدەر**

**فەرمانبدە تۆ تاکە دەستڕۆیشتووی**

**وەک ئەوەی تۆ محەمەدی پێغەمبەر بی**

**پشتیوانەکانت هەمان پشتیوانانی ئەو بێ سوێندەخۆم ئەگەر بە خەلیفە ناوزەدنەکرایتایە ئەوا بە مەسیح لەدوای مەسیح ناودەنرایت.**

گەورەم وەک عەبدولناسرِ ڕەهابن، کە وەزیری ڕاگەیاندنی سـووریی مستەفا بارودی لـە سەردەمی یەکگرتنی میسری- سوریدا پێیوتوە:

**خوا ناسرە**

**خوا بەزێنەرە**

 گـەورەم حوکمڕانێکی بەهێزبـە. بۆ ئـەوەی بەهێزیش بن، پێویستە وەک کەلەپوور پایەبەرز پێمان دەڵێت سـتەمکاربن، چونکـە سـتەمکاری بەدرێژایی چواردە سەدە بەشێک بووە لە کەلەپورری سیاسیمان.

لە کۆندا بیریارە سیاسییەکانی عەرەب وتویانە: **سوڵتانی دەستەپاچە ئەو سوڵتانەیە کە ناتوانێت ستەمکار بێت، سوڵتانی ستەمکاریش ئەو سوڵتانەیە کە بەهێزە.**

وشەی سوڵتانیش لێرەوە هاتوە، کە هێمایە بۆ دەسەڵات. دەسەڵاتیش وەک باووباپیرانی پێشووی پیاوچاکمان لە «پەیمانی بێوێنە»ی ئیبن عەبد ڕەبەی ئەندەلوسیدا پێناسەکراوە، مانای ئەمەیە:

**«ئەو جڵەوی کارەکانە، سیستەمی مافەکانە، پتەویی سنوورەکانە، ئـەو جەمسەرەیە کـە سـوڕگەی دنیـای لەسەر ڕاوەستاوە، ئەو پارێزەری سنوورەکانی خوایە لە وڵاتەکەیدا، سـێبەری درێژکراوەی خوایـە بەسەر بەندەکانییەوە. بەهۆی ئەوەوە دەستدرێژی نامێنێ، خوا**

**کاروباری حوکمی داوەتە دەست و کاری خەڵکی پێ ڕادەپەڕێنێ»**.

کەواتە گەورەم سوڵتانێکی بەهێزی زۆر ستەمکار بن، هەتاکو مەردم پێش ئەوەی بخوڵقێت لێت بترسێت، وەک ئەوەی شاعیرێک بە یەکێک لە باپیرە سوڵتانەکانی پێشووتانی وتوە:

**کافرەکانت بەجۆرێک ترساندوە**
**تەنانەت ئەو کۆرپەیە لێت دەترسێت**
**کە هێشتا نەخوڵقاوە.**

گریکەکان لە دادگاکانیاندا تابلۆیەکیان هەڵواسیبوو کە لەسەری نووسرابوو:

**دادپەروەریی ڕەها زوڵمێکی ڕەهایە.**

واتە هەرچەندە هەوڵبدەن دادپەروەربن، ئەوا لە ڕوانگەی ڕەعیەتەوە زاڵمن و مورتەزەلە پێتان دەڵێن لە زاڵم زاڵمترن. قەیناکە، چونکە ئەگەر ئێوە بزانن و وریابن ئەوە باشەیە نەک خراپە، بەوپێیەی باپیرە بەخشندەکانی عەرەبتان لە «وتارەکانی ئیسلامییەکان»دا وتویانە:

**ئەگەر خەڵک لە زوڵملێکردن ڕزگاریان بوو پێویستیان بە ئیمام نامێنێ!**

چونکە ئەگەر ئیمام بیەوێت حوکمڕانی بکات، زوڵم و پاڕانەوە پێویستن، هەروەها مادام زوڵم و زۆرداری هەیە، ئەوا سوڵتان پێویستە.

**ئەگەر زوڵم و زۆرداری کۆتاییهاتن، ئەوا خوا نەخواستە پێویستمان بەئێوە نامێنێت.**

بەڵام گەورەم کەی زوڵم و زۆرداری لە کۆمەڵگەدا کۆتاییدێن؟

 گـەورەم ئەگـەر سـەرۆکێکـی نـوێ بوون، یان یەکەمین جار بوو لە وڵاتەکەتاندا حوکمڕانی بگرنەدەست، ئەوا دەبێت شتێکی نوێ بهێننەئاراوە و ئەو بیرۆکانە دەربڕن کە لەوەوبەر دەرنەبڕاون. تەنانەت ئەگەر لە یەکەمین ساتەوەختەوە وەک بیرۆکەی شێتانەی مایەی پێکەنین کەوتنەڕوو، ئەوا قەیناکە، چونکە سەختە خەڵک بیروڕای نوێ و بیرۆکەگەلی داهێنەرانە قبوڵبکەن، بەڵام دواتر لەسەریان ڕادێن.

**بەوپێیەی هەر نوێیەک سامی خۆی هەیە.**

بۆ نموونە، لە بواری کارگێڕی و لەپێناو پاکژیدا، دەکرێت پرنسیپی بایەخگێڕانەوە بۆ ڕەعیەت دەربڕن و ئەوان لەبری ئێوە حوکمڕان بن و دەسەڵاتەکانتان بەکاربهێنن و شمشێرەکەتان بوەشێنن، نەک چەند تاکێک یان گرووپێک یاخود چینێک- بەتایبەتی کە هێشتا لە سەرەتای ڕێگاکەدان و پێویستیتان بەهەموو هاوەڵێک هەیە. ئەمەش لە ڕێگەی گوێزانەوەی بەڕێوەبردنی دەوڵەتەوە بۆ لیژنەکانی ڕەعیەت و هەڵوەشاندنەوەی کارگێڕیی تەقلیدی، کە خۆی لە دامەزراوە دەستورییەکان و حکومەتە تەقلیدییەکاندا دەبینێتەوە. ئـەوەی جیهـان لـە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا، لە باکوورەوە بۆ باشوور، پیادەیدەکەن. بەو جۆرەش ڕەعیەت بە شیرەخۆرە، منداڵ، مێرمنداڵ، لاو، پیاوانـی نەخوێنـدەوار و خوێنـدەوار، ژنانی

نەخوێندەوار، پیرو پەککەوتەکانیەوە دەبنە حوکمڕان و کارگێڕ و کاروبارەکان ڕاییدەکرێن و خۆشڕەوییەکان دێننەئاراوە.

گەورەم پێویستە ئەو مۆدێلە سیاسیانە ڕیسوابکەن کە لە ڕابردوودا حوکمیانکردوە، وەک عەشایەری، دیکتاتۆری، کۆماری، لیبرالی، دیموکراسی، ئۆلیگارشی، کۆمونیستی، کۆلۆنیالی، ڕاستڕەو، چەپڕەو، سەرووخواز و خوارووخواز. هەروەها مایەپوچیی ئەو مۆدێلانە ڕابگەیەنن، هەتاکو ڕێگە بۆ مۆدێلە نوێکەی خۆتان و ئەو بیرۆکە پێشڕەوانەتان خۆشبکەن کە دەبنە مایەی لەناوچوونی گشت شێوازەکانی چەوساندنەوە و ئامێرەکانی، وەک سوپا، ئاسایش، حیزبەکان، ڕێکخراوەکان، سەندیکاکان، دامەزراوە سیاسی و دەستوورییەکان، کە هیچ ماناو تامێکیان نییە.

□ گەورەم پێویستە کارگێڕییەکەتان- کە خۆی لە وەزارەتەکان و وەزیرەکاندا دەبینێتەوە- وەک ڕۆژگاری «پیاوچاکانی پێشوو» بن کە وەزارەت و وەزیرەکان دەسەڵاتپێدراوبوون نەک جێبەجێکار، هەتاکو بتوانن وەک چنگی باز بەسەر چێرگ(١)ەوە جڵەوی حوکمڕانی بکەن. بەوپێیەی وەزارەتی دەسەڵاتپێدان خۆبەدەستەوەدانە بۆ فرمانی ئێوە و ملکەچییە بۆ ئێوە، لەکاتێکدا وەزارەتی جێبەجێکردن ئەو وەزارەتەیە کە مورتەزەلە داوایدەکەن. ئەوەش وەزارەتێکە لەوانەیە لە دەستوور، یان حیزبەکان، یاخود ئایدیۆلۆژیایەکی

دیاریکراوەوە دەسەڵات وەربگرێت، کە وەک پێشینە دەریانخستووەو نوێگەرەکان باسیانکردوە و بیریارە سیاسییەکانی وەک ئەبی حەسەن ماوەردی(٢) و ئەوانیتر بایەخیان پێ داوە، جێی ڕەزامەندیی ئێوەو شایستەی ئێوە نییە.

☐ گەورەم هەندێک لە سیاسییەکانی فەرمانڕەواییەکەتان کۆششدەکەن بۆ چەکداربوون بە فیکر و فەلسەفە، هەندێکیان دەستدەدەنە نووسینی کتێب دەربارەی سیاسەت، فەلسەفەی سیاسی، مێژوو، فەلسەفەی مێژوو و لە نووسینەکانیاندا چەغت لەسەر سەردەمی نوێ دەکەنەوە، هەتاکو ببنە بڕیارساز و بەشداریی لە دەسەڵاتدا بکەن و ببنە بەشێک لە دەستەکەتان و یەکێک لە ئێسقانەکانی ملتان. گەورەم داناییە هەریەکێک لەوانە لەناوبەریت کە دەردەکەوێت و بەناوبانگ دەبێت، یان وای لێ دێت ڕۆشنایی بەرێت، ئەگینا لە داهاتوودا دەبنە ئەڵتەرناتیڤ، بەڵام ئەگەر ڕۆژگار وەرچەرخا و خەڵک ڕابوون، ئەوا کەس سڵیان لێ ناکاتەوە.

☐ گەورەم پێویستە سوڵتان چەند بۆی دەکرێت دامودەزگاکانی حکومەت قەبەبکات، هەتاکو خەڵک و چینی ناوەڕاست- کە زۆربەیان فەرمانبەری حکومەتن - هەستبکەن سوڵتان کانگای خێروبێر و سەرچاوەی ڕزقیانە و ئەو لە برسێتی ڕزگاریاندەکات و ڕووتەکانیان پۆشتەدەکاتەوە و لە دوورەوەڕا ترسیان دەگۆڕێت بۆ دڵنیایی و سەلامەتیی حکومەت و دەوڵەت و حوکمڕانی و

پاراستن لە سەلامەتیی ئەوانەوەیە. هەروەها هەموو ئەو بانگەوازە چەپڕەو و ڕاستڕەو و میانڕەوانەی هەوڵدەدەن حوکمڕانی و وڵات تێکبدەن و دەستدرێژی بکەنە سەر حورمەتی سامان، لەکۆتاییدا نانبڕین و ئابڕوبردن چارەنووسی هەزاران فەرمانبەرەی حکومەتە.

□ گەورەم مورتەزەلە - ئەگەر هەبن - بەردەوام داوای ئەوەت لێ دەکەن گۆڕانکاری لە کارگێڕیدا بکەن و خوێنی نوێ و ڕووخساری نوێی پێ ببەخشن. مەبەستی ئەوانیش لە خوێنی نوێ و ڕووخساری نوێش، خوێن و ڕووخساری مورتەزەلەیە. بۆیە گەورەم ژیرییە وەڵامتان بۆ ئەوانە ئەمە بێت:

**بۆچی لەخۆتانەوە دەستپێناکەن؟**

چونکە زیاتر لە بیست ساڵە سەرۆکی حیزبی سۆشیالیستی هەر خۆیەتی و نەگۆڕاوە، چەندین ساڵی دووردرێژیشە ئەندامانی سەرکردایەتیی حیزبی دیموکراتی هەر خۆیانن و ناگۆڕێن.

گەورەم خوێنی نوێ هەمیشە مانای جەردەی نوێ و برسیی نوێیە، کە دێن بۆ پڕکردنی ورگی برسی و گیرفانی بەتاڵی خۆیان.

گەورەم ئەو گرووپە کارگێڕییەی ئێستا لەبەردەستاندان وەک ئەمانە وان، بەڵام دزیی خۆیان کردووە و تێربوون، بەڵام ئەوەی پاش ئەوان دێت دێوێکی برسییە و سەرلەنوێ دەست بە دزی دەکات، هەتاکو تێردەبێت، ئەمەش دانایی نییە.

عەلیی کوڕی ئەبی تاڵیب، خوا پایەبەرزی بکات، وتویەتی:

**داوای چاکە لەو ورگانە بکەن کە تێربوون و دواتر برسیبوون، چونکە چاکە تیایاندا دەمێنێتەوە. داوای چاکە لەو ورگانە مەن کە برسیبوون و دواتر تێربوون، چونکە چروکی تیایاندا بەردەوامە.**

کەواتە گەورەم چاکترە ئەو کۆنە بپارێزن کە تێربووە و ورگی خۆی پڕکردووە، لەوکاتەدا نەبێت کە گەورەم بەرژەوەندییەکی سیاسیی هەیە لە گۆڕانکارییدا، ئەو گۆڕانکارییەی حوکمڕانی دەپارێزێت و پشتگیریی شکۆمەندی دەکات.

□ گەورەم تاوناتاوێک گوێتان لە مەراییەکانی هەندێک کەسی ڕەسمی (٣) و حیزبی (٤) دەبێت، کە باسی ئەوە دەکەن دەوڵەت و کارگێڕی هەیبەتیان نەماوە و دەبێت سەرلەنوێ هەیبەتیان بۆ بگێڕرێتەوە. بۆ ئەمەش پێویستە پشت بە سەربازەکانی سوپا ببەسترێت و پۆستی کارگێڕییان پێ بدرێت، هەتاکو دەوڵەت هەیبەتی لەدەستدراوی خۆی لەسایەی لاوازیی کارگێڕە مەدەنییەکانی وەزارەتەکان و وەزیرەکاندا بەدەستبهێنێتەوە.

گەورەم ئاشکرایە مەبەستی ئەمجۆرە داواکارییانە، گۆڕینی ژیانی مەدەنییە بە ژیانی سەربازی. ئەمەش ئەوەندەی بۆ حوکمڕانی و ڕژێم مەترسیدارە، بۆ نیشتمانیش مەترسیدار نییە.

«پیاوچاکانی پێشوو» وریابوو بەرامبەر بەم

لایەنــە زینــدووە. بۆ نموونە، عەباسییەکان بەپێی ئامۆژگاریی بیریار و فەیلەسووفی سیاسی عەبدوڵڵای کوڕی موقەفەع ئەفسەرەکانیان لەوە دوورخستەوە دەستبخەنە ناو کاروباری باجەوە، چونکە ئەو فەیلەسووفە پێیوابوو جڵەوکردنی باج لەلایەن سوپاوە- کە هاوکات لایەنێکی سیاسی و ئابووریی هەیە- دەشێت ببێتە هۆی خوڵقاندنی دەستەگەریی ئابووری، دەشــێت دواتــر ئەمــەش بگۆڕێــت بۆ دەستەگەرییەکی سەربازیی سیاسی، کە گەمەکەی کودەتاکان و زمانەکەی بەیاننامەکان دەبێت.

**چونکە ئەوەی پارەی بەدەستەوە بوو، دەستدەگرێت بەسەر تەختی پاشایەتیدا.**

کەواتە گەورەم با هەمیشە ڕێبازتان دوورخستنەوەی ســوپا بێت لــە ســیاســەت و گیرکردنی بێت لە سەربازگەکاندا، هەتاکو تامی ژیانی مەدەنیانەی خۆش و شیرین نەکەن، ئەگینا لە تەختی پاشایەتییەکەتدا چاوچنۆکێک دەبێت و بۆ کورسییەکەت کۆششکارێک لەئامادەبێت و وڵاتەکەتــان وەک بــاری سوریای ساڵەکانی چل و پەنجا و شەستەکانو باری عیراقی شەست و حەفتاکان و جەزائیری شەستەکان و وڵاتە عەرەبییەکانی تری لێ دێت، کە بەئاگری کودەتاکان و بەیاننامەکانی ڕادیۆکان سوتان.

ئەو بانگــەوازانەی ســوپا، بــۆ بەدەستەوەگرتنی کارگێڕی، هەوڵــدانی هەندێک ســیاســەتمەدارە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات لەسەر پشتی زرێپۆشەکانەوە،

پاش ئەوەی سەرکەوتوونەبوون لە گەیشتنە دەسەڵات لە ڕێگەی سیاسەتەوە.

 گەورەم پێویستە سوڵتان بەپێی توانا هەوڵبدات بۆ ئەوەی دەوڵەت خاوەنی گشت ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بێت، وەک چۆن خاوەنی گشت دامودەزگاکانی حکومەتە، جا ئەو دەوڵەتە سوشیالیستی بێت یاخود نا. چونکە بەوە سوڵتانی گەورەم لایەنگیریی چینی کرێکار و ڕەنجدەران بەدەستدێنێت، کە سەرچاوەی خراپەکارییەکانن لە هەموو ڕۆژگارێکدا. هەروەها کرێکاران دەبنە کارگوزارەکانی سوڵتان، پاش ئەوەی کارگوزاری بزنزمانە گەورەکان بوون و وەلای مسۆگەر و ئامادەی ئەوان بۆ سوڵتان دەبێت.

## پەراوێزەکان

١- چێرگ باڵندەیەکە لە بیابانی عەرەبدا زۆر خەڵک دەچنە ڕاوکردنیان بەهۆی بازەوە.

٢ - ماوردی، یاساکانی وەزارەت و سیاسەتەکانی فەرمانڕەوایی، ل٢٠٩.

٣ - لەوانە عبدالهادی المجالی، سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەردون لە ساڵی ١٩٩٩دا.

٤- لەوانە عادل حسین، سکرتێری گشتیی حیزبی کاری میسرِی لە ساڵی ١٩٩٩دا.

بڕوانە ڕۆژنامەی (القدس العربی)ی لەندەنی ١٩٩٩/١٠/٢، لاپەڕەی بەدواداچوونی سیاسی.

# (١٠)
# دەربارەی سوپا

**سوپاکەم پەرلەمانەکەمە.**

جەمال عەبدولناسرٍ

□ گەورەم سوپا لە جیهانی عەرەبدا پارێزەری فەرمانڕەوایی و بەرگرتن، بۆیە گەورەم هەمیشە سوپا لە لوتکەی بایەخپێدانەکانی خۆتاندا دابنێن و با هەمیشە بەو شێوەیە بێت کە یەکێک لە حوکمڕانـــە هاوچەرخـــەکانی عـــەرەب دەریبڕیوە: «**ڕۆشـــنایی چـاو**»، کە لەبەرچاوتان ون نابێت و لەئاستیدا چاو نانوقێنـــن.

کەواتە گەورەم ئاگاداربن فەرامۆشی نەکەن و ئەوەتان وەبیربێتەوە کە لە میسرٍ، سودان، عیراق، سوریاو ئەردون ڕوویدا، کاتێک سوڵتان سوپای فەرامۆشکرد و سەربازەکان دەوڵەتیان بە گونییە پێچایەوە.

بۆیە گەورەم هەمیشە بایەخ بە سوپا بدەن و سەرباز و ئەفســـەر و ســـەرکردەکانی بە دیارییە گرانبەهاکان و خەڵاتە زۆروزەبەندەکان ڕازیبکەن و دەرفەتی خوێندنی بێوێنە بۆ منداڵەکانیان بڕەخسێنن، تەنانەت ئەگەر گێلیش بوون و ئەو بەربژێرییانەیان بدەنێ کە نەتان داوە بەوانیتر. هەروەها گەورەم هەمووشتێک بکەن کە لەتوانادایە بۆ ئەوەی تاکەکانی سوپا ژیانێکی خۆشیان

هەبێت و بەئاسوودەیی و نازداری ژیان بەسەربەرن، نەک تەنیا لەبەرئەوەی ئەوانە لە ڕۆژگاری جەنگدا قەڵغان و پارێزەرانی نیشتمانن و خوێنی خۆیان بۆ پاراستنی دەبەخشن و دەکەنە قوربانی، بەڵکو لەبەرئەوەی ئیمڕۆ سوپا لە جیهانی عەرەب و جیهانی سێیەمدا سەرچاوەی خراپەکارییەکانە و دەبێت وریایی لەبەرمبەری نیشانبدرێت.

سوپا لە جیهانی عەرەبدا و لە پەنجاکانی ئەم سەدەیەوە بۆتە قوتابخانەی پێگەیاندنی سیاسەتمەدارە کودەتاخوازەکان و حوکمڕانە سەرچڵەکان. بڕوایەک لای لاوانی عەرەب دروستبووە، ئەوەی بیەوێت حوکمڕانێکی تەمەن درێژ بێت لە حوکمڕانیدا، ئەوا ئەوە بە خوێندنی زانستە سیاسییەکان لە زانکۆ دێرینەکاندا یان خوێندنی یاسا و چوونە نێو حیزبی زۆرینە و بڕینی پێپلیکەکانی ئەم یان ئەو حیزبە هەتاکو بوونە سەرۆکی شایستەی زۆرینەی پەرلەمانی و دواتر حوکمڕانیکردن بۆ ماوەیەک یان دوانی سەرۆکایەتی بەدەست نایەت، بەڵکو بڕوانامەی خوێندنی ناوەندی و چوونە قوتابخانەی سەربازی و بڕینی پلەکان هەتاکو ڕەخسانی دەرفەت بۆ داگیرکردنی ئێستگەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕاگەیاندنی بەیاننامەی ژمارە یەک بەسە. ئەمە کورتترین ڕێگەیە بۆ گەیشتنە کورسیی حوکمڕانی و بەدەستەوەگرتنی ئایندە.

گەورەم ئەگەر زەید سەربازی نەبوایە، چۆن دەیتوانی بەو خێراییە بگاتە کورسیی دەسەڵات،

ئەمەش لەکاتێکدا تەمەنی ٣٥ ساڵان بوو، هەروەها چۆن دەیتوانی دە یـان بیسـت یاخود سـی ساڵ لە حوکمڕانیدا بمێنێتەوەو دواتریش حوکمڕانی بۆ وەچەکان یان هاوەڵانی خۆی جێبهێڵێت، لەکاتێکدا ئەو لە ژیانیدا کتێبێکی نەخوێندبۆوەو دەرگایەکی بۆ ڕووناکی نەکردبۆوە؟

گەورەم ئەگەر عەمرو سـەرباز نەبوایـە، چۆن دەیتوانـی بـە چاوتروکانێـک بگاتـە کورسـیی سەرۆکایەتی، لەکاتێکدا ئەو دوێنێ ئەفسەرێکی دۆڕاو بوو نەیدەتوانی سەرکردایەتیی دە مریشک بکات، ئەی چۆن دەیتوانی سەرکردایەتیی تەواوی میللەتێک بکات و سامانێکی بێشومار بەڕێوەبەرێت، کە پێویستی بە گەورەپیاوانی بیر و سیاسەت و ئابووری هەیە بۆ بەڕێوەبردنی بەشێوەیەکی دانایانە؟

گەورەم هیچ حیزبێک نییە لە جیهانی عەرەبدا سەرکردەکانی توانیبێتیان بگەنە کورسیی دەسەڵات، لەبەر بێدەرەتانیی حیزبە سیاسییەکانی عەرەب و بۆشی و گوتارە سیاسییە ڕۆمانسییەکانیان، کە نە کەسـێک قەڵەودەکـات و نە برسـییەک تێردەکات. لێرەوە حیزبە سـییەکان و سەرکردە نەرمونیانەکانی مەترسییان نییە، بەڵکو هەڵگرانی تفەنگ و گورگەکانی خەندەقەکان مەترسییان هەیە، کە چاویانبڕیوەتە ئاڵتون و کورسیی دەسەڵات. بەتایبەتی کە سوپا لە داهاتوودا دەبێتە «خواردن و لەوەڕگە و بێکاری»، چونکە پاش سازشی سیاسی لەگەڵ ئیسرائیل هیچ

جەنگێک لە داهاتوودا ڕوونادات. تەنانەت پێش ئەو سازشە جەنگەکان مایەی دڵەڕاوکێ نەبوون، لەبەرئەوەی هیچ سوپایەکی عەرەبی نەچۆتە جەنگێکەوە لەگەڵ دوژمندا و لە ڕووی سەربازییەوە سەرکەوتنێکی براوە بەدەستبێنێت، جگە لە سەرکەوتنە ڕاگەیاندنکارە درۆزنە بێشومارەکان.

# زنجیرە کتێبی گیرفانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

| ناوی کتێب | نووسینی | وەرگێڕانی |
| --- | --- | --- |
| ١-ژن لە شیعر و ژیانی مندا | نزار قەبانی | جەمال غەمبار |
| ٢-نیچە | پۆڵ ستراتێرن | ئازاد بەرزنجی |
| ٣-سوڕی مانگانەی ژن | مارتن لۆدڤیك | ئەکرەم قەرەداغی |
| ٤-دیکارت | پۆڵ ستراتێرن | ڕەئوف بێگەرد |
| ٥-بیری ئایینی کۆن لە ... | د. تەقی دەباغ | یاسین عومەر |
| ٦-ڕێبازەکانی ڕەخنەی ئەدەبی | دیاینی. دەچز. ئبرامز | عەتا قەرەداداخی |
| ٧-ئایین و کەسایەتی | ل. پاڵس | ئاوات ئەحمەد |
| ٨-هەشت نامە | گۆنتەرگراس- کینزابۆرۆئۆ | شۆڕش جوانڕۆیی |
| ٩-ئانارشیزم | د. مستەفا ڕەحیمی | ڕێباز مستەفا |
| ١٠-کۆمارە کوردییەکەی مەهاباد | ئارچی ڕۆزفڵت | ئەکرەم قەرەداخی |
| ١١-دەربارەی دیالێکتیکی.. | موراد فەرهاد پوور | بەختیار سەجادی |
| ١٢-پۆزش | ئەفلاتون | ئاوات ئەحمەد |
| ١٣-ئاوابوونی هزرە تۆباوییەکان | ئایزایا بەرلین | کامیا محەمەد |
| ١٤-هونەری نیگارکێشان.. | شمیدت دیجینەر | وەهبی ڕەسوڵ |
| ١٥-چامەی پەخشان | سۆزان بیرنار | سەلاح محەمەد |
| ١٦-ئایین، عەلمانییەت.. | محەمەد ئەرکۆن | شوان ئەحمەد |
| ١٧-سارتەر | پۆڵ ستراتێرن | ئازاد بەرزنجی |
| ١٨-چۆن دەبیت بە باشترین هاوڕێی خۆت | میلدرید نیومان بێرنارد بێرکۆتس | شێرزاد حەسەن |
| ١٩-کورد و زمانی کوردی | تۆفیق وەهبی | عەزیزگەردی |
| ٢٠-ئەنتۆنین ئارتۆ و شانۆی | جەلال ستاری | پێشڕەو حسێن |
| ٢١-پاسکاڵ | ئاندرێ کریسۆن | سامان عەلی |
| ٢٢-کافکا | سادقی هیدایەت یوسف حاجی میرزا | محەمەد کەریم |
| ٢٣-لە نێوان بلیمەت و شێتیدا | هاشم ساڵح | نەوزاد ئەحمەد |
| ٢٤-مرۆڤ لە ڕوانگەی فرۆیدەوە | قاسم حسێن ساڵح | عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا |
| ٢٥-جیهانی ئیمپریشێنیزم | هانز خافێ | ئیسماعیل حەمەئەمین حەمەی ئەحمەد ڕەسوڵ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٦–له "نیویۆرگ"ەوە تا "کابول" | یوسف ئەبازەری | مەنسور تەیفووری |
| | موراد فەرهاد پوور | فەرهاد ئەمین پوور |
| ٢٧–مۆدێرنە و ڕاسیزم | جۆرج تەرابیشی | شوان ئەحمەد |
| ٢٨–پاش بونیادگەری | تێری ئیگلتۆن | سەلاح حەسەن |
| ٢٩–فەلسەفەی خۆراوایی | | ئاوات ئەحمەد |
| ٣٠–مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە | پیتەر کریستو | شۆڕش جوانڕۆیی |
| ٣١–فەلسەفەی ناتوندوتیژی | دێڤید مەکرینۆڵدز | کامیل محەمەد قەرەداغی |
| ٣٢–شێرە کولەی ئاسنین | سەلیم بەرەکات | عیسا چیایی |
| ٣٣–جیهانی سێیەم و گەڕان.. | | د. هیمدادی حوسێن |
| ٣٤–فەرهەنگی فیلمۆگرافیک | یون کارنبێرگ | ئاوات عەبدوڵلا |
| ٣٥–بەرگریکردن لە ڕۆشنبیران | ژان پۆڵ سارتەر | دلاوەر عەبدوڵلا |
| ٣٦–چۆن ڕۆمان دەنووسرێ؟ | گابریل گارسیا مارکیز | ڕەووف بێگەرد |
| ٣٧–کورتەیەك لە بارەی ... | لین ئۆلنبیرند– لیزلی لویس | سەلاح عومەر |
| ٣٨–کیرکەگۆر | پۆڵ ستراتێرن | ئازاد بەرزنجی |
| ٣٩–ئینتەرنێت | ناتق الخلوصي | ئەکرەم قەرەداخی |
| ٤٠–فەرهەنگی سۆفیا | ئۆتە بیوهمە | بەهرۆز حەسەن |
| ٤١–دیاردەی گەندەڵی | د. ناسر عوبەید ئەلناسر | هەڵکەوت عەبدوڵلا |
| ٤٢–بێگومان، تۆ ئەتوانیت! | لاش– ئێریك ئونیستۆڵ | عەبدوڵلا تۆفیق |
| ٤٣–نیچە | | شوان ئەحمەد |
| ٤٤–گوڵی بیابان | واریس دیری | زۆراب |
| ٤٥–هونەری نواندن | ریچارد بۆلسلافسکی | نەجمەدین ئەسعەد |
| ٤٦–جیمس جۆیس | ج. ئی. م. ئستێوارت | عەتا نەهایی |
| ٤٧–بایەکانی کوردستان | د. محەمەد موکری | د. موحسین ئەحمەد |
| ٤٨–کاریگەری گۆرانی ..... | میشێل لیزینبێرگ | عەزیز گەردی |
| ٤٩– شیکردنەوەی دەروونی | تیری ئیگلتۆن | سەلاح حەسەن |
| ٥٠– شانۆی ڕەش | ئەسگەر هولگۆو | ئازاد مەولود |
| ٥١–کازانتزاکیس | یۆرگۆس ستاسیناکیس | ئازاد بەرزنجی |
| ٥٢–بونگەرایی فەلسەفەی مرۆڤایەتیە | جان پۆل سارتەر | رۆشنا ئەحمەد |
| ٥٣–کتێبی پرسیارەکان | د.گریگۆری شتۆك | زانیار فایەق سەعید |
| ٥٤–دەروازەیەك بۆ هزرنامەی لویس ئەڵتۆسێر | برتراند ئوجیلفی | سایر رەشید |

| | | |
|---|---|---|
| ٥٥– مرۆڤ ئازادیی خۆی فرۆشتووە | کریشنا مۆرتی | یاسین عومەر |
| ٥٦–میدیای ئینتەرنێتی و گرفتە یاساییەکانی | سامان فەوزی | هونەر رەسوڵ |
| ٥٧–شانۆی فەرەنسی | ئەندرێ لاگارد–لۆرانت میچارد | جەلال حەمید |
| ٥٨–شیعری قەرەج | هانزیکون فویکت | هەورامان وریا قانیع |
| ٥٩– ١٨سەعات لە ژیانی مستەر بلووم بە (٥٤) دەقیقە..! | جیمس جۆیس | مەحمود زامدار |
| ٦٠–تیرۆریزم | بروس هۆفمان | ئاوات ئەحمەد |
| ٦١–ساموئێل بیکیت | | شۆڕش محەمەد حسێن |
| ٦٢–دەروازەی خۆناسین | | هەڵکەوت عەبدوڵڵا |
| ٦٣–سۆسیۆلۆژیا لای کارل مارکس و ماکس ڤێبەر | د.ئیحسان محەمەد ئەلحەسەن | دانا مەلا حەسەن |
| ٦٤– دەروازەی رۆژنامە نووسی | رەزا حاجی ئابادی | کارزان محەمەد |
| ٦٥–ژیاننامەی گەورە موزیسیانەکان | ئەبیان ودوارد | زۆزک قەرەداغی |
| ٦٦–ئیسلام و گلۆباڵیزم | د.محەمەد ئارکۆن | نەوزاد ئەحمەد |
| ٦٧–لە ژێر ئاسمانی شیعردا | | عیسا چیایی |
| ٦٨–فەیلەسوفی هۆڵی هەشتەم | هاشم ساڵح | هەڵکەوت عەبدوڵڵا |
| ٦٩–بنچینەکانی وەرگێران | کۆمەڵێ نووسەر | قادر وریا |
| ٧٠– دریدا ، رەخنە لە .... | | عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا |
| ٧١–گفتوگۆیەک لەگەڵ هایدیگەردا | | د.محەمەد کەمال |
| ٧٢–ئەنترۆپۆلۆجیای پزیشکی | د.مەجید حەمید عارف | غازی عاصی محەمەد |
| ٧٣–جگەرەکێشان | د.عادل هادی | دڵنیا عەبدوڵڵا |
| ٧٤–عەلمانییەت و ئسولیەت | عەفیف ئەخزەر | شوان ئەحمەد |
| ٧٥–نیتشە و فێمینیزمی هاوچەرخ | نوشین شاهندە | محمد کەریم |
| ٧٦–ئەنشتاین | پۆل ستراتێرن | صەباحی مەلا عەولا |
| ٧٧– رەهەندە مرۆییەکان لە موزیکی بتهۆڤندا | غانم ئەلدباغ | زۆزک قەرەداغی |
| ٧٨– میتۆدی دیالکتیکی...... | د. زەکەریا ئیبراهیم | سامان عەلی حامید |
| ٧٩– پەککەوتنی سێکسی.... | د.لەیلا قەدوح | ئەکرەم قەرەداخی |
| ٨٠– ڕێبازەکانی ڕەخنە | ئایان ماکلین | عەتا قەرەداخی |
| ٨١–بەرگریکردن لە مافەکانی ژن | ماری ولستونکرافت | سۆزان جەمال |
| ٨٢–ئەنترۆپۆلۆژیا چییە؟ | د.قەیس ئەلنوری | سۆران قادر |
| ٨٣–مافە مەدەنییەکان | ئەندرۆ ئۆڵتمان | ئومێد فایەق قەرەداغی |

| | | |
|---|---|---|
| ٨٤–هەواڵو هەواڵ نووسین | د.یونس شوکرخوا<br>د.حسێن قەندی<br>د.نەعیم یەدیعی | کارزان محەمەد |
| ٨٥–پیکاسۆ | گێرترۆد ستێین | زاگرۆس زەردەشتی |
| ٨٦–ئاشنابوون بە فیمینیزم | | عەزیز رەئووف |
| ٨٧–دیموکراسی و کۆمەڵگەی شلرستانی | سەنا فوئاد عەبدوڵلا<br>بورهان غلیون | هەڵکەوت عەبدوڵلا |
| ٨٨–رەخنەو حەقیقەت | رۆلان بارت | پێشڕەو حسێن |
| ٨٩–عەقڵی شیعری | خەزعەل ئەلماجدی | عەبدولموتەلیب عەبدوڵلا |
| ٩٠–رەگ و ریشەکانی ناسیۆنالیزمی تورکی | د.قەیس جەواد ئەلعەزاوی | د.موحسین ئەحمەد عومەر |
| ٩١–وەرزێك لە دۆزەخ | ئارسەر رامبۆ | کەریم دەشتی |
| ٩٢–ئیمەی ژنان | ئیدیس سوێدیگران | عەبدولکەریم حەمید عەبدولکەریم |
| ٩٣– پۆڵ ریکۆر | | ئەحمەد رەزا |
| ٩٤– دیموکراسی | فالح عەبدولجەبار | کامیل محەمەد قەرەداخی |
| ٩٥–جۆرج تەرابیشی | هاشم ساڵح | شوان ئەحمەد |
| ٩٦–غەزەلی غەزەلەکانی سولەیمان | | بەیان عەزیزی |
| ٩٧–ماکیاڤێللی و ماکیاڤێللیزم | د. رامین جهانبگلو | نەوید مێهراوەر |
| ٩٨–ژن و توندوتیژی | | کنێر عەبدوڵلا |
| ٩٩–رۆمان و واقیع | | سەلاح عومەر |
| ١٠٠–رۆژنامەوانی ئەلکترۆنی | د.نەعیم بەدیعی | کارزان محەمەد |
| ١٠١–هاوسەرگیری بە زۆر یان ..... | | هاوژەم حەمە ساڵح |
| ١٠٢–ئیبن خەلدون و ئۆگست کۆنت | د.ئیحسان محەمەد | دانا مەلا حەسەن |
| ١٠٣– ژن ، دەق ، فەتوا ....... | | عەزیز رەووف |
| ١٠٤– عێراق و کورد | | د. عەباس مستەفا |
| ١٠٥– نوێکردنەوەی ئەقڵی عەرەبی | ئەدۆنیس | نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد |
| ١٠٦– ئێمەو مۆدێرنیتە | داریوش ئاشووری | فەرشید شەریفی |
| ١٠٧–تورگنیف ئیڤان سەرگیڤیچ | | ئیبراهیم ئەحمەد حسێن |
| ١٠٨–توندوتیژی دژی ژنان ، میسر، ئەردەن، سوریا ، لوبنان، فەلەستین | د. هیفاء ابو غزاله | کنێر عەبدوڵلا |
| ١٠٩– دیوی ناوەوەی خەیاڵەکانی سەددام | | د.عەباس مستەفا |

| | | |
|---|---|---|
| ١١٠–له گاسنەوە بۆ کۆمپیوتەر | | محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق |
| ١١١– توێژینەوەی سایکۆلۆژی لە داهیچنانی شیعردا | | حەمەی ئەحمەد ڕەسوڵ |
| ١١٢–بنچینەو بەنەماکانی دیموکراسی | | ڕەحمان ئەمیری |
| ١١٣–کۆمەڵگا ڕۆشنگەری توندوتیژی | | هەورامان وریا قانیع |
| ١١٤– گۆگۆل | حەمە کەریم عارف | |
| ١١٥–ڕۆمانە نەمرەکان | شۆڕش محەمەد ئەمین | |
| ١١٦– گێڕانەوەیەکی شیعری لە بەندیخانەی پشووەوە | پاولۆ کۆیلۆ | هیوا قادر |
| ١١٧–چۆن سیناریۆ دەنوسیتەوە؟ | ئەلێکسەندەر ئەستریمسکی | ئازاد کەرکوکی |
| ١١٨–سەرەتاکانی دەروونناسی و پەروەردەناسی | | حەمەی ئەحمەد ڕەسوڵ |

Shakir - al - Nabulsi

# SULTAN

## A Political Guide to Monopolize The Power

Translated by :
Halkaut A bdulla

Pocket Book

دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم
2012